
# ئایینناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و ورزانە دەریدەکات

ژمارە( ٨ )ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤


- مەنهەجی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان
- لە نێوان خوێندنی مزگەوت و خوێندنی مۆدێرندا
- ڕەوشی زانستی و ڕۆڵی قوتابخانە ئایینییەکان لە کوردستانی عێراق
- مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا
- حوجرە و خۆێندنی ئیسلامی

پاشەکشێی حوجرە و خوێندنگـە ئایینییەکان؛ هۆکار و لێکەوتەکان



# وەرزنامەی
# ئایینناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (٨)، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د. سالار تاوگۆزی
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
ئلیاس تاهیر
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژوویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك

## سەروتار


خوێندنی ئایینی وەك بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی.....ئیدریس سیوەیلی | ٥


## توێژینەوە


مەنهەجی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان.....د. عابد پشدەری | ٩

مێژووی حوجرەی نەریتی لە کوردستان و مەنهەجی خوێندن تێیاندا.....د. سالار تاوگۆزی | ٢٣

لە نێوان خوێندنی مزگەوت و خوێندنی مۆدێرندا.....پ.د.ئاراس محەممەد ساڵح | ٤٥

سوننەتی تەشریعی و ناتەشریعی.....د. ئومێد عوسمان کوردی | ٥١


## وەرگێڕان


ڕەوشی زانستی و ڕۆڵی قوتابخانە ئایینییەکان لە کوردستانی عێراق.....وەرگێڕان:ئایینناسی | ٦٧


## گفتوگۆ


د. محەممەد شەریف: ناکرێت هەر کەس بە کەیفی خۆی فەتوا بدات و حوجرەی هەبێت.....سازدانی: ئیدریس سیوەیلی و سالار تاوگۆزی | ٧٩


## مێزگرد


پاشەکشێی حوجرە و خوێندنگە ئایینییەکان؛ هۆکار و لێکەوتەکان.....ئامادەکردنی: ئایینناسی | ٨٩


## بیرمەندان


هەوڵە چاکسازییەکانی کاك ئەحمەدی شێخ لە حوجرە و شوێنکەوتنی ئایینەوە تا بواری کۆمەڵایەتی.....هێمن مەلا کەریم بەرزنجی | ١٠٣
عومەر کەریم بەرزنجی


## ڕانانی کتێب


مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا.....ڕانانی: ئلیاس تاهیر | ١٢١


## زاراوەناسی


حوجرە و خوێندنی ئیسلامی.....ئامادەکردنی: ئایینناسی | ١٣٥

سەروتار



# خوێندنی ئایینی وەك بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی

ئیدریس سیوەیلی

بەدرێژایی سەدان ساڵ خوێندن لە کوردستان لە حوجرە و مزگەوتەکان بوو، کولتووری باوی کۆمەڵگەش بەشێکی ڕەنگدانەوەی ئەو ناوەندە مەعریفییانە و خوێندنە ئایینییەکە بوو، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە وردە وردە خوێندنی فەرمی لە شارەکانی کوردستان بڵاوبووەوە، بەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خوێندنی حوجرە پاشەکشەی کرد، کۆلێجەکانی شەریعە لە زانکۆکان وەکو جێداری ئەو ناوەندانە ئەژمار کران، بێگومان هۆکارگەلێك لە پشت پاشەکشەی خوێندنی حوجرەوە بوو، کە تێکڕا و بە تینی جیاواز ڕۆڵیان بینیوە، ڕەنگە سەرەکیترین هۆکار ئەوە بێت کە خوێندنی حوجرە پێبەپێی سەردەمەکە و ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی سەدەی بیست و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەك بەخۆیەوە بینی نەڕۆیشتووە، نەیتوانیوە خۆی نوێ بکاتەوە و وەکو پێویستییەکی بەردەوامی کۆمەڵگە خۆی نمایش بکات. بەمەش لە هەناوی خۆیدا تووشی جۆرێك لە خۆخواردنەوە و پوکانەوە بووە.

لەگەڵ پەرەگرتنی ڕەوتی ئیسلامی بە ئاڕاستە جیاوازەکانییەوە لە باشووری کوردستان. جێکەوتەی لەسەر خوێندنی حوجرە و ئایینی جێهێشت، بەشێك لە حوجرەکان و خوێندنی ئایینی بە گشتی بەو ئاراستە جیاوازانە کاریگەر بوون، هاوکات پەراوێزخستنی خوێندنی ناو حوجرە و ناوەندە ئایینییەکان لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە

هێندەی تر ڕۆڵی حوجرەکانی لاواز کرد، لەوانەیە بەشێك لە هۆکاری ئەم پەراوێزخستنە بێئاگایی لە کاریگەری ئەو ناوەندانە و خوێندنی ئایینی بێت لەسەر بوونیادی کۆمەڵگە و ئاسایشی نیشتمانیی لە دوورمەودادا.

لە دونیای ئەمڕۆدا زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی دەخوازن بەجۆرێك گرنگی بەو ناوەندە ئایینییانە بدەن کە لەگەڵ دیدگای کۆمەڵگە و ئاسایشی نیشتمانی لە دوورمەودادا تەبا بێت، ئەزهەر لە میسر، کۆلێجەکانی شەریعە لە مەککە و مەدینە، حەوزەی زانستی قوم و نەجەف، هەریەکەیان بەجۆرێك ڕەنگدانەوە و تەریبە لەگەڵ دیدگای ئاسایشی نیشتمانی ئەو وڵاتانە، بۆیە گرنگە لە هەرێمی کوردستان چی تر ئەو ناوەندانە پەراوێز نەخرێن، حوجرەکان و کۆلێجەکانی شەریعە لە زانکۆکان لە ڕێگەی پلانێکی ستراتیجی وەك بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی ئەژمار بکرێن، چاکسازی پێویستیان تێدا بکرێت، مەنهەجی خوێندن تێیاندا بەجۆرێك بێت ڕەنگدانەوەی واقیعی باشووری کوردستان و وەڵامدەرەوەی پێویستییە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بێت لە پێکەوەژیان، لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن.

# توێژینەوەکان

ئایینناسی

# مەنهەجی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان

د. عابد پشدەری

**پێشەکی**

کورد؛ یەکێکە لە گەلە دێرین و ڕەسەنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی زۆرترین کۆژان و جەنگ و ماڵوێرانی بووەتەوە؛ کەچی هەردەم توانیویەتی بەرەنگاری ئاستەنگەکان ببێتەوە و پارێزگاری لە زمان و فەرهەنگ و کولتووری ڕەسەنی خۆی بکات.

لەو چرکە ساتەوەش کە ئیسلام گەیشتووەتە سنووری کوردستان؛ گەلی کورد ئەو ئایینەی قبووڵ کردووە و شانبەشانی گەلانی جیهان؛ ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی گێڕاوە لە بونیادنانی شارستانییەتی ئیسلامی و بەرەوپێشبردنیدا، هاوکات بەشدارییەکی گرنگیشی هەبووە لە خزمەتکردنی تەواوی زانستە شەرعیی و زانستە عەقڵی و لۆژیکییەکاندا. بوونی ئەو هەموو مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقایەش، گەواهی دڵسۆزی و خەمخۆری گەلی کوردە سەبارەت بە ئیسلام.

لەلایەکی دیکەشەوە مزگەوت و حوجرەکان هەتا سەرەتای سەدەی ڕابردووش، تاکە مەڵبەندی زانستی و مەعریفی بوون لە سەرتاسەری کوردستاندا و دەیان زانا و شاعیر و ئەدیب و فەیلوسوفیان پێگەیاندووە و بوون بە چرایەکی ڕوناك و ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی زانست و زانیاریدا.

لە حوجرەکانی کوردستان - شانبەشانی ناوەندە فیکری و مەعریفییەکانی وڵاتانی ئیسلامی وەك میسر، شام، حیجاز و مەغریب؛ تەواوی زانستە ئیسلامییەکانی وەك: نەحو و سەرف، ڕەوانبێژیی، کەلام، فەلسەفە، ژیربێژی-لۆژیك، فیقه، ئوصوڵی فیقه، فەلەکناسی، جەبر و ڕیازیات، تەفسیر و فەرموودە، لە دووتوێی میتۆدێکی چڕوپڕدا

خوێنراون و فەقێ و مەلای کورد ساڵەهای ساڵ تەمەنیان لە خوێندنی ئەم زانستانەدا بەسەر بردوە.

لەبەرئەوە پێویستە ئەوەیش بخەینەڕوو کە پرۆسەی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان بە شێوەی پلەبەندی بووە و هەر زانستە و لە قۆناغێکی دیاریکراودا خوێنراوە، کە سەرەتا بە نەحو و سەرف دەستی پێکردووە و دواتر زانستی ژیربێژی و پاشان هەریەك لە زانستەکانی کەلام و ڕەوانبێژی لە دوا قۆناغەکانیشدا ئوسوڵی فیقهـ؛ خوێندراوە.

وەڵێ ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە زانایانی کورد بایەخی زیاتریان بە خوێندنی زانستە عەقڵییەکانی وەك: ژیربێژی، فەلسەفە و کەلام، داوە، هاوکات لەم بوارەدا زیاتر ڕۆچوون و بەشێکی زۆری نووسین و توێژینەوەکانیان بۆ تەرخانکردووە، لەبەرئەوە زۆرجار پاش خوێندنی ئوسوڵی فیقهـ جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە سەر ئەو زانستانە و سەرچاوە سەخت و قورسەکانیان خوێندوە.

ئەم توێژینەوەیەش ئاوڕدانەوەیەکە لە میتۆد - مەنهەجی زانایانی کورد و هەندێك لەو کتێبانەی لە مزگەوت و حوجرەکانی کوردستان خوێنراون.

**یەکەم: زانستی نەحو و سەرف**[١]

نەحو و سەرف؛ لەو زانستانەیە کە لە حوجرەکانی کوردستان زۆر بەوردی خوێندراوە و کاتێکی زۆی بۆ تەرخانکراوە، بەجۆرێك فەقێ پێنج بۆ شەش ساڵ تەنها سەرقاڵی خوێندنی ئەم دوو زانستە بووە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەحو و سەرف وەك بەردی بناغەی تێگەیشتنە لە تەواوی زانستە ئیسلامیەکان؛ چونکە سەرف کار لەسەر وشەسازیی و نەحویش کار لەسەر ڕستەسازی دەکات، هەرئەوەیش وایکردووە کە یەکەمین قۆناغی خوێندن بۆ نەحو سەرف تەرخان بکرێت، هەتا فێرخواز لە تەواوی بنەماکانی زمانی عەرەبی شارەزایی پەیدا بکات و ئامادە بێت بۆ قۆناغی دووەمی خوێندن کە بە زانستی ژیربێژی-مەنتیق دەست پێدەکات.

لێرەدا ئاماژە بە ناوی هەندێك لەو کتێبانە دەکەین کە لە حوجرەکانی کوردستان مەنهەج بوون و خوێنراون:

**أ. زانستی سەرف**

١. (تصریف الزنجانی) دانراوی شێخ عەبدولوەهابی کوڕی ئیبراهیمی زەنجانی، بە ڕاڤە و لێکدانەوەی هەردوو زانای پایەبەرزی کورد و فارس: سەید پیر خزری شاهۆیی و مەلا سەعدەدینی تەفتازانی.

٢. (تکمیل الزنجانی) لە نوسینی زانای ناوداری کورد، عەلی کوڕی شێخ حامیدی شنۆیی، لەگەڵ پەراوێزی هەردوو زانای مەزنی کورد مەلا عەلی قزڵجی و شێخ عومەری قەرەداغی. ئەم کتێبە وەك تەواوکارییەك وایە بۆ (تصریف الزنجانی)

هەروەك نووسەر لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، سەرەڕای ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی، بەڵام لە نێو حوجرەکانی کوردستان بە (تصریف ملا علی الأشنوی) ناسراوەو هەر بەو ناوەش لە چاپدراوە.

٣. (الشافية) لە نووسینی زانای گەورەی کورد، ئیبنولحاجیبی کوردییە، ئەم کتێبە یەکێکە لە مەتنە کورت و پوختەکانی زانستی صەرف، هەر بەو هۆیەوە چەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی جیا جیای لەسەر نووسراوە، کە لێرە ئاماژە بە هەندێکیان کراوە.

٤. (شرح الشافية) کە بە (سيد عبدالله الصرف) ناسراوە لە نێو زانایاندا، ئەویش دانراوی سەید عەبدوڵڵای حوسەینی نوقرەکارە.

٥. (شرح الشافية) کە بە (کمال) ناسراوە و کەمالەدین موحەممەدی فەسەوی، نووسیویەتی.

٦. (شرح الشافية) کە بە (شرح النظام) ناو دەبرێت لە نووسینی نیزامەدینی نەیسابورییە. ئەم کتێبە یەکێکە لە ناودارترین شەرحەکانی شافیەی ئیبنولحاجیبی کوردی و لە حوجرەکانی کوردستان زۆر بایەخی پێدراوە و بەشێوەی وانە خوێندراوە.

**ب. زانستی نەحو**

١. (العوامل المائة في النحو) دانراوی زانای گەورە عەبدولقاهیری جورجانی، هەرچەندە ئەم دانراوە نامیلکەیەکی بچوکە، بەڵام لە بوارەکەی خۆیدا زۆر بەسود و پڕ مانایە، هەر لەبەر ئەوەیە کە سەرەتای خوێندنی زانستی نەحو لە زۆربەی حوجرەکانی کوردستان بە عەوامیلی جورجانی دەست پێدەکات، تەنانەت تەواوی دەقەکانیشی بە ئیعرابەوە خوێنراون.

٢. (عوامل البركوي) دانراوی زانای دیاری نێو مەزهەبی حەنەفی زەینەدین مەحمودی بورکەوییە، کە ڕاستەوخۆ دوای عەوامیلی جورجانی خوێندراوە، هەندێك جاریش خراوەتە دوای خوێندنی (إظهار الأسرار)، بۆیە هەندێ کاتیش بە عەوامیلی پاڵ (إظهار) نێودەبرێت.

٣. (الأنموذج) دانراوی زانای پایە بەرزی موعتەزیلە جاروڵڵای زەمەخشەرییە، بە ڕاڤە و لێکدانەوەی جەمالەدین موحەممەدی کوڕی عەبدولغەنی ئەردەبیلی.

٤. (إظهار الأسرار) دانراوی زانای دیاری نێو مەزهەبی حەنەفی زەینەدین مەحمودی بورکەوییە، یەکێکە لە کتێبە پوخت و بە سوودەکانی زانستی نەحو بۆیە چەندین پەراوێز و لێکدانەوەی لەسەر نووسراوە، لەوانە: ڕاڤەی ئەیوبی و ئەتەلی و پەراوێزی موقەییەد جوملەسی.

٥. (الفوائد الصمدية في علم العربية) دانراوی زانای ئاینزای شیعە بەهادینی عامیلییە، ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە بە شێوەیەکی زۆر ئاسان

بابەتەکانی زانستی نەحوی شیکردۆتەوەو نوسەر خۆی لە بابەتە کێشە لەسەرەکان نەداوە.

٦. (الكافية) دانراوی زانای گەورەی کورد ئیبنولحاجیبی کوردی، ئەمیش بە هەمان شێوەی (شافیة) پوختەیەکی جوان و نایابە لە زانستی نەحودا.

٧. (الفوائد الضيائية) کە بە (مەلا جامی) ناسراوە، دانراوی زانای گەورەی سۆفیزم عەبدولڕەحمانی جامییە، ئەم کتێبە یەکێکە لە ڕاڤە و لێکدانەوە هەرەدیارەکان کە بۆ کافیەی ئیبنولحاجیب کراوە، هاوکات بە یەکێك لە سەرچاوە سەختەکانی زانستی نەحو دادەنرێت لەڕوی دەق و داڕشتنەوە، بەدیاریکراوی بابەتی (حاصیل و مەحصول)، تەنانەت هەندێك لە زانایان پەرتوکی سەر بەخۆیان نووسیوە بۆ شیکردنەوەی ئەو دوو بابەتە، بۆیە هەندێکجار فەقێ زیاتر لە ساڵێك سەرقاڵی خوێندنی ئەم کتێبە بووە.

٨. (المطالع السعيدة في شرح الفريدة) لە نووسینی زانای گەورەی جیهانی ئیسلامی و نەحووزانی بە توانا جەلالەدینی سیوتییە.

٩. (البهجة المرضية في شرح الألفية) لە نووسینی زانای گەورەی جیهانی ئیسلامی و نەحووزانی بە توانا جەلالەدینی سیوتییە، کتێبی نێوبراو لە بنەڕەتدا ڕاڤە و شیکردنەوەیە بۆ ئەلفیەی ئیبنو مالك کە لە (١٠٠٠) قەسیدە پێکهاتووە و دەبوایە تەواوی بەیتەکان لەبەر بکرێن.

١٠. (مغني اللبيب عن كتب الأعاريب) دانراوی زانای گەورەی نەحووزانی جیهانی ئیسلامی ئیبن هیشامە، کە یەکێکە لە سەرچاوە دیارەکانی زانستی نەحو هاوکات زۆر بە چڕوپڕی بابەتەکانی شیکردۆتەوە، هەروەك لە ناونیشانەکەیشیەوە دەردەکەوێت فێرخواز بێنیاز دەکات لە سەرچاوەکانی دیکە.

## پرۆسەی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان بە شێوەی پلەبەندی بووە و هەرزانستە و لە قۆناغێکی دیاریکراودا خوێنراوە

**دووەم: فیقهی ئیسلامی**[٢]

شانبەشانی خوێندنی زانستەکانی نەحو و سەرف، فیقهی مەزهەبی شافیعیش خوێندراوە و کتێبە فیقهیەکان بەشێکی گەورەی مەنهەجی خوێندن بوون لە حوجرەکانی کوردستاندا، ئەمەیش ناوی هەندێك لەو سەرچاوانەیە کە لەو سەردەمەدا خوێنراون.

١. (التقريب) لەدانانی ئەحمەدی کوڕی حوسەینە، کە بە ئەبو شوجاع ناسراوە، بە ڕاڤە و لێکدانەوەی شەمسەددین موحەممەدی کوڕی قاسمی غەززەیی بەناوی (فتح القريب المجيب في شرح ألفاظ التقريب)، ئەم کتێبە دەستپێکی

خوێندنی فیقهی شافیعییە لە حوجرەکانی کوردستان و دەکرێت بڵێین پوختەیەکی جوانی فیقهی مەزهەبی پێشەوا شافیعی، لەخۆگرتوە.

٢. (منهاج الطالبين وعمدة المفتيين) دانراوی زانای گەورەی ئیسلام پێشەوا نەوەوییە. دەکرێت بڵێین ئەم کتێبە پوختەی تەواوی فیقهی مەزهەبی شافیعی لەخۆگرتووە، هەر ئەمەیش وایکردووە بەشێکی زۆر لە زانایانی هەمان مەزهەب-ئایینزا نووسینەکانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکانی، لەوانە: خەتیبی شەربینی، شەمسەدینی ڕەمەڵی، ئیبن حەجەری هەیتەمی و ... چەندانی تر.

٣. (الأنوار لأعمال الأبرار) لە نوسینی زانای گەورە یوسفی کوڕی ئیبراهیمی ئەردەبیلی، ئەم کتێبە گرنگی زۆری پێدراوە لە نێو زانایانی کوردو زۆر جار وەك سەرچاوەی فەتواش بەکارهێنراوە.

٤. (فتح المعين بشرح قرة العين بمهمات الدين)، ئەم کتێبە کە لە مەتن و شەرح، پێکهاتووە. هەردوکیان دانراوی زەینەدین ئەحمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی میلیباری هیندیە، عوسمانی کوڕی موحەممەد ناسراو بە بەکری دیمیاتییش پەراوێزێکی بە پێزی بۆ نووسیوە و هێندەی نەخایاند ناوی دەرکردووە و بەنێو قوتابخانە شافیعی مەزهەبەکاندا بە نێوی (إعانة الطالبين على حل ألفاظ فتح المعين)، بڵاوبووەتەوە.

٥. (مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج) لە نوسینی زانای میسری موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی خەتیبی شەربینی شافیعییە، کتێبەکە بە یەکێك لە ڕاڤە و لێکدانەوە دیار و بە هێزەکانی مینهاجی پێشەوا نەوەوی، دێتەهەژمار.

٦. (نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج)، لە دانانی زانای میسری شەمسەدین موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی ڕەمەڵییە، ئەمیش یەکێکی دیکەیە لەو شیکردنەوانەی کە بۆ مینهاجی پێشەوا نەوەوی، نوسراون.

٧. (منهج الطلاب) دانراوی زانای پایە بەرزی شافیعی، شێخ زەکەریای کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی ئەنسارییە.

٨. (تحفة المحتاج في شرح المنهاج) لە نووسینی زانای دیاری ئایینزای شافیعی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدە کە بە ئیبنو حەجەری هەیتەمی میسری نێوی دەرکردووە، لەگەڵ پەراوێزی هەریەك لە عەبدولحەمیدی شێروانی و ئەحمەدی کوڕی قاسمی عەببادی.

شیاوی باسە؛ کتێبی (تحفة المحتاج)، یەکێکە لە کتێبە قورسەکان لە ڕووی داڕشتن و ماناکردنەوە، لەبەرئەوەیە زانایانی کورد بایەخێکی زۆریان پێداوە و چەندین پەراوێزیان لەسەر نووسیوە، هاوکات لە ڕووی خوێندنیشەوە لە کۆتا قۆناغەکاندا خوێندراوە.

**سێیەم: زانستی ژیربێژی-مەنتیق**[٣]
مەنتیق یا خود لۆژیك یان بە کوردییە ڕەسەنەکە پێیدەوترێت: ژیربێژی؛ بریتییە لەو زانستەی کە کار لەسەر هزری مرۆڤ و ژیری دەکات، هاوکات ڕێگرە لەبەهەڵەداچوون و چەواشەکردنی مرۆڤ لە کاتی دیالۆگ و گفتوگۆی زانستیدا و دارای چەندین یاسای تایبەت بەخۆی هەیە.

قوتابخانەکانی کوردستان بایەخێکی زۆریان بەخوێندنی ئەم زانستە داوە، مەلای کورد لەگەڵ تەواوکردنی زانستەکانی (نەحو و سەرف)دا ڕاستەوخۆ دەستیانکردووە بە خوێندنی مەنتیق، چونکە شارەزابوون لەم زانستە، هاوکارێکی زۆرباشە بۆ باشتر تێگەیشتنی زانستەکانی کەلام و فەلسەفە و ئوسوڵی فیقهـ.

ئەمانە ناوی هەندێك لەو کتێبانەن کە لە حوجرەکانی کوردستان خوێنراون:

١.(الشمسیة): لە نوسینی فەیلەسوف و فەلەکناسی گەورە نەجمەدین عەلی کوڕی عومەری کاتیبی قەزوێنییە، ئەم دانراوە هەرچەندە بە قەبارە بچووکە، بەڵام هێندە پوخت و پڕبایەخ بووە، کە زۆرێك لە زانایانی دوای خۆی بە ڕاڤە و لێکدانەوە خزمەتێکی گەورەیان پێکردووە، کە هەندێکیان لێرەدا باسکراون.

٢. (شرح الشمسیة) کە لە بنەڕەتدا ناوی (تحریر القواعد المنطقیة) دانراوی زانای گەورەی سەدەی هەشتەمی کۆچی قوتبەدینی ڕازییە، ئەم کتێبە بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگ و بەهادارەکانی زانستی مەنتیق دێتەهەژمار، لەبەرئەوە زۆرێك لە زانا موسوڵمانەکان پەراوێزیان لە سەر نووسیووە، لەوانە:

یەکەم: پەراوێزی فەیلەسوف و کەلامزانی جیهانی ئیسلامی عەللامە عەلی کوڕی موحەممەد، ناسراو بە سەید شەریفی جورجانی، ئەم پەراوێزەیش هێندە دانسقە و بەهێز بووە؛ کە دواتر چەندین پەراوێزی دیکەی لەسەر دەنوسرێت و لە حوجرەکانی کوردستان دەبن بە مەنهەج، لەوانە:

أ.پەراوێزی زانای ناوداری وڵاتی فارس و جیهانی ئیسلامی؛ جەلالەددینی دەوانی لەسەر هەریەك لە شەرحی شەمسییە و پەراوێزی جورجانی.

ب.پەراوێزی سەید سەدرەدینی شیرازی لەسەر هەریەك لە شەرحی شەمسییە و پەراوێزی جورجانی.

ت.پەراوێزی ئەبو شامە؛ لەسەر هەریەك لە شەرحی شەمسییە و پەراوێزی جورجانی.

ث.پەراوێزی ئەبی وەردی ناسراو بە دانیشمەند لەسەر پەراوێزی جورجانی.

ج.پەراوێزی میر جەلیل لەسەر پەراوێزی جورجانی.

ح.پەراوێزی جەمالەدین مەحمودی فارسی -قوتابی جەلالەددینی دەوانی- لە سەر پەراوێزی جورجانی.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە خودی

کتێبی (شەرحە شەمسیە) چەندە ناوبانگ و بایەخی هەبووە لە لای زانایان؛ هاوکات پەراوێزی جورجانیش هیچی لەو کەمتر نەبووە و بە هەمان شێوەی ئەو گرنگی پێدراوە.

٣.(شرح الشمسیة)، لە نووسینی زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی و کەلامزانی بەتوانا سەعدەدینی تەفتازانییە.

٤. (شرح المطالع)، لە دانراوەکانی موحەممەدی کوڕی موحەممەدی قوتبەدینی ڕازییە، ئەمەیش سەرچاوەیەکی گرنگی تری زانستی مەنتیقە و لە ئاستەکانی کۆتاییدا خوێندراوە. سەید شەریفی جورجانی پەراوێزێکیشی بۆ نووسیووە.

٥. (شرح الإیساغوجی)، لە نوسینی شەمسی فەناری ڕۆمییە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا ڕاڤە و لێکدانەوەیە بۆ مەتنی (الإیساغوجی) پێشەوا ئەسیرەدینی ئەبەهەری، ئیساغۆجی هێندە کورت و پوخت بووە کە سەرنجی زۆرێك لە زانایانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و شیکردنەوەی جۆراوجۆریان لەسەر نووسیوە.

٦. (شرح الإیساغوجی)، ئەمیش شەرحێکی دیکەی کتێبی ئیساغۆجییە لە مەنتیقدا دانراوی حیسامەددینی کاتییە.

٧. (مغنی الطلاب) دانراوی زانای گەورە مەحمودی کوڕی حەسەنی مەغنیسییە، کە تائێستایش لە حورجەرەکانی کوردستان دەخوێنرێت و دەکرێت بڵێین جێگەی زۆرێك لە سەرچاوەکانی پێشووی گرتۆتەوە.

٨. (البرهان) لە نووسینی شێخ ئیسماعیلی کوڕی موستەفای ناسراو بە شێخ زادەی گەلەنبەوییە، ئەم کتێبە بە یەکێك لە سەرچاوە هەرە سەختەکانی بواری مەنتیق دادەنرێت و مەلای کورد بایەخێکی زۆریان پێداوە و هەریەك لە مەلا عەلی قزڵجی و شێخ عومەری قەرەداغی، پەراوێزیان بۆ نووسیوە و بەیەکەوە چاپکراون.

**ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە زانایانی کورد بایەخی زیاتریان بە خوێندنی زانستە عەقڵییەکانی وەك: ژیربێژی، فەلسەفە و کەلام، داوە**

**دووەم: پەراوێزەکان:**

لەگەڵ ئەوەی زانایانی کورد چەندین کتێبی گرنگیان لەم زانستەدا خوێندوە؛ بەڵام بەوەشەوە نەوەستان و لە پاڵیدا کۆمەڵێك پەراوێزیشیان خوێندووە، پێشتر ئاماژەمان بە هەندێکیان دا، لێرەدا هەندێکی دیکە لەو پەراوێزانە دەخەینە ڕوو کە لە حوجرەکانی کوردستان مەنهەج بوون، لەوانە:

١.پەراوێزی جەلالەددینی دەوانی لەسەر کتێبی (تهذیب المنطق) سەعدەددینی تەفتازانی، کە یەکێکە لە نوسراوە کورت و پوختەکانی مەنتیق، تێگەیشتنی هێندە ئاسان نییە، لەبەرئەوە چەندین پەراوێز

و ڕوونكردنەوەی لەسەر نوسراوە و هەتا ئێستایش لە هەندێك لە حوجرەكانی كوردستان دەخوێنرێت.

٢.پەراوێزی زانای دیار و كەلامزان مەلا حوسێنی خەڵخاڵی لەسەر كتێبی (تهذيب المنطق) تەفتازانی.

٣.پەراوێزی زانای گەورە میر ئەبولفەتح لەسەر كتێبی (تهذيب المنطق) تەفتازانی.

٤.پەراوێزی زانای گەورە مەلا عەبدوڵلای یەزدی لەسەر كتێبی (تهذيب المنطق) تەفتازانی.

هاوكات دوای تەواوكردنی زانستی مەنتیق، لە زانستی ئادابی بەحس و مونازەرەشدا كتێبی (آداب البحث والمناظره) شێخ ئیسماعیلی گەلەنبەوی بە پەراوێزی زانایانی گەورەی كورد مەلا عەلی قزڵجی و شێخ عومەری قەرەداغی خوێندراوە.

## چوارەم[٤]: زانستی ڕەوانبێژی و ئوسوڵی فیقه.[٥]

لە زانستی ڕەوانبێژییدا كتێبەكانی زانای گەورەی جیهانی ئیسلامی سەعدەدینی تەفتازانی خوێنراون لە نمونەی: (المطول) و پاشان كورتكراوەكەی (المختصر)، كە دوو لە نایابترین دانراوی بواری زانستی ڕەوانبێژین و لە زۆرێك لە ناوەندە زانستییەكانی جیهانی ئیسلامی خوێنراون.

سەبارەت بە زانستی ئوسوڵی فیقهیش یەكێك لە پوختترین دانراوەكانی ئەو بوارە مەنهەج بووە لە حوجرەكانی كوردستان كە بریتییە لە (جمع الجوامع)ی تاجەددینی عەبدولوەهابی سوبكی، بە ڕاڤە و لێكدانەوەی جەلالەدینی مەحەللی بەناوی (البدر الطالع شرح جمع الجوامع).

تاجەددینی سوبكی لە بارەی كتێبەكەیەوە لە پێشەكیەكەیدا دەڵێت: "ئەم كتێبە كورتكراوەی نزیكەی سەد سەرچاوەیە لە زانستی ئوسوڵی فیقهدا"[٦] لەبەرئەوە لە تەواوی حوجرەكانی كوردستاندا كراوە بە مەنهەج و لە كۆتا قۆناغەكانی خوێندندا، خوێندراوە.

هاوكات كتێبی (مختصر منتهى السؤل والأمل في علمي الأصول والجدل) زانای ناوداری كورد ئیبنولحاجیب بە شیكردنەوەی عەزودەدینی ئیجی و پەراوێزی هەریەك لە گەورەزانایان سەید شەریفی جورجانی و سەعدەدینی تەفتازانی خوێندراوە.

هەروەها هەندێك جار كتێبی (لب الأصول) زانای پایە بەرزی شافیعی شێخ زەكەریای ئەنساری خوێندراوە، كە كورتكراوەی (جمع الجوامع) تاجەددینی سوبكییە، ئەنساری خۆیشی ڕاڤە و لێكدانەوەی بۆ كتێبەكەی خۆی كردووە و ناوی ناوە (غاية الوصول في شرح لب الأصول).

## پێنجەم: زانستی كەلام[٧]

زانستی كەلام بە یەكێك لە كایە مەعریفییە گرنگەكانی نێو هزری ئیسلامی دادەنرێت، لە ڕێگەی دەقە

پیرۆزەکــان و بەڵگە عەقڵییەکانەوە کاردەکات بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی ئیسلامی و شیکردنەوەی وردەکاریەکانی و ڕەواندنەوەی گومانەکان، هاوکات سەلماندنی تەبایی لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا.

لەبەرئەوەیە کە زانایانی کورد گرنگییەکی زۆریان بە زانستی کەلام داوە و کاتێکی زۆریان بۆ خوێندن و قوڵبوونەوە تێیدا تەرخانکردووە، هاوکات زۆرێك لە بەرهەم و نووسینەکانیشیان بە دانان و لێکدانەوە و پەراوێزەوە؛ هەر لەم بوارەدا بووە، ئەمەیش ناوی هەندێك لەو سەرچاوانەیە کە لە کوردستان خوێنراون:

١. (تسديد القواعد في شرح تجريد العقائد) لە دانراوەکانی شەمسەدین مەحمودی ئیسفەهانیە، کە لە بنەڕەتدا ڕاڤە و لێکدانەوەیە بۆ نامەی (تجريد العقائد)ی کەلامزانی بە توانای شیعە نەسیرەدینی توسی، بە پەراوێزی زانای گەورە سەید شەریفی جورجانی، ئەم کتێبە بە (الشرح القديم)یش ناسراوە.

٢. (شرح تجريد العقائد) کە بە (الشرح الجديد) ناسراوە، کە دانراوی زانای گەورەی ئەشعەری مەزهەب عەلائەدینی قۆشەچییە، ئەمیش بە هەمان شێوەی (تسديد القواعد) ڕاڤە و لێکدانەوەیە بۆ نامەی (تجريد العقائد) نەسیرەدینی توسی و یەکێکە لە هەرە سەرچاوە نایابەکانی زانستی کەلام، لەبەرئەوە کۆمەڵێك لە زانا ناودارەکانی ئەو سەردەمە پەراوێزیان لەسەر نووسیوە، لەوانە: جەلالەدینی دەوانــی، شەمسەدینی خەفەری، ئەردەبیلی، عەبدولڕەزاقی لاهیجی و دەیانی دیکە.

**لە زۆربەی حوجرەکانی کوردستان بە عەوامیلی جورجانی دەست پێدەکات، تەنانەت تەواوی دەقەکانیشی بە ئیعر ابەوە خوێنراون**

٣. (شرح العقائد النسفية)، یەکێك لە پوختترین و بەربڵاوترین دانراوەکانی سەعدەدینی تەفتازانیە و لە زۆربەی قوتابخانە ئاینییەکانی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی مەنهەجی خوێندن بووە، هاوکات دەیان ڕاڤە و شیکردنەوەی بۆ کراوە و چەندین پەراوێزیشی لەسەر نوسراوە، جێی ئاماژەپێدانە ئەم کتێبە ئێستایش لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان دەخوێندرێت.

٤. (شرح المقاصد)، ئەم کتێبەش یەکێکە لە دیارترین کتێبەکانی زانستی کەلام و سەعدەدینی تەفتازانی بە شێوەیەکی چڕوپڕ بابەتە عەقیدەییەکانی شیکردۆتەوە و وەڵامی زۆرێك لە پرسیارە کێشە لەسەرەکانی سەردەمی خۆی داوەتەوە.

٥. (شرح المواقف)، کتێبێکی دانسقەی دیکەی کەلامییە، کە عەللامە سەید

شەریفی جورجانی دایناوە؛ هاوشانی (شرح المقاصد)، ناوبانگی بەخۆرهەڵات و خۆرئاوای جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە و زۆرترین ڕاڤە و پەراوێزی بۆ نووسراوە و لە قۆناغەکانی کۆتاییدا خوێندراوە.

٦. (شرح العقائد العضدية)، یەکێکە لە کتێبە نایابەکانی زانستی کەلام کە جەلالەدینی دەوانی نووسیویەتی و تێیدا (العقيدة العضدية) عەزودەدینی ئیجی شیکردۆتەوە، هاوکات چەندین بابەتی فەلسەفی تێدا وروژاندوە و بەرچەرچی فەیلسوفەکانی داوەتەوە.

٧. (تهذيب الكلام) لە دانراوەکانی سەعدەدینی تەفتازانییە، بە ڕاڤە و لێکدانەوەی زانای گەورەی کورد شێخ عەبدولقادری موهاجیری سنەیی.

٨.(رسالة إثبات الواجب الجديدة) نامیلکەیەکی پڕ بایەخە لە زانستی کەلامدا، جەلالەدینی دەوانی لەم نوسراوەدا باس لە چەسپاندنی بوونی خوا دەکات و سیفاتەکانیشی باس دەکات.

٩.(رسالة الزوراء وحواشيها)، کتێبێکی دیکەی جەلالەدینی دەوانییە لە زانستی کەلامدا و هەربەخۆیشی چەند پەراوێزێکی لەسەر نووسیوە، جێی ئاماژەبۆکردنە کە زۆرێك لە زانایانی کوردیش ڕاڤەیان بۆ ئەم کتێبە کردووە و پەراوێزیان لەسەر نووسیووە، لەوانە زانای گەورەی کورد ئیبراهیمی سەفەوی.

١٠. (رسالة إثبات الواجب)، لە دانراوەکانی سەید سەدرەدینی شیرازییە؛ یەکێکی دیکەیە لەو کتێبانەی زانستی کەلام، کە لە حوجرەکانی کوردستان خوێندراوە.

١١. (رسالة إثبات الواجب)، لە نوسینی مەلا حوسێنی خەڵخاڵییە؛ کە قوتابی مەلا میرزاجانی شیرازی بووە.

**شەشەم: فەلسەفە**[٨]

خوێندن لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان ئەوەندە لە ئاستێکی بەرزدابووە؛ کە مەلای کورد توانیویەتی تەواوی زانستە عەقڵییەکان بخوێنێت و لە زادە و بیری زانایانی پێشخۆیان بەهرەمەند بن، فەلسەفەیش وەك بەشێکی دیار و گرنگی زانستە عەقڵییەکان ئامادەییەکی باشی لە مەنهەجی قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان هەبووە و بەبێ هیچ جیاکارییەك شانبەشانی زانستەکانی کەلام، ئوسوڵ، فیقە و مەنتیق خوێندراوە.

**ئەو کتێبانەش کە لەو سەردەمەدا مەنهەج بوون، ئەمانەن:**

١.کتێبی (الشفاء) دانراوی فەیلەسوفی پایە بەرزی جیهانی ئیسلامی ئەبوعەلی ئیبنو سینا، ناسراو بە شێخی رەئیس، ئەم کتێبە بە گەورەترین سەرچاوە دادەنرێت لە فەلسەفەی ئیسلامیدا.

٢.(شرح الإشارات)، دانراوی زانا و کەلامزانی بە توانای شیعە نەسیرەدینی توسی کە ڕاڤە و لێکدانەوەیە بۆ کتێبی

(الإشارات) ئیبنو سینا شێخی رەئیس.
٣.کتێبی (تهافت الفلاسفة) مەلا خواجەی ڕۆمی، کە داوەریکردنە لە نێوان هەردوو زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالی کەلامزان و ئیبن ڕوشدی فەیلەسوفدا.
٤.کتێبی (شرح هداية الحكمة) دانراوی میرەك شەمسەدینی موبارەك شاهی بوخاری، ئەم کتێبە ڕاڤە و لێکدانەوەیە بۆ (هداية الحكمة) ئەسیرەدینی ئەبەهری، کە یەکێکە لە کتێبە دیار و دانسقەکانی بواری مەنتیق و فەلسەفە و کەلام.
٥.شەرحی قازی میر حوسێنی مەیبودی لەسەر کتێبی (هداية الحكمة) ئەسیرەدینی ئەبەهری.
٦.کتێبی (شرح حكمة العين) موبارەك شاهی بوخاری، کە لێکۆڵینەوەیە لەسەر کتێبی (حكمة العين) نەجمەدینی کاتبی قەزوێنی؛ کە یەکێکە لە کتێبە دیار و گرنگەکانی بواری حیکمەت و فەلسەفەی ئیسلامی، لەبەرئەوەیە کە چەندین زانای ناوداری ئەو سەردەمە شەرح و پەراوێزیان لەسەر نووسیوە و شیکردنەوەیان بۆ چەمکە جۆراوجۆرەکانی کردووە.
٧.پەراوێزی زانای ناو دار عەلامە سەید شەریفی جورجانی لەسەر کتێبی (حكمة العين).
٨.کتێبی (حكمة الإشراق) فەیلەسوفی شەهید شیهابەدینی سوهرەوەردی، بە شەرح و لێکدانەوەی قوتبەدینی شیرازی.
٩.پەراوێزی مەلا موحەممەد شەریفی گۆرانی لەسەر کتێبی (الشفاء) فەیلەسوفی پایە بەرز ئیبنو سینا شێخی رەئیس.

**حەوتەم: فەلەکناسی و ریازیات (ماتماتیك)**[٩]

لە حوجرەکانی کوردستان خوێندن لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە تەنانەت زانستەکانی فەلەکناسی و ڕیازیاتیش خوێندراوە، ئەو کتێبانەش کە وەك مەنهەج دەستنیشان کرابوون لەو بوارەدا بریتی بوون لە: (إشكال التأسيس) زانای پایە بەرز شەمسەدین ئەشرەفی حوسەینی سەمەرقەندی و (تشريح الأفلاك) و (خلاصة الحساب) کە هەردووکیان دانراوی زانای گەورە بەهادینی موحەممەدی کوڕی حوسەینی عامیلین.

**مەلای کورد لەگەڵ تەواوکردنی زانستەکانی (نەحو و سەرف)دا ڕاستەوخۆ دەستیان کردووە بە خوێندنی مەنتیق، چونکە شارەزابوون لەم زانستە**

**هەشتەم: تەفسیر و فەرموودە**[١٠]

لە حوجرەکانی کوردستان ئەوەندەی گرنگی بە خوێندنی زانستە عەرەبی و زانستە عەقڵییەکان دراوە ئەوەندە گرنگی

بە تەفسیر و فەرموودە، نەدراوە و لایان لێنەکراوەتەوە، تەنانەت زانای گەورەی کورد مەلا ئیبراهیمی گۆرانی کاتێك لە کوردستان بووە دەڵێت: "پێم وانەبوو کەسێك مابێت لەسەر زەویدا بڵێت: (حدثنا وأخبرنا) تا گەیشتمە شام و حیجاز و میسر"[١١].

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە بە هیچ شێوەیەك زانستی گێڕانەوەی فەرموودە لە حوجرەکانی کوردستان نەخوێنراوە و بەشێك نەبووە لە مەنهەجی خوێندن، بەپێچەوانەی ناوەندە زانستییەکانی شام و حیجاز و یەمەن میسر و مەغریب، کە بایەخی زۆریان بەو دوو زانستە داوە و بەشێکی زۆری کاتەکانی خوێندنیان بۆ تەرخانکردووە.

ئەمەیش زۆرجار زانایانی کوردی ڕووبەڕووی ڕەخنەکردۆتەوە و والێکدراوەتەوە کە تەفسیر و فەرمودەناسی بایەخێکی وایان نەبووە بۆیە بەو جۆرە پشتگوێخراون.

پێمانوایە ئەو جۆرە مامەڵەکردنەی زایایانی کورد لەگەڵ زانستەکانی تەفسیر و فەرموودەناسی؛ دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

**یەکەم:** زانایانی کورد بەریەککەوتنێکی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەگەڵ ناوەندە زانستییەکانی وڵاتی فارس کە لە زانستە عەقڵیەکاندا قاڵببوونەوە و کەمتر گوێیان بە زانستە نەقڵیەکان دەدا، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی ڕاستەخۆی هەبووە لەسەر مەنهەجی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان، بەتایبەت خۆرهەڵاتی کوردستان.

**دووەم:** زانایانی کورد پێیانوابووە کە خوێندنی نەحوو سەرف بەشێوەیەکی چڕوپڕ وادەکات خوێندکار زۆر بەئاسانی لە زانستەکانی تەفسیر و فەرموودە تێبگات و ڕاڤەو لێکدانەوەیان بۆ بکات.

سێیەم: زانایانی کورد لەوە تێگەیشتوون کە زانستی گێڕانەوەی فەرموودە دوای قۆتاغی تەدوین لەلایەن گەورە فەرموودەناسەکانی وەك بوخاری و موسلیم و ئەبوداود و .. ئەوانی دیکە کۆتایی پێهاتووە و سەرقاڵبوون بەو بابەتەوە جگە لەبەرەکەت و ڕشتەی پەیوەست، هیچ کاریگەرییەکی تری نییە.

بەڵام ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە بەشێك لەو زانا کوردانەی خاکی کوردستانیان جێهێشتووە موفەسیر و فەرموودەناسی زۆر گەورەیان لێهەڵکەوتووەو چەندین دانراوی دانسقەیان لەدوای خۆیان جێهێشتووە، لەوانە: مەلا ئەحمەد ئیسماعیل گۆرانی خاوەنی تەفسیری (غاية الأمانی فی تفسير الكلام الربانی)، مەلا شێخی ئەشنەوی، مەلا موحەممەد شەریفی گۆرانی، مەلا ئیبراهیمی گۆرانی، مەلا موحەممەد عەبدولرەسوڵی بەرزنجی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و دەیانی دیکە.

بەهەر حاڵ دەکرێت ئەم بابەتە قسەی زیاتری لەسەر بکرێت.

ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو کتێبانە دەکەین کە لە حوجرەکانی کوردستان لە هەردو زانستی تەفسیر و فەرمووده خوێنراون:

**- تەفسیر:**

١. تەفسیری کەشاف (الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل) دانراوی زانای پایە بەرزی موعتەزیلە ئەبو قاسم مەحمودی جارولڵای زەمەخشەرییە، ئەم تەفسیرە هێندە بە پێزە کە زۆرێك لە ڕاڤەکارانی قورئان لە تەواوی مەزهەبەکانی دیکە وەك سەرچاوە بەکاریان هێناوە و سوودیان لێبینیوە.

٢. تەفسیری بەیزاوی (أنوار التنزيل وأسرار التأويل) دانراوی ناسیرەددین عەبدوڵڵای کوڕی عومەری بەیزاوی شیرازییە، ئەم تەفسیرە وەك پوختەیەکی کەشافی زەمەخشەری وایە و سەرچاوەیەکی سەرەکی بووە لە لای زانایانی کورد، لەبەر ئەوە گەورەترین خزمەتیان پێکردووە و چەندین پەراوێزیان لەسەر نوسیوە، لەوانە: پەراوێزی مەلا موحەممەد شەریفی گۆرانی، مەلا عەبدولکەریمی گۆرانی، مەلا یوسفی گۆرانی، مەلا باقری بالك و چەندانی دیکە.

٣. تەفسیری نەسەفی (مدارك التنزيل وحقائق التأويل) دانراوی ئەبو بەرەکات حافیزەدینی نەسەفییە، ئەم کتێبە وەك کۆکراوەو پوختەی هەردوو تەفسیری زەمەخشەری و بەیزاوی ئەژمار دەکرێت.

- فەرموودە:

هەرچی پەیوەندی بە فەرموودەوە هەیە تەنها چەند بابێك لە (سەحیحی بوخاری) یاخود (سەحیحی موسلیم) و هەندێك جاریش کتێبی (رياض الصالحين) پێشەوا نەوەوەی خوێنراوە وەك بەرەکەت.

**سەبارەت بە زانستی ئوسوڵی فیقهیش یەکێك لە پوختترین دانراوەکانی ئەو بوارە مەنهەج بووە لە حوجرەکانی کوردستان کە بریتییە لە (جمع الجوامع)ی تاجەددینی عەبدولوەهابی سوبکی**

## کۆتایی

لە پایاندا دەمانەوێت ئەوە بڵێین، ئەم مەنهەجە چڕوپڕەی لە حوجرەکانی کوردستان خوێندراوە؛ گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر پێگەیاندنی زانایان بە دیدێکی میانڕەوانە و دوور لە توندڕەوی و پەڕگیری، هاوکات کاریگەری ڕاستەوخۆشی هەبووە لەسەر پەروەردەکرنی تاکی کۆمەڵگەی کوردی.

چونکە بەدرێژایی مێژوو هەتا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوش بیری توندڕەوی و یەکترقەبوڵنەکردن لە نێو مەلای کورد و کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی نەبووە، بە پێچەوانەی ئەم سەردەمە کە بیری تەکفیری و توندڕەوی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە لە نێو

ڕیزی بانگخوازان و چینی گەنجاندا، هۆکارێکیشی بۆ ئەو مەنهەجە کرچ و کاڵە دەگەڕێتەوە، کە ئێستا لە بەشێك لە مزگەوتەکانی کوردستان دەخوێنرێت بە بێ هیچ قوڵبوونەوە و تێگەیشتنێك لە بنەماکانی زمانی عەرەبی و زانستی نەحو و سەرف و ئوسوڵی فیقه، کە وەك دەستپێك وایە بۆ چوونە نێو زانستە شەرعییەکان.

جاران مەلای کورد ماوەی (١٥) بۆ (٢٠) ساڵی تەمەنی سەرقاڵی خوێندنی زانستە جۆراوجۆرەکان دەبوو لەلای گەورە زانایانی کورد، چەندین شار و وڵات دەگەڕا، ئینجا مۆڵەتی زانستی پێدەدرا، بەڵام لەم سەردەمەدا بە بەشداریکردن لە چەند موحازەرە و گوێگرتن لە چەند وتارێك بابای فێرخواز دەبێت بە عەللامەی دەهر و فەریدی عەسرو بە ئارەزوی خۆی فەتوا دەدات!!!.

---

(١) بڕوانە: الشیخ عبد الکریم المدرس: علمائنا فی خدمه العلم والدین، عنی بنشره: محمد علی القرداغی، الطبعه الأولی، ١٤٠٣-١٩٨٣، ل ٢١٧، ٢٢٦، ٢٤٤، ٥٣٧، ڕۆژگاری ژیانم، إعداد وتعلیق: رئوف محمودی، انتشارات کردستان، سنندج، ل ٧٠، ٩٩، ١٩٨، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە: (٨) ساڵی ١٩٧٣، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە: (١١٠) ساڵی ١٩٨٦، ل ١٢٩-١٣٠.

(٢) بڕوانە: المدرس: علمائنا، ل ٢٤٤، ڕۆژگاری ژیانم، ل ١٩١، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ل ١٣٠.

(٣) بڕوانە: المدرس: علمائنا، ل ٢٢٦، ٢٤٤، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ل ١٣٠.

(٤) لە دوای تەواوکردنی (آداب البحث والمناظره) شێخ ئیسماعیلی گەلەنبەوی، ڕاستەوخۆ کتێبی (شرح العقائد) سەعدەدینی تەفتازانی لە زانستی کەلامدا خوێندراوە و پاشان دەستکراوە بە زانستی بەلاغە و ئوصوڵی فیقە، بەڵام من بۆیە زانستی کەلامم دواخست بۆ ئەوەی تەواوی سەرچاوەکانی ئەم زانستە لە پاڵ یەکدا باس بکەم.

(٥) بڕوانە: المدرس: علمائنا، ل ٢٢٦، ٢٤٤، ٥٣٧، ڕۆژگاری ژیانم، ل ١٤٨، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ل ١٣٠.

(٦) بڕوانە: تاج الدین السبکی: جمع الجوامع، تحقیق: د. عبد الملك السعدی، دار النوادر – دمشق، الطبعه الأولی ١٤٣٩هـ-٢٠١٨، ٧٥/١.

(٧) بڕوانە: المدرس: علمائنا، ل ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٢٦، ڕۆژگاری ژیانم، ل ١٨٣، طاهر ملا عبدالله البحرکی: حیاه الأمجاد من العلماء الأکراد، دار ابن حزم، بیروت، الطبعه الأولی، ١٤٣٦هـ- ٢٠١٥م، ١٨٨/٢، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ل ١٣٠-١٣١.

(٨) بڕوانە: المدرس: علمائنا، ل ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٢٦، ڕۆژگاری ژیانم، ل ١٨٣، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ل ١٣٠-١٣١.

(٩) بڕوانە: المدرس: علمائنا، ل ٤١٤، ڕۆژگاری ژیانم، ل ٢٠٠، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ل ١٣١.

(١٠) بڕوانە: المدرس: ڕۆژگاری ژیانم، ل ١٩١، موحەممەدی مەلا کەریم: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستانی جاراندا، ل ٥٥، عەزیزی مەلای ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ل ١٣١.

(١١) العیاشی: الرحلة العیاشیة، تحقیق: د. سعید الفاضلی، و د. سلیمان القرشی، دار السویدی، أبو ظبی، الطبعه الأولی، ٢٠٠٦م، ٤٨٠/١.

# مێژووی حوجرەی نەریتی لە کوردستان و مەنهەجی خوێندن تێیاندا

د. سالار تاوگۆزی

**پێشەکی**

حوجرەکانی نەریتی لە کوردستاندا مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بە درێژایی ئەو مێژووە مەنهەجێکی خوێندن پەیڕەو کراوە کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاواز بووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مەنهەجی ئەو حوجرانە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە یەک نزیک بوون و ئێمە لە ئەم توێژینەوەیەدا – کە بەشێکە لە توێژینەوەیەکی گەورەتر- هەوڵ دەدەین بیانخەینە پێش چاوی خوێنەر. توێژینەوەکە بە ناونیشانی: (مێژووی حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی لە کوردستان و مەنهەجی خوێندن تێیاندا) نووسراوە. ئامانجیشی ئەوەیە مەنهەجی خوێندن لە حوجرەکانی ئیسلامی نەریتیدا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بخاتە ڕوو، هەروەها جیاوازی مەنهەجەکە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە حوجرەیەکەوە بۆ حوجرەیەکی باس بکات. بایەخەکەشی لەوەدایە لیستی مەنهەجی حوجرەکانی کوردستان نیشان دەدات و جیاوازییەکانیان دەخاتە ڕوو.

هەروەها توێژینەوەکە دەیەوێت بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەشدا بگەڕێت:

١-ئایا مەنهەجی حوجرەکانی کوردستان لە کۆندا چی و چۆن بووە و ئێستا چییە و چۆنە؟

٢-ئایا ئەو مەنهەجە بەکەڵکی واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە دێت؟

بەربەستەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە پەرتەوازەیی و جیاوازی لە مەنهەجەکان، ئەمەش هەوڵێکی زۆری ویست تا توێژەر لەڕێگەی سەرچاوە و پەیوەندیکردن و سەردانکردنی حوجرەکانەوە زانیاری سەبارەت بە ناوەرۆکی مەنهەجەکان و شێوازی گوتنەوەیان دەستبکەوێت.

لە ڕووی ناوەرۆکیشیەوە، توێژینەوەکە لە پێشەکییەك دەروازەیەك و دوو تەوەرو ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. توێژەر لە دەروازەی توێژینەوەکەدا باسی لە مەبەست لە ئیسلامی نەریتی و چەمکی مەنهەجی کردووە. لە تەوەری یەکەمیشدا (مێژووی حوجرەی ئیسلامی نەریتی) لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ نیشانداوە. تەوەری دووەمیشی تایبەت کردووە بە خستنەڕووی (مەنهەجی حوجرەی ئیسلامی نەریتی). لەتوێژینەوەکەیشیدا پەیڕەوی لە ڕێبازی مێژوویی کردووە.

لە کۆتاییدا، توێژەر ئەنجامی توێژینەوەکەی باس کردووە، پاشان ناوی سەرچاوەکانی لە لیستێکدا تۆمار کردووە.

**دەروازە:**

**مەبەست لە ئیسلامی نەریتی و چەمکی مەنهەج**

**مەبەست لە ئیسلامی نەریتی**

مەبەستمان لە ئیسلامی نەریتی ئەو مۆدێلەی ئیسلامە لە باوك و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە و لەسەری ڕۆشتووین و بەشێوەی بۆماوەیی و تەڵقین و لاساییکردنەوە وەرمان گرتووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی پەیدا بوون کە مەنهەجی خوێندن تێیاندا لەسەر بنەمای بۆماوەیی و گوێگرتنە. ئەو مامۆستایانەشی لە ئەم حوجرانەدا وانەیان گوتووەتەوە زیاتر سەر بە ڕێبازی سۆفیگەری و مەزهەبی شافیعی و عەقیدەی ئەشعەری بوون. حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەوە جیا دەکرێنەوە کە سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆیان هەبووە و لەلایەن خەڵکی گوندەکانی کوردستانەوە، یان لەلایەن چەند شێخ و کەسایەتییەکەوە پاڵپشتیی دارایی کراون.

**-چەمکی مەنهەج**

وشەی (منهج) لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە، لە فەرهەنگی بەناوبانگی (لسان العرب)دا بە مانای (ڕێگای ڕوون) و (ڕێگای ڕاست) هاتووە (ابن منظور، ١٩٩٩، ل ٣٠٠). هەروەها لە (فەرهەنگی شیرین)دا بە مانای (ڕێگەی ئاشکرا و ڕوون، بەرنامە، ڕێباز، ڕێ و شوێن، پلان، نەخشە، بەرنامەی خوێندن و قوتابخانە)ش هاتووە (نظام الدين، ٢٠٠٧، ل ٧٦٠). دەشکرێت بە (پێڕەو) یان (پەیڕەو)یش وەریبگێڕینە سەر زمانی کوردی. بەڵام لەناو کورددا زیاتر وشە عەرەبییەکە بەکار دێت، ئەویش بەهۆی کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە لەسەر زمانی کوردی.

مەنهەجیش بەپێی پێناسە کۆنەکەی بریتییە لە ئەو ڕێگایەی مامۆستا و قوتابی بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان دەیگرنە بەر. بەڵام پێناسەی پەروەردەیی نوێ بۆ مەنهەج ئەوەیە کە دەڵێت: بریتییە لە گشت ئەو ئەزموونە پەروەردەییانەی کە قوتابخانە مەبەستێتی و پلانی بۆ

دارێژراون بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە پەرە بە هەموو قوتابییان بدات (الأسدی، ٢٠٢١، ل ١-٣).

مەنهەجی کۆن لەسەر بنەمای کۆنی پەروەردەیی دامەزراوە کە مامۆستا تێیدا سەنتەرە. لە ئەم جۆرە پەروەردەدا بایەخ بە لە بەرکردنی بابەتەکان و حەقیقەت و چەمک و بنەماکانی ناوی دەدرێت. ئەم جۆرە لە پەروەردە ماوەیەکی زۆر باو بووە، تەنانەت ئێستاش زۆرێک لە مامۆستایان پەیڕەوی دەکەن، کە تێیدا ڕۆڵی مامۆستا تەنیا بایەخدانە بە لایەنی مەعریفی و مامۆستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیارییەکان بە زیهنی قوتابییەکانی دەگەیەنێت. لە مەنهەجی کۆندا زۆر جار لایەنی پراکتیزەکردن فەرامۆش دەکرێت، شێوازی وانەگوتنەوەکەش تەڵقینی و لەبەرکردنە، مەنهەجەکەش تژییە لەبابەتی خوێندن. ئەمە جگە لەوەی ئەم مەنهەجە قوتابخانە یان ناوەندی خوێندن لە کۆمەڵگە و کێشەکانی دادەبڕێت.

بەڵام مەنهەجی نوێی خوێندن کە لەسەر بنەمای بیری فەیلەسوفە پەروەردەییەکان و ئەزموونی پەروەردیارەکان دامەزراوە، هەر لە ناو پۆل و هۆڵەکانی خوێندن یان حوجرەدا قەتیس ناخوات، بەڵکو لایەنی کارامەیی و ویژدانی و کولتووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هونەری و مەعریفی قوتابیش پێکەوە ڕەچاو دەکات و ڕێگای وانەگوتنەوەی جۆراوجۆر و تەکنۆلۆژیای پەروەردە و فێرکردن و زیرەکی دەستکردیش بەکار دەهێنێت و قوتابیش دەکات بە سەنتەر.

مەنهەجی نوێ وەك مەنهەجی کۆن جێگیر و چەسپاو نییە و تەنیا لەلایەن پسپۆڕانی ئەو زانستەوە دانەنراوە کە دەخوێنرێت، هەروەها بایەخ بە لەبەرکردن و تەڵقین و زاڵبوون بەسەر قوتابیدا نادات. مەنهەجەکە لەلایەن گرووپێک لە پسپۆڕانی زانست و پەروەردە و دەروونزانییەوە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفیی دانراوە و ئامانجی ئەوەیە گەشە بە کەسێتی قوتابی بدات و سەرچاوەی جۆراوجۆر بخاتە بەردەستی و بە شێوازی نوێی وانەگوتنەوە بابەتەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە و بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و نەرم و نیان هەڵسوکەوتی پەروەردەیی لەگەڵدا بکات و بیکات بە کەسێکی ئەرێنی و دانەبڕاو لە واقیع (الأسدی، ٢٠٢١، ل ١-٣) ئەمەش مەنهەج لە مانا تەسکە کۆنەکەی دەباتە دەرەوە کە تەنیا بریتی بێت لە پرۆگرامێک کە چەند کتێبێک لەخۆ دەگرێت وەک لە مەنهەجە کۆنەکەدا دەیبینین. مەنهەجی نوێ بەردەوام خۆی ئەبدەیت دەکاتەوە، تەنها لە خوێندنی پەرتووکدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە کۆمەڵە ئەزموون و چالاکییەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و هونەری و وەرزشی پێکدێت لەلایەن ناوەندی خوێندنەوە پلانڕێژی بۆ کراوە و قوتابی لە دەرەوە یان ناوەوەی خوێندنگەکەی دەیخوێنێت (القیسی، ٢٠١٨، ل ٣٩ – ٤١).

ئەگەر لە ڕوانگەی کۆنی و تازەییەوە، مەنهەجی حوجرە و ناوەندەکانی خوێندنی ئایینی لە کوردستان هەڵبسەنگێنین، دەگەین بەوەی مەنهەجەکە بەگشتی کۆنە و مامۆستا تێیدا سەنتەرە و پشت بە پرۆگرامێکی دیاریکراو دەبەستێت و بەشێوەیەکی تەڵقینی بە فەقێکان یان قوتابییەکانی دەوترێتەوە و مامۆستاو پرۆگرام تیایدا سەنتەرن ئەمەش " گوزارشت لە تێڕوانینێکی کلاسیکییانە دەکات کە پێداگیری لە وانەگوتنەوەیەکی ترادسیۆنی یان سوننەتی دەکات، کە تێیدا مامۆستا لە ڕێگەی پرۆگرامە گشتییەکانەوە وانە بە خوێندکاران دەڵێتەوە بەبێ ئەوەی خوێندکاران هیچ ڕۆڵێک لەو پرۆسەیەدا ببینن. بەدارشتنەوەیەکی دیکە ئەم تیۆرییە کلاسیکییانە، خوێندکار وەکو ئۆبێکت دەبینن نەک وەکو سوبێکت (بکەر)" (سەعید، ٢٠٢٢، ل ٤٢)، بۆیە خوێندکار هیچ ڕۆڵێکی پێنەدراوە ئەوە نەبێت گوێگرێکی باش بێت بۆ مامۆستا (بکەر) هەروەک لە خوێندنی حوجرەکاندا دەیبینین، ئەمەش وادەکات گوێگر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی لا دروست نەبێت وەک ئەوەی لەمەنهەجی خوێندنی حوجرەکاندا هەیە کە خوێندکار/ فەقێ بۆی نییە هیچ ڕەخنەیەکی لە ئەو کتێبە بگرێت کە مامۆستا/ مەلا پێی دەڵێتەوە، تەنانەت لە هەندێک باردا فەقێ بەچاوی پیرۆزییەوە سەیری ماددەکە دەکات و زاتی ئەوە ناکات هیچ قسەیەک لەسەر قسەی ئەو زانا ئایینی و ئیمامانە بکات کە ناویان لە کتێبە مەنهەجییەکانیدا هاتووە وەک بڵێی قسەی ئەوان سەنگی مەحەکە و هیچ بوارێکی بۆ ڕەخنەگرتن نەهێشتووەتەوە، بۆیە شێوازی کلاسیکییەی وانەگوتنەوە کە جێگەیەکی بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ڕەخنە بەگشتی تێدا نییە و وەک پیرۆز سەیری مەنهەج دەکات، پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی هەیە.

کەواتە مەنهەج ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ قوتابی بەڕوونی. مەنهەجی نوێ تەنیا لەسەر ڕێگا کۆنەکەی وانەگوتنەوە ناڕوات بەڵکو چەند ڕێگایەکی نوێ بەکاردەهێنێت لەگەڵ تەکنۆلۆژیای زانیاری کە هاوکاری مامۆستایە لە گەیاندنی مەنهەجدا. کەچی لەمەنهەجی کۆندا مامۆستا هەوڵدەدات بەشێوازێکی تەڵقین ئاسا بابەتەکان بئاخنێتە مێشکی قوتابیەوە و ئەویش لەبەریان بکات و دواتر بۆ مامۆستای بڵێتەوە. بەڵام لە مەنهەجی نوێدا قوتابی سەنتەرە و بایەخ بە لایەنی بایۆلۆژی و دەروونی و کەسێتی و دەوروبەری و حەز و خولیاکانی دەدرێت. سەرەڕای ئەوانەش مەنهەجی نوێ شێوازی وانەگوتنەوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت و بەردەوامیش خۆی نوێ دەکاتەوە و پەرە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەدات کە لەمەنهەجە کۆنەکەدا نییە.

**تەوەری یەکەم: مێژووی حوجرەی ئیسلامی نەریتی**

مێژووی قوتابخانەی ئیسلامی - بەپێی هەندێك سەرچاوە - بۆ سەرەتای دابەزینی سروش (وحی) بۆ پێغەمبەر محمد (د.خ) دەگەڕێتەوە، چونکە لە ئەو سەردەمەدا ماڵی (ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم) هەبوو کە تێیدا پێغەمبەر ئەو ژمارە کەمەی خەڵکی کۆ دەکردەوە کە بڕوایان پێی هێنا بوو تا پەیامی ئیسلامیان بۆ ڕوون بکاتەوە. پاشان مزگەوتی (قباء) دامەزراو لەوێ موسڵمانان ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەرەکەیانەوە فێری دەستوورەکانی ئایینی ئیسلام دەبوون کە پشتی بە قورئان وەک کتێبێکی ئاسمانی دەبەست. هەروەها ئیمام (محەممەدی کوڕی سەحنون) باسی لەوە کردووە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا هەندێک قوتابخانە (کتاتیب) بۆ لەبەرکردنی قورئان و فێربوونی زانستەکان هەبوون. لە شاری مەدینەش قوتابخانەیەک بەناوی (دار القرآن) بۆ لەبەرکردنی ئایەتەکان هەبووە. لەدوای دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامیش کەتاتیبەکان زیاتر دیارو فراوان بوون و چەند قوتابخانەیەک لە بەسرە و کوفەو فوستات و قەیرەوان کرانەوە و لەسەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا گەیشتنە ترۆپک. لە سەردەمی عەبباسییەکانیشدا بایەخێکی زۆر بە خوێندن درا و چەند مزگەوتێک دامەزران کە هاوکات قوتابخانەش بوون، لەوانە مزگەوتی (المنصور) لە بەغداد و چەند مزگەوتێکی دیکەی هاوشێوە لە کوفەو بەسرە. لەناو ئەو مزگەوتانەشدا بازنەی زانستی هەبووە کە چەندین زانستی ئایینی و زمانەوانی و گەردووناسی و بیرکاری و پزیشکی و...هتد خوێنراوە.

**مەبەستمان لە ئیسلامی نەریتی ئەو مۆدێلەی ئیسلامە لە باوك و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە و لەسەری ڕۆشتووین و بەشێوەی بۆماوەیی و تەڵقین و لاساییکردنەوە وەرمان گرتووە**

سەبارەت بە مێژووی قوتابخانە ئایینییەکان لە کوردستان، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کاتێک فتوحاتی ئیسلامی لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتتاب)دا بە سەرکردایەتی (عیازی کوڕی غەنەم) گەیشتە کوردستان و کوردەکان موسڵمان بوون، چەند مزگەوتێک دامەزران و بوون بە هەوێنی دامەزراوە پەروەردەییەکان. خۆ ئەگەر بەدڵنیاییەوە (جابانی کوردی) کورد بێت، ئەوا مانای وایە کوردەکان پێش ساڵی (١٨)ی کۆچی پەیوەندییان بە ئیسلامەوە کردووە (البرواری، ٢٠١٣، ل ٥٦٤ - ٥٦٧) . کە دەڵێین (ئەگەر جابانی کوردی کورد بێت) ڕەچاوی ئەوە دەکەین لە هەندێک سەرچاوەی ئیسلامیدا بە

(جابان الصردی) ناوی هاتووە و (الصرد) یش ناوی شوێنێکە (العسقلانی، ١٩٩٥، ل ٥٤٠). بەڵام سەرچاوەی دیکەش هەیە لە کوردبوونی ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر دەدوێت و دەڵێت: وشەی (الصردی) لە (الکردی)یەوە وەرگیراوە و (ک)ی وشەکە گۆڕاوە بە (ص)، ئەگەر شوێنێک هەبووایە بەناوی (الصرد) ئەوا (یاقوتی حەمەوی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (معجم البلدان) باسی دەکرد، بەڵام هیچ شوێنێکی بە ئەو ناوە باس نەکردووە، وەڵێ ناوی یەکێک لە گوندەکانی هەمەدانی بەناوی (سَرْدَرۆذ) هێناوە. ئەو سەرچاوە دەڵێت: ڕەنگە (صردی) لە (سردی)یەوە وەرگیرابێت و نیسبەت بێت بۆ (سردروذ) کە ناوی گوندێکە (الهسنیانی، ٢٠١٨،ل٩٠).

بەهەر حاڵ، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە مێژووی خوێندنی ئایینی ئیسلامیی لە کوردستان کە گومانی تێدا نییە لەمزگەوت و حوجرەکانەوە دەستی پێکردووە، ئەمەش لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە - بەکوردستانیشەوە – دەستی پێکردووە. تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش مزگەوت و حوجرە ڕۆڵێکی باڵایان لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و پێگەیاندنی زانای ئایینی و ئەدیب و ڕۆشنبیری کورددا بەگشتی هەبووە (قادر، ٢٠٢٣، ل ١٢٢).

نووسەری دیاری کورد (حەمە کەریم هەورامی) کە خۆیشی سەردەمانێك فەقێ بووە، ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی حوجرەی فەقێ - وەك بەشێك لە قوتابخانەی ئیسلامی - بۆ ئەو (کتاتیب) انە دەگەڕێنێتەوە کە لەسەردەمی ئومەویەکاندا پەیدا بوون. سەرەتای پەیدا بوونی حوجرەش بەندە بە مزگەوتەوە، چونکە مزگەوت لەکۆنەوە لەپاڵ ڕۆڵە ئایینییەکەی، ڕۆڵی فێرگەیشی گێڕاوە، ئەم ڕۆڵەی دوایی مزگەوت لە کوردستاندا، بۆ یەکەمجار لەلایەن ئەمیرێکی ئەتابەگییەوە بەناوی (ئەبا مەنسوور سەرفەتەکین) بەمزگەوت دراوە.

هەندێك سەرچاوەیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن (خدری کوڕی نەسری کوڕی عوقەیل) کە لەساڵی (٤٨٧)ی کۆچی بەرانبەر (١٠٨٥)ی زایینی لەدایك بووە، لە بەغدا لەسەر دەستی زانا ئایینییە شافیعی مەزهەبەکان خوێندوویەتی، پاشان هاتووەتە هەولێر و ئەمیری ناوبراو مزگەوتێکی بۆ بنیات ناوە تا وانەی تێدا بڵێتەوە، مزگەوتەکەش بەناوی باپیری ئەو مەلاوە ناوی (مزگەوتی عوقەیلی) لێدەنرێت، لەدوای مردنی مەلا خدر، نەوەکانی لەمزگەوتەکەدا وانەیان گوتووەتەوە.

هەر لەسەر ڕێبازی باوکی مەنسوور، سوڵتان (موزەفەرەدینی گوگبوری) کە لە نێوان ساڵانی (٥٨٦-٦٣٠ك/١١٩٠-١٢٣٢ز) ژیاوە، بایەخی بە حوجرە داوە و مەنهەجی خوێندنی قوتابخانە ئایینییەکانی بەغدادی هێناوەتە هەولێر. ئەمەش دوو شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؛

یەکەم، ئەوەیە کە مەلاخدر هۆکاری بڵاوبوونەوەی مەزهەبی شافیعییە لەکوردستان. دووەم، ئەوەیە تەمەنی حوجرەی فەقێ لەکوردستاندا بۆ سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی، بەرانبەر سەدەی یازدەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە.

**مەنهەجی نوێ وەك مەنهەجی كۆن جێگیرو چەسپاو نییە و تەنیا لەلایەن پسپۆڕانی ئەوزانستەوە دانەنراوە كە دەخوێنرێت، هەروەها بایەخ بە لەبەرکردن و تەڵقین وزاڵبوون بەسەر قوتابیدا نادات**

ئەو پێڕەوەی فەقێ لەحوجرەکانی سەر بە مزگەوتدا لەسەری ڕۆشتووە زیاتر کتێب بووە، زۆربەی کتێبەکانیش بەزمانی عەرەبی بوون، هەندێك کتێبی فارسیشیان تێدا بووە. کتێبە مەنهەجییەکانیش لە حوجرەیەکەوە بۆ حوجرەیەکی دیکە و لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی دیکە جیاوازییان تێدا بووە (هەورامی، ٢٠٠٨، ل ٢٧١- ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٧٩). بەڵام لەڕاستیدا مێژووی بنیاتنانی یەکەم حوجرە لەکوردستاندا ڕوون نییە، ئەوەش جێگەی گومانە کە مەلا خدر بۆ یەکەمجار حوجرەی لە هەولێر کردبێتەوە، چونکە پێش ئەو چەندین زانای گەورەی شارەزووری لەکوردستاندا هەبوون، تەنانەت ئەوەندە زۆر بوون ڕۆشتوون بۆ شارە ئیسلامییەکانی دیکەی وەك بەغدا و لەوێ وانەیان گوتووەتەوە، بۆ نموونە (ئەبوبەکری کوڕی ئەحمەدی شارەزووریی) کە لە ساڵی (٢٩٨)ی کۆچی بەرانبەر (٩١٠)ی زانینی کۆچی دوایی کردووە، لە بەغداد مامۆستا بووە. دیارە ئەم زانا ئایینییە شارەزوورییە و زاناکانی دیکەی شارەزوور هەموویان لەبەغدا و دەرەوەی کوردستاندا هەڵنەتۆقیون، بەڵکو پێشتر لە زێدی کوردان خوێندویانەو دواتر بۆ شارو ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان ڕۆشتوون (قەرەداغی، ٢٠٠٩، ل ٢٠).

لە حوجرەکانی کوردستاندا چەندین فەقێی خەڵکی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش هەبوون، ئەمەش مانای وایە حوجرەکانی کوردستان ناوبانگی باشیان لەجیهانی ئیسلامیدا هەبووە. هەر لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیشدا چەندین زانای ئایینی گەورەی کوردی وەك موفتی پێشووی عێراق مامۆستا مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕڕیس) و چەندین گەورەزانا (علامة) ی وەك (مەلا ئەبوبەکری موسەننیفی چۆڕی) و (قزڵجی) و (زەهاوی) هەبوون کە دەرچووی حوجرەکانی کوردستان بوون و لەناوچە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا وەك موفتی و قازی کاریان کردووە و بەناوبانگ بوون، تەنانەت "مەلای کورد گەیشتووەتە شەنگهای لە چین و بوخاراو سەمەرقەند

و هیندو مەراکیش و ئەفریقا، جگە لە میسرو شام و حیجازو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (عەلیاوەیی، ٢٠١٣، ل ج).
هەروەها هەریەك لە (هەڵەبجە) و (هەورامان) بەشێك بوون لەهەرێمی شارەزووری ئەوكات، دەیان زانا و خامە بەدەستیان پێگەیاندووە و لەشارەكانی (موسل، هەولێر، شام و میسر) بوون بە ئەستێرەیەكی دیاری ئایینی و زانستیی، بەڵام زانیاری پێویست سەبارەت بە فێربوونی سەرەتاییان یان پێشینەی خوێندنیان زۆر نییە، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی بایەخدانی زیاتری مێژوونووسان بە شەڕو شۆڕەوە بوویێت نەك بزاوتی زانستی، ئەو زانیاریانەیشی سەبارەت بە زانایانی شارەزوور لەبەردەستدان لێرە و لەوێ مێژوونووسانی عەرەبی و ئیسلامی و گەڕیدەكان و ڕۆژهەڵاتناسەكان نووسیویانە، بۆ نموونە مێژوو نووس و جوگرافیناسی دیاری ئیسلامیی (یاقوتی حەمەوی) لە كتێبی (معجم البلدان) دا هێمای بۆ خوێندەوار و قازی و فەقیهە گەورەكانی شارەزوور كردووە، لەبەر زۆری ژمارەیشیان نەیتوانوە ناوی هەموویان بهێنێت. هەروەها ئیمام (ئەبو حامیدی غەزالی) دانی بەوەدا ناوە ئایینی ئیسلام لەسەر سێ دینگە ڕاوەستاوە كە (دەینەوەری، ئامێدی و شارەزوور)ن ئەمەش مانای وایە مێژووی خوێندنی ئایینی لەكوردستاندا كۆنە (قادر، ٢٠٢٣، ل ١٢٣، ١٢٥) و هەر لەكۆنیشەوە مەنهەجێك دانراوە كە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە و بەپێی تێپەڕینی كات هەندێك گۆڕانكاریشیان تیادا كراوە.
لە كۆندا، لە سیستمی خوێندنی حوجرەدا، یاسایەكی نووسراوی كۆنكریتی نەبووە، تەنانەت تاقیكردنەوەش نەبووە یان زۆر كەم بووە. لەبری تاقیكردنەوە موناقەشەو دیبەیتی زانستی هەبووە لەنێوان فەقێكاندا، بەتایبەتی لەشەوانی سێشەممە و هەینی و لە ئەو كاتانەی فەقێی حوجرەكان سەردانی یەكتریان كردووە، ئەمەش سوودی زۆر بەفەقێكان گەیاندووە، ئەوەی موناقەشەی لەسەر بكرایە تا مردن لەبیر نەدەچووەوە (عەلیاوەیی، ٢٠٠٣، ل ٣٩، ٤٠). شێوازی خوێندن لە حوجرەكانی ئیسلامی نەریتیدا بەپێی مەنهەجە كۆنەكە مامۆستا سەنتەری بووە، بەڵام چەند تایبەتمەندییەكی هەبووە كە جیاوازن لەخوێندن لە قوتابخانە فەرمییەكانی میری، تایبەتمەندییەكانیش لەم خاڵانەدا دەردەكەون (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل ٩):
١-مەرج نییە فەقێ لەمنداڵییەوە دەست بەخوێندن بكات.
٢-مەرج نییە لەماوەیەكی دیاریكراودا، لەتەمەنێكی دیاریكراودا، قۆناغەكان ببڕێت و تەواویان بكات.
٣-كەوتن و مانەوەی فەقێ لەقۆناغێكدا وەك سیستمی قوتابخانەی میری نییە.
٤-مەرج نییە فەقێ مەڵبەندی خوێندنی لێوە نزیك بێت، بەڵكو هەر لە

سوختەییەوە ئەم شوێن و ئەو شوێن دەکات.

٥-خوێندن لە حوجرەدا وەکو حوێندنی قوتابیانی قوتابخانەی میری ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەردەوامی نییە.

٦-بەزۆری فەقێ لە هەڵبژاردنی مامۆستادا ئازادە.

٧-ئەو هەموو ڕێنماییەی لە قوتابخانەی میریدا هەن، لەحوجرەدان کەمن.

**تەوەری دووەم:**

**مەنهەجی حوجرەی ئیسلامی نەریتی**

مەنهەجی خوێندنی حوجرەی نەریتی لە کۆمەڵە کتێبێك پێکدێت کە مەرج نییە فەقێ تا ئەو کاتەی مۆڵەتی مەلایەتی (الإجازة العلمية) وەردەگرێت هەموویان بخوێنێت، مۆڵەتەکەش وەك بڕوانامەی زانکۆ وایە، بریتییە لە نووسراوێك کە ناوی مەلای تازەو هەموو ئەو مەلایانەی پێشووی تیایە کە یەك لەدوای یەك مۆڵەتیان بەیەکتر داوە، ئەمەش دیکۆمێنتێکی گرنگە و ڕەسەنایەتی خوێندنەکە دەردەخات. کتێبەکانیش بەسەر ئەم قۆناغانەی خوارەوەدا دابەش کراون:

١-قۆناغی یەکەم، کوتابی – قوتابی

٢-قۆناغی دووەم، سوختەیی

٣-قۆناغی سێیەم، ناسکە موستەعید (مقدمات)

٤-قۆناغی چوارەم، موستەعیدی تەواو

٥-قۆناغی پێنجەم، دوا مادەکان (المواد الأخيرة)

هەریەك لە ئەم قۆناغانە ژمارەیەك کتێبی بۆ دانراوە کە بەمشێوەی خوارەوە بەسەر قۆناغەکاندا دابەش دەبن:

**مێژووی قوتابخانەی ئیسلامی - بەپێی هەندێك سەرچاوە - بۆ سەرەتای دابەزینی سروش (وحی) بۆ پێغەمبەر محەممەد (د.خ) دەگەڕێتەوە**

**١-قۆناغی یەکەم، کوتابی**

قوتابی حوجرە لەسەرەتاوە لە (سیپارە) هوە دەستی پێدەکرد کە بۆ ناسینی پیتەکان بەکاردەهات، دواتر دەچووە سەر خوێندنی قورئانی پیرۆز و لە جوزئی (عَمَّ)هوە دەستی پێدەکرد، هاوکات مەرج بوو وردە کتێبەکانی وەك: (لوغەتنامەی ئەحمەدی، ئیسماعیل نامە، باغەبان، سەنگتراش، نان و ماست، ناگەهان، بیاداود، گولستان و بوستان) بخوێنێت، بەڵام ئەم وردە کتێبانە لە حوجرەکانی دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی دیکە یان لە حوجرەیەکەوە بۆ حوجرەیەکی دیکە جیاواز بوون و مەرجیش نەبووە سوختە هەموویان تەواو بکات.

**قۆناغی دووەم، سوختەیی**

دەرچووانی قۆناغی یەکەم کە دەهاتنە قۆناغی دووەم بە (سوختە) ناودەبران و ئەم کتێبانەیان دەخوێند: (عەواملی جورجانی، عەواملی بورکەوی، کتێبی فتح القریب لە فیقهی شافیعی، کتێبی سەعدوڵڵای گەورە، کتێبی سەعدوڵڵای بچووك، کتێبی أنموذج، کتێبی شرح مغني المحتاج، کتێبی عوامل الدواني، کتێبی إظهاری مەلا حەسەن، کتێبی مراح الأرواح، کتێبی مقصود، کتێبی بناء، کتێبی إظهار البركوي، کتێبی منوب، کتێبی فعل سعد الله، کتێبی الصمدية، کتێبی تصریف مەلا عەلی و قزڵجی و قەرەباخی، کتێبی الاستعارة، کتێبی الوضع).

**١-قۆناغی سێیەم، ناسکە موستەعید**

سەرەتای ئەم قۆناغە بە کتێبی (جامی) دەستپێدەکات و پاشان دەبوایە هەر لەو قۆناغەدا ئەم بابەتانەش تەواو بکات: (کتێبی الفتاوی/ قول أحمد، کتێبی عبدالله یزدي، کتێبی شرح الشمسية ومغني الطلاب، کتێبی السيوطي وأبو طالب، کتێبی الشافية وسلم المنطق).

**٢-قۆناغی چوارەم، موستەعیدی تەواو**

کتێبە دیاریکراوەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە (کتێبی شرح المنهج لە فیقهی شافیعی، کتێبی البیضاوی، کتێبی المدارك، کتێبی البخاري، کتێبی تحفة المحتاج فی شرح المنهاج، کتێبی الفرائض، کتێبی گلنبوی ئاداب بەشەرحی (پێنجوێنی و قەرەداغی)، کتێبی (رسالة في المذهب الحنفي، کتێبی قوشچی لەبارەی الوضع، کتێبی عصام الدين لەبارەی زانستی ڕوونبێژی، کتێبی كمال الدين لەبارەی زانستی سەرف، کتێبی سەید عەبدوڵڵا، کتێبی إرشاد العباد إلى سبيل الرشاد، کتێبی رياض الصالحين کە فەرموودەیە، کتێبی منهاج الطالبين، کتێبی فتح المعين).

**٣-قۆناغی پێنجەم، دوامادەکان**

ئەمە دوایین قۆناغەکانی مەلایەتییە، دوای ئەمە مەلا مۆڵەتی زانستی وەردەگرت، لەم قۆناغەدا ئەم کتێبانەی دەخوێند: (شرح الشمسية لەگەڵ حاشیەکەی، گلنبوی برهان، شرح العقائد، کتێبی (مير أبو الفتح)، کتێبی جلال الدين الدواني، کتێبی المطول، کتێبی جمع الجوامع، کتێبی القاضی مع تعلیقات لاری، تهذيب الكلام، کتێبی التشريح، شرح الجغميني، خلاصة الحساب، الأسطرلاب، ربع المجيب والمقنطر، أشكال التأسيس، شرح المطالع، شرح المواقف، شرح المقاصد، شرح الطوالع، التلويح و مختصر المنتهی).

بەگشتی خوێندنی حوجرە لە سەرەتاوە تا کۆتایی (٢٥) ساڵی پێچووە و بەخۆڕاییش بووە، بەڵام مەرج نەبووە فەقێ لەماوەی ئەو ساڵانەدا هەموو ئەو کتێبانەی ناومان بردن بخوێنێت، هەروەها هەموو حوجرەکان هەمان مەنهەجیان نەبوو،

بەڵکو مەنهەجەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەو کتێبانەیان لەخۆیان دەگرت کە ناومان بردن، هەروەها لە هەندێك حوجرە هەندێك کتێب خوێنراوە، لە حوجرەیەکی دیکە نەخوێنراوە، ئێستاش هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل ١٠-١٥، ٤١).

### مێژووی خوێندنی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان کە گومانی تێدا نییە لەمزگەوت و حوجرەکانەوە دەستی پێکردووە، ئەمەش لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە - بەکوردستانیشەوە – دەستی پێکردووە

لەکۆندا بەگشتی فەقێ هەر لەیەك حوجرە و لەیەك دەڤەر و لای یەك مامۆستا نەیخوێندووە، بەڵکو بۆ ئەوەی زانستی زیاتر و ئەزموونی جۆراوجۆرتر وەربگرێت، لەچەند حوجرەیەکدا خوێندوویەتی، لەو پێناوەشدا لە ئەم دەڤەرەوە بۆ ئەو دەڤەر گەشتی کردووە، بەو هۆیەیشەوە زمان و دیالێکتی جۆراوجۆر فێر بووە و دنیابینی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوان بووە. فەقێ هەبووە باوکی مەلا بووە و حوجرەی هەبووە، بەڵام هەندێك کتێبی لەحوجرەکەی باوکی خوێندووە و پاشان بەحوجرەکانی دیکەدا گەڕاوە، ئەم نەریتی گەڕان بەدوای حوجرەی باشترو مامۆستای باشترەدا تا ئەمڕۆش پەیڕەو دەکرێت " لەناو مەلاو فەقێیان دەزاندرا کام مەلا لەو عیلمەدا باڵادەستە بۆیە فەقێ شانازی بەوەوە دەکرد ئەو کتێبەی لای فلان مامۆستا خوێندووە کە لەو عیلمەدا زۆر شارەزا بووە، بۆ عیلمێکی تر چوەتە لای مامۆستایەکی تر کە ئەویش لەو بوارەدا ناوی هەبووە. کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پڕ بوە لە مەدرەسەو زانایانی گەورەو ناودار کە لە زرۆبەی وڵاتانی ئیسلامییەوە ڕوویان تێکردوونە... لە بوخاراو سەمەرقەندەوە هاتوون بۆ خوێندن. واتە فەقێ بەئازادی هات و چۆی کردووەو بە ئازادی شوێنی خوێندنی خۆی هەڵبژاردووە و ئازادیش بوە لەوەی چ دەخوێنێ، بەمەرجێ مامۆستاکەی ڕازیی بێ" (عەلیاوەیی، ٢٠٠٣، ل. ب.ج).

هەروەها فەقێ ئازاد بووە لەوەی ڕیزبەندی کتێبە مەنهەجییەکان تێکبدات، کتێبەکانیش بەسەر دوازە عیلمدا دابەش دەبوون کەبریتین لە ( النحو، الصرف، البلاغة، الفقه، أصول الفقه، المنطق، الآداب، الكلام، الفلسفة، الهيئة والفلك، الرياضيات والهندسة، فقه اللغة) ئەمانە دوازە عیلمە سەرەکییەکەی حوجرە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا (زانستی پزیشکی، زانستی کیمیا، ڕاڤەی قورئان، فەرموودەناسی)ش خوێنراوە. لە بواری ئەدەبدا کێشناسی شیعر (علم العروض) و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسیش خوێنراوە (البرواري، ٢٠١٣، ل ٥٦٨).

ڕیزبەندیی و ژمارەی دوازدە عیلمەکەش جێگیر نییە و زیادو کەمیان هەیە، بەڵام لەناو کوردەواریدا هەر دوازدە عیلمەکە بەناوبانگ بوون، ئەگەرنا لە چەرخی (١٢-١٤)ی کۆچیدا نزیکەی (٢٤) عیلم بووون. هەندێك لەوانە عەرەبی بوون، هەندێکی دیکەیان لە بێگانەوە لەسەردەمی عەبباسییەکاندا وەرگیراون و وەرگێڕدراون.

دوازدە زانستە عەرەبییەکەش ئەمانەن:

-علم الآداب والمناظرة
-علم المعاني والبلاغة
-علم الصرف والاشتقاق
-علم النحو والإعراب
-علم الوضع
-علم البديع
-علم البيان والاستعارات والمجاز
-علم أصول الفقه
-علم الفقه والميراپ والشريعه
-علم الكلام والعقائد
-علم التفسير
-علم الحديث

ئەو عیلمانەیشی لە نا مسوڵمانەکانەوە وەرگیراون ئەمانەن:

-علم المنطق والميزان والفلسفة
-علم الحكمة والطبيعيات
-علم العناصر
-علم الإلهيات
-علم الهندسه والمقياس
-علم الحساب والجبر
-علم الرياضيات والأفلاك
-علم العروض
-علم الخط والإنشاء
-علم معرفة الميقات والأوقات وفصول السنة والقنوات
-علم الكف والرمل والأكاسير
-علم القيافة والخراسة والتشريح
-علم الطب

بەڵام فەقێ هەموو ئەم عیلمانەی نەخوێندووە. هەر فەقێیەکیش بەڕادەی زیرەکی و ئەو مەنهەجەی خوێندوویەتی، پێ بەپێ بە پەیژەی زانستدا سەرکەوتووە و بە ئەندازەی زانینەکەی ناوی لێنراوە، هەر لەئەمەشەوە جۆرەکانی مەلا پەیدا بوون کە بریتین لە:

١-مەلای هەرەچاك
٢-مەلای چاك
٣-مەلای تێگەیشتوو زیرەك
٤-کۆلکە مەلا
٥-گۆلکە مەلا

ئەرکی هەریەك لە ئەم مەلایانەش لە حوجرەکان و کۆمەڵگەدا دیاریکراو بوو، بۆ نموونە: مەلا هەرەچاکەکان دەیانتوانی مۆڵەتی مەلایەتی بە ئەو فەقێیانە بدەن کە دوا مادەکانیان دەخوێنند. ئەم مەلایانە لەلای پیاوی گەورەو خانەدان ڕێزی تایبەتییان هەبوو، لەدوایان دەگەڕان بیانکەن بە مەلاو خزمەتیان بکەن. ئەمانە مەلای دوازدە عیلم بوون، پێیشان گوتراوە مەلای (ابن الحجر) و حوجرەکانیشیان لە (٣٠) فەقێ کەمتری لێنەبووە (عەلیاوەیی، ٢٠٠٣، ل ٩٣).

لەحوجرە نەریتییەکاندا لەپاڵ خوێندنی ئەو زانستانەدا، فیقهی مەزهەبەکانی دیکەی جگە لە مەزهەبی شافیعی خوێنراوە، بۆ نموونە لە مەزهەبی حەنەفی (الدر المختار) و حاشیەکەی بەناوی (رد المحتار) خوێنراوە کە بە حاشیەی (ابن عابدين) ناسراوە. هەروەها لە مەزهەبی (حەنبەلی) کتێبی (المغني) خوێنراوە. لەمەزهەبی (مالیکی)ش کتێبی (مواهب الجليل شرح مختصر خليل) خوێنراوە (البرواري، ٢٠١٣، ل ٥٧٥)

## تەمەنی حوجرەی فەقێ لەکوردستاندا بۆ سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی، بەرامبەر سەدەی یانزەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە

شێوەی خوێندن لەحوجرەکانی ئیسلامی نەریتیدا لە حوجرەیەکەوە بۆ حوجرەیەکی دیکە گۆڕاوە، لەهەندێکیاندا تەنیا وانە ئایینییەکان خوێندراون، لەهەندێکی دیکەیان فەقێکان پەروەردەی ڕۆحی و عیرفانی کراون وەك لە (حوجرەی خانەقابی بیارە)دا هەبووە هەیە. هەروەها فەقێکان لەناو خۆیاندا پرسیاریان لەیەك دەکرد و بابەتە ئایینییەکانیان تاوتوێ دەکرد، لەڕووی جلوبەرگیشەوە فەقێکان پۆشاکی کوردییان لەبەر دەکرد و ئێستاش هەروایە.

کەواتە زانست و بوارە مەعریفییەکان لە مەنهەجی حوجرەکانی ئیسلامی نەریتیدا جۆراوجۆر بوون، فەقێکانیش هەر بە خوێندنەوە سەرقاڵ نەبوون، زۆرجار خۆیان بەخوێندنەوەی ئەدەبیاتەوە سەرقاڵ کردووە و شیعریان داناوە و شەڕە شیعریان کردووە. هەندێك جاریش یاری کوردەوارییان کردووە، لەوانە : (فڕی فڕی قەل فڕی، گەنم گەنم، کڵاو فڕکێنە..تاد) ". (زەڵمی، ٢٠١٤، ل ٥٣)، بەڵام ئێستا هەموو ئەو یاریانە ناکرێن، بۆ ئەوەی ئەو یارییانە نەفەوتێن، پێویستە وەك کەلەپورێکی میللی و بەشێك لە فۆلکلۆری کوردی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. هەروەها بەشێك لە ئەو زانست و کتێبانەی لەحوجرەکانی کۆندا خوێندراون، ئێستا ناخوێندرێن و قۆناغەکانی خوێندنیش حوجرەش لەهەندێك حوجرە گۆڕانکارییان تێدا کراوە، وەك لەم خشتەی خوارەوە دەیبینین کە لە (٨) قۆناغ پێکدێت و لەلایەن حوجرەی مزگەوت و خانەقای بیارەوە بۆمان نێردراوە. لە حوجرەی ناوبراو، پێش ئەوەی سوختەیەك بچێتە ناو قۆناغەکانی خوێندنی حوجرەوە، دەبێت قوتابییەکە قورئانی پیرۆز تەواو بکات و بەمشێوەی خوارەوەش قۆناغەکان ببڕێت :

| | |
|---|---|
| قۆناغی یەکەم | 1- كتاب الأحمدية وهو قاموس عربي كردي بالنظم للشيخ معروف النودهي، العوامل للجرجاني |
| | 2- الأجرومية |
| | 3- كتاب البناء في علم الصرف |
| | 4- تصريف الزنجاني |
| | 5- أيها الولد للإمام الغزالي |
| | 6- حفظ جزء عم |
| قۆناغی دووەم | 1- الأنموذج في النحو |
| | 2- عقيدة العوام أو جوهرة التوحيد |
| | 3- هداية المستفيد في علم التجويد |
| | 4- متن الغاية والتقريب (فتح القريب) في الفقه الشافعي |
| | 5- حفظ جزء (تبارك) مع تفسير الجلالين |
| قۆناغی سێیەم | 1- الإظهار للعلامة البركوي |
| | 2- تصريف الملا علي الأشنوي |
| | 3- المنظومة البيقونية في مصطلح الحديث |
| | 4- رسائل العرفان في الصرف والنحو والوضع والبيان للشيخ عبد الكريم المدرس |
| | 5- المنهاج للإمام النووي (العبادات) |
| | 6- متن الجزرية في التجويد |
| قۆناغی چوارەم | 1- الفوائد الضيائية لمولانا عبد الرحمن الجامي |
| | 2- المنهاج للإمام النووي (المعاملات) |
| | 3- تفسير النسفي (الجزء الأول) |
| | 4- مباحث في علم القرآن |
| | 5- العقيدة الطحاوية |
| قۆناغی پێنجەم | 1- البهجة المرضية أو شرح ألفية ابن عقيل |
| | 2- شرح شافية ابن الحاجب |
| | 3- نزهة النظر شرح نخبة الفكر |
| | 4- المنهاج (النكاح والطلاق) |
| | 5- تفسير النسفي (الجزء الثاني) |
| | 6- رياض الصالحين |
| | 7- شرح الرحبية في علم الفرائض |

| | |
|---|---|
| قۆناغی شەشەم | 2- اداب البحث والمناظرة، د.محمد محيي الدين عبد الحميد |
| | 3- كلنبوي آداب مع حاشية البينجويني |
| | 4- المقالات في المقولات للشيخ عبد الكريم المدرس |
| | 5- شرح المنهج (العبادات) وتفسير النسفي (ألجزء الثالث) |
| قۆناغی حەوتەم | 1- شرح العقائد النسفية للتفتازاني |
| | 2- مختصر المعاني أو منزل المباني شرح الأقصى الأماني للقاضي زكريا |
| | 3- شرح المنهج (المعاملات) |
| | 4- فتح المغيث شرح ألفية الحديث للحافظ العراقي |
| | 5- تفسير البيضاوي (الجزء الأول) |
| قۆناغی هەشتەم | 1- جمع الجوامع بشرح المحلي |
| | 2- كتاب (النكاح والطلاق) من تحفة ابن حجر |
| | 3- أجزاء من صحيح البخاري ومسلم – كتابة البحث |
| | 4- تفسير البيضاوي ( الجزء الثاني) |
| | 5- القواعد الفقهية |

هەروەها مەنهەجی خوێندن لە حوجرەی (بەحرکە) لە (٣) قۆناغ پێك دێت، بەڵام پێش ئەوانە پێویستە قوتابی قورئان تەواو بکات و بەمشێوەیەی خوارەوە قۆناغەکان ببڕێت:

| | |
|---|---|
| قۆناغی یەکەم (سوختە) | 1- كتاب الأحمدية، للشيخ معروف النودهي، وهو عبارة عن قاموس صغير (عربي – كردي)، وإذا كان الطالب متقدماً في مراحل الدراسة الأكاديمية قد لا يطالب بهذا الكتاب. |
| | 2- العوامل الجرجانية للشيخ عبدالقاهر الجرجاني)، (الأجرومية للإمام الصنهاجي)، (الأنموذج للإمام الزمخشري)، (الإظهار للعلامة البركوي)، جميعها في علم النحو. |
| | 3- كتاب متن الغاية والتقريب، في الفقه. |
| | 4- الأربعين النووية) في أحاديث رسول الله -صلى الله عليه وسلم- بفضل حفظه. |
| | 5- كتاب (البناء) و (تصريف الزنجاني للشيخ إبراهيم الزنجاني) و (تصريف ملا علي للعلاّمة الأشنوي)، أو (شرح التفتازاني على تصريف العزي) بدلا من تصريف ملا علي، وكل هذه الكتب في علم الصرف. |
| | 6- رسالة الاستعارة والوضع لملا أبي بكر المير روستمي) في علم البلاغة والوضع. |
| | 7- الفقه المنهجي في الفقه على مذهب الإمام الشافعي)، تمت إضافتها في الآونة الأخيرة، أو كتاب (إعانة الطالبين)، بفضل قرائتهما. |
| | 8- (الصمدية) في علم النحو، أو (قطر الندى)، بفضل قرائتهما. |

| | |
|---|---|
| قۆناغی دووەم ( فەقێ) | 1- (جوهرة التوحيد) أو(عقيدة العوام) أو (بدأ الأمالي) في العقيدة. |
| | 2- الفوائد الضيائية للعلامة عبدالرحمن الجامي.( |
| | 3- البهجة المرضية للإمام السيوطي)، أو (شرح ابن عقيل على ألفية الإمام مالك). |
| | 4- (سيد عبدالله) أو (كمال) كلاهما شرح شافية ابن الحاجب في علم الصرف. |
| | 5- مغني الطلاب)، أو (حسامكاتي)، كلاهما شرح (إيساغوجي)، أو (الأساس في المنطق). |
| | 6- (طلنبوي آداب) أو (آداب البحث والمناظرة) لمحمد محي الدين عبدالحميد. |
| | 7- المنهاج للإمام النووي في الفقه على مذهب الإمام الشافعي. |
| | 8- شرح الرحبية في الفرائض. |
| | 9- في علم الحديث: (شرح الإمام السيوطي على ألفية الحافظ العراق)، أو (التقريب والتيسير للإمام النووي) أو (نزهة النظر شرح نخبة الفكر كلاهما للحافظ ابن حجر العسقلاني) أو (رحمة المغيث في علم الحديث) تأليف الشيخ ملا طاهر البحركي. |
| | 10- قسم الفرائض في كتاب (شرح المنهج للشيخ زكريا الأنصاري). |
| | 11- شرح ورقات إمام الحرمين لجلال الدين المحلي. |
| | 12- (رياض الصالحين) للإمام النووي في أحاديث رسول الله صلى الله عليه وسلم. |
| قۆناغی کۆتایی(موستەعید) | علم أصول الفقه للشيخ (عبدالوهّاب خلاّف). |
| | رسائل الرحمة في المنطق والحكمة للشيخ عبدالكريم المدرس، أو (شرح عبدالله اليزدي على تهذيب المنطق) في المنطق. |
| | شرح العقائد النسفية للعلامة التفتازاني. |
| | مختصر المعاني في البلاغة للعلاّمة التفتازاني. |
| | الكافي في العروض والقوافي)، أو (ميزان الذهب) في علم العروض. |
| | جمع الجوامع) في أصول الفقه، أو (لب الأصول) مع شرحه غاية الوصول لشيخ الإسلام زكريا الأنصاري. |
| | كتاب (الطلاق) وكتاب (النكاح) من (تحفة المحتاج) للشيخ ابن حجر الهيتمي. |
| | تفسير سورة (الفاتحة) و (الكهف) و (يس) من تفسير الإمام البيضاوي أو مدارك التنزيل للإمام النسفي. |
| | أجزاء من (صحيح البخاري) أو (صحيح مسلم). |

بەشێوەیەکی گشتی لەکۆندا، خوێندن لە حوجرەکاندا هەر لە سێ قۆناغ پێکهاتووە، بەڵام ئێستا لە هەندێك حوجرە گۆڕانكاری لە قۆناغەکاندا كراوە و بووە بە هەشت قۆناغ وەك بینیمان. لەکۆن و لە ئێستاشدا کاتێك فەقێ قۆناغێك تەواو دەکات، وانەی بە ئەو فەقێیانە دەگوتەوە كە لەقۆناغی خوارترن (البشدري، ٢٠٢٢، ل ٤٤٣-٤٤٤) ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی حوجرەکان کێشەی کەمی مامۆستایان نەبێت و فەقێ وانەبێژیش بەباشی لە زانستەکان بگات.

**لە حوجرەکانی کوردستاندا چەندین فەقێی خەڵکی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش هەبوون، ئەمەش مانای وایە حوجرەکانی کوردستان ناوبانگی باشیان لەجیهانی ئیسلامیدا هەبووە**

هەروەها (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) مەنهەجێکی بۆ حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی داناوە و لەگەڵ چەند ڕێنماییەکدا لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیشدا بڵاوی کردووەتەوە (وقائع کوردستان، ٢٠٢١، ل ٢١) بەڵام تا ئێستا هەموو حوجرەکان لەسەر ئەم مەنهەجە ناڕۆن کە بەمشێوەی خوارەوەیەو من بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك دایدەنێم، هەرچەندە هەڵەی زمان و ڕێنووس و نووسینی ناوی کتێبەکانی تێدایە:

خوێندنی فەقێیان لە حوجرە دەست پێدەکات بە خوێندنی قورئانی پیرۆز، کۆتایی دێت بە (بحث التخرج). خوێندنەکەش بەمشێوەی خوارەوە قۆناغ بەقۆناغ لە ئەم خشتەیەدا لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە دانراوە، بەڵام لەخشتەکەدا چەند هەڵەیەك لەنووسینی ناوی کتێبەکاندا هەیە و ئێمە وەك خۆیان دەیاننوسین:

| ژ | کتابی خوێندن | دەقی مەنهەج | |
|---|---|---|---|
| 1. | ختم القرآن الكريم | القرآن الكريم | بخوێندرێ بۆ ماوەی (2) ساڵ قۆناغی یەکەم |
| 2. | أحمد | لغة | |
| 3. | عوامل جرجاني ـ بركوي، اجرومية | نحو | |
| 4. | بناء، تصريف زنجاني | صرف | |
| 5. | أنموذج | نحو | |
| 6. | فتح القريب | فقه | |
| 7. | رياض الصالحين | تزكية وموعظة | |
| 8. | إظهار | نحو | |
| 9. | تصريف ملا علي | صرف | |
| 10. | هداية المستفيد او ما يعادلها | تجويد | |
| 11. | استعارة، كوردولوجي | بيان | |
| 12. | ملا جامي | نحو | |
| 13. | تيسير مصطلح الحديث، الأربعين النووية مع الحفظ | علوم الحديث طحاوي | |
| 14. | مغني الطلاب | منطق | بخوێندرێ بۆ ماوەی (2) ساڵ قۆناغی دووەم |
| 15. | فقه السيرة، إدارة المساجد | محمد رمضان البوطي | |
| 16. | ابن عقيل | نحو | |
| 17. | متن المنهاج | فقه | |
| 18. | شرح الرحبية، قسم الفرائض من كتاب شرح المنهج | فرائض | |
| 19. | سيد عبدالله، حقوق الإنسان في الإسلام | صرف، بحث | |
| 20. | رسالة في علوم القرآن، أحمد عادل كمال، مانع القطان | البرهان في علوم القرآن | |
| 21. | عبدالملك السعدي، شرح العقائد النسفية | عقائد | |
| 22. | مختصر المعاني، علم النفس التربوي | بلاغة (البيان، معان، بديع) | |
| 23. | جمع الجوامع، الورقات | أصول الفقه | بخوێندرێ بۆ ماوەی (2) ساڵ قۆناغی کۆتایی |
| 24. | جزء من صفوة التفسير، مدارك، بيضاوي مع حفظ ثلاثة أجزاء من القرآن الكريم | تفسير القرآن | |
| 25. | ئەدەب و مێژوو ڕێزمانی کوردی | الثقافة الكوردية | |
| 26. | فن الخطابة | دعوة | |

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەگەین بەوەی بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە مێژووی حوجرەی نەریتی هەیە، بەڵام هەموو رایەکان لەسەر ئەوە کۆکن خوێندنی حوجرە مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەروەها مەنهەجی خوێندنەکەیش بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش دەبێت، هەر قۆناغێکیش کۆمەڵە کتێبێك لەخۆ دەگرێت، بەڵام هەم کتێبەکان و هەمیش قۆناغەکان لەحوجرەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی و لێکچوونی هەیە.

**لە کۆندا، لە سیستمی خوێندنی حوجرەدا، یاسایەکی نووسراوی کۆنکریتی نەبووە، تەنانەت تاقیکردنەوەش نەبووە، یان زۆرکەم بووە. لەبری تاقیکردنەوە موناقەشەو دیبەیتی زانستی هەبووە لەنێوان فەقێکاندا**

خوێندن لە حوجرە لەسەر بنەمای مامۆستا سەنتەرییە و پشت بە شێوازی تەڵقینی و وەرگرتن و هەندێکجار لەبەر کردن و گوتنەوە دەبەستێت. مەنهەجەکەش هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ گۆڕانکاییەکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە، ئەوەیشی کراوە بریتییە لە لابردنی چەند کێتبێك و دانانی چەند کتێبێکی دیکە لەشوێنی، هەندێك زانست و کتێبی لابراون و هیچ لەشوێنیان دانەنراوە، بۆ نموونە: لەکۆندا ئەم کتێبانە خوێندراون: (شرح الشمسية، خلاصة الحساب، شرح الطوالع، التلويح، مختصر المنتهى، تهذيب الكلام، مغني اللبيب، شرح الشمسية، إيضاح المناسك للإمام النووي ...تد) بەڵام ئێستا ناخوێنرێن. هەندێك کتێبی دیکەش هەن وەك (عوامل الجرجاني، عوامل البركوي، فتح القريب، رياض الصالحين و فتح القريب) کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش دەخوێنرێت.

**ئەنجامەکان**

١-مەنهەجی حوجرەو ناوەندەکانی خوێندنی ئایینی ئیسلامی نەریتی بەگشتی کۆنن و پشت بە شێوازی تەڵقینی دەبەستن، بۆیە پێویستییان بە پێداچوونەوە و چاودێری هەیە بۆ ئەوەی شێوازی وانەگوتنەوە بگۆڕن و بە واقیعەوە ببەسترێنەوە و لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکان و شێوازەکانی وانەگوتنەوەی سەردەمدا هەڵبکەن.

٢-مێژووی یەکەم حوجرەی ئیسلامی نەریتی لەکوردستاندا ڕوون نییە و شارەزایان بۆچوونی جیاوازیان لەسەری هەیە.

٣-بەدرێژایی مێژووی حوجرەکان، هەندێك گۆڕانکاری لە مەنهەجدا ڕوویانداوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی شەکلی بووە و تەنیا لە لابردنی کتێبێکی مەنهەجی و خوێندنی

کتێبێکی دیکەدا کورت بووەتەوە.
٤-بەبەراورد بە ڕابردوو، گۆڕانکاری تاڕاددەیەك بەرچاو لە ئەو مەنهەجی حوجرەدا دەبینین، بەتایبەتی ئەو مەنهەجەی وەزارەتی ئەوقاف بۆ حوجرەکانی ناردووە، بەڵام گشت حوجرەکان پەیڕەوی مەنهەجەی ئەوقاف ناکەن، ئەمە جگە لەوەی مەنهەجەکەی ئەوقافیشدا کەموکوڕی هەیە.

### بەگشتی خوێندنی حوجرە لە سەرەتاوە تا کۆتایی (٢٥) ساڵی پێچووە و بەخۆڕاییش بووە

٥-مەنهەجی حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی لەڕووی زمان و نەتەوەوەو میانڕەوی و پێکەوەژیانەوە خزمەتێکی زۆریان بە کورد و کوردستان کردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی بابەتەی جیاواز و زانستی عەقڵییان تێدا خوێندراوە و سەرچاوەی مادی و مەعنەوییان ناوخۆیی بووە.
٦-هەندێك لە ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی کراون دروستن و هەندێکی دیکەیان نادروستن و زیادەڕەوویان تێدایە و ڕەخنەی بابەتی نین.
٧-خوێندنی مەنهەجی حوجرەکانی ئیسلامی نەریتی جاران ماوەیەکی زۆری خایاندووە و بە (٢٠) تا (٢٥) ساڵ تەواو کراوە. هەروەها لەحوجرەدا زیاتر لە دوازدە عیلم هەبوون، بەڵام فەقێیەك بۆ ئەوەی ببێت بە مەلا تا دوازدە عیلمی خوێندووە، بۆیە پێیانگوتووە مەلای دوازدە عیلم، بەڵام لە ئەمڕۆدا مەرج نییە مەلایەك تا ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت ئەو دوازدە عیلمەش بخوێنێت.
٨-خوێندنی زانستە عەقڵییەکان لەحوجرەکانی ئیسلامی نەریتی زیاتر هەوێنی میانڕەوی و پێکەوە ژیان بووە.
٩-مەنهەجی حوجرەکانی کوردستان بەتەواوی لەگەڵ واقیع ئەمڕۆی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا گونجاو نین، چونکە ئەو بابەتانەی کە تیایدا خوێندراون گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، هەروەها چەندین تێگەیشتنی جیاواز و بابەتی نوێی زانستیش هەن کە لەحوجرەکاندانین.

---

### سەرچاوەو ژێدەرەکان بەزمانی کوردی

**یەکەم: کتێب**

- بەرزنجی، عومەر شێخ لەتیف (٢٠٠٧)، ڕەوشی حوجرە لە پێگەیاندنی زانا ئایینییەکانی شاری هەولێر، هەولێر: چاپخانەی منارە.
- زەڵمی، مستەفا (٢٠١٤)، کاروانی ژیانم، بەرگی یەکەم ١٩٢٤-١٩٥٥.
- عەلیاوەیی، مەلا محەمەد عەلی (٢٠٠٣)، ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا لەسەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچیدا.
- قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠٠٩)، دیفاعێك لە خوێندن و لە حوجرەکانی کوردستاندا: سلێمانی، ناوەندی ئارا.

- نظام الدین، فاضل (٢٠٠٧)، فەرهەنگی شیرین، چ٤، سلێمانی: دەزگای سەردەم.
- هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠٨)، مێژووی پــــەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، بەرگی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی**

-قادر، لقمان محمد (٢٠٢٣)، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە (١٩١٨-١٩٥٨)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو.

**سێیەم: ئینتەرنێت**

-سەعید، فایەق (٢٠٢٢)، دیداکتیکی تیۆری لە قۆناغی پێشخوێندگەوە بۆ زانکۆ، کتێبی یەکەم، دامەزراوەی پەروەردەیی فام.
-وەقایعی کوردستان (٢٠٢١)، رێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢١) رێنمایی کردنەوەی حوجرەی فەقێیان رێکەوتی سەردانیکردنی: (٢٠/ ٩/ ٢٠٢٣):
https://drive.google.com/file/١٨GmdQmRPixo٧OwCfUJnAde-/d١=lbmMeLOBk/view?pli

**بەزمانی عەرەبی**

**یەکەم: کتێب**

- ابن منظور (١٩٩٩)، لسان العرب، ط٣، لبنان: دار إحياء التراث العربي.
- القيسي، ماجد أيوب (٢٠١٨)، المناهج وطرائق التدريس، عمان، دار أمجد للنشر والتوزيع.
- الهسنياني، دحام إبراهيم (٢٠١٨) سيرة الصحابي جابان الكردي وابنه التابعي ميمون ورواياتهما، أربيل: مكتب التفسير.

دووەم: گۆڤاری زانستی

-البرواري، زكي ملا حسين (٢٠١٣) الحالة العلمية ودور المساجد المدرسية في كوردستان العراق، المؤتمر الدولي للعلوم الإسلامية بين المدارس التقليدية والكليات الدينية المعاصرة، جامعة بنكول.
-البشدري، عابد أحمد، مدرسة بيارة ودورها العلمي في كردستان العراق ١٣٠٧- ١٤٠٠هـ، مجلة كلية العلوم الإسلامية، العدد (٧٠)، ٣٠ حزيران ٢٠٢٣م.

**سێیەم: ئینتەرنێت:**

-الأسدي، نعمة (٢٠٢١)، مفهوم المنهج، تاريخ الزيارة: (١٨، ٨، ٢٠٢٣):
https://www.researchgate.net/mfhwm__٣٤٨٦٩١٥٣١/publication.almnhj

# لە نێوان خوێندنی مزگەوت و خوێندنی مۆدێرندا

پ.د.ئاراس محەممەد ساڵح

لەگەڵ هاتنی موسڵمانەکان بۆ کوردستان، وەک پێویستییەکی ئاینی ئیسلام مزگەوت بنیاتنراوە و لەناو مزگەوتەکانیشدا پرۆسەی خوێندنی سەرچاوەکانی ئاینی نوێ دەستی پێکردووە، چونکە بەبێ فێربوونی بنەما و فەرمانەکانی ئیسلام ناتوانرێت ئایینداری بکرێت، هەرئەوەش پاڵنەری یەکەمی دەستپێکی خوێندن بووە لە مێژووی ئیسلامیدا.

لە کوردستاندا لەگەڵ فێربوونی ئایینی نوێدا فێربوونی زمانی عەرەبی پێویستییەکی سەرەکی بووە، چونکە کوردیش یەکێک بووە لەو میللەتە (عەجەم)انەی عەرەب نەبووە و ئاگاداری زمان و بنەما سەرەکییەکانی ئەو زمانە بووە، هەربۆیە لەناو پرۆگرامی خوێندنی مزگەوتدا بەشی زمانی عەرەبی بە هەرسێ لقی (النحو والصرف والبلاغة) پشکی شێری بەرکەوتووە.

سەرەتا کێ بوون ئەوانەی لە هاتوونەتە کوردستان و بناغەی یەکەم خوێندنگەو سەرەتاکانی خوێندنی ئەلف و بای عەرەبی و ئیسلامیان داناوە؟ نازانین، یەکەم مزگەوت و یەکەم خوێندنگەی ئایینی لە کوردستاندا کامەبووەو لە چ ناوچەیەکدا بووە؟ ئەمەش هەتا ئێستا هیچ سەرە داوێکی مێژوویی حاشاهەڵنەگرمان لەبەردەستدا نیە، بەڵام بە کۆمەڵێک پێوەر لەبەرئەوەی لە ساڵی ١٨ کۆچیدا هەرێمی شارەزوور لە دوای جەلەولا فەتحکراوە، واتە هەرێمی شارەزوور یەکێک لەو ناوچانەی کوردستان کە زوو فەتحکراوە، نازناوی زانای شارەزووری هەرزوو بڵاوبووەتەوە، ئەمانە ئەو بۆچوونە بەهێز دەکات کە یەکەم مزگەوت و خوێندنگەی ئیسلامی لە شارەزوورو لە خورماڵی ئێستادا بووبێت.

خوێندنگەو زانایانی شارەزووری و دینەوەری و ئامادی و ئەربیلی و شنۆیی و زۆر شوێنی تر هەر زوو ناوبانگیان بڵاوبووەتەوە بە جیهانی ئیسلامیدا، ئەوەی جێگەی مشتومڕ نیە لەسەرەتاکانی هاتنی موسڵمانەکانەوە لە کوردستاندا دەیان زانای گەورە دەرکەوتوون و بەهۆی ئەوانەی خوێندنگەو مەدرەسەکانیان زیاتر ناوبانگیان بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە، مێژوونووسی کورد د.کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێت: خوێندن و خوێندواری بەهۆی ئیسلامەوەو هاتووەتە کوردستان، وەک پێویستییەکی ئایینی نوێ گرنگی بە خوێندەواری دراوە.

بەدرێژایی مێژووی خوێندن لە مزگەوتەکانی کوردستاندا کۆمەڵێک پاڵنەری بەهێز هەبووە وایکردووە پرۆسەکە بەردەوامبێت و بەرهەمی زۆربێت، ئەمەش بەپێی پێوەرو ئاست و تیگەیشتنی ئەو ڕۆژگارەی پێدا تێپەڕیوە، دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئەو پاڵنەرانە کۆلکەینەوە، ئەوانیش:

**١- خۆشەویستی بۆ زانست و فێربوون:** خوشەویستی بۆ زانست و پاڵنەری ئیمانی و چاوەڕێی پاداشتی لای خوا، وایکردووە لە مامۆستاو فەقێ هەست بە ماندووبوون نەکەن و زۆر خۆنەویستانە خزمەتی زانست و مزگەوت و خەڵکی بکەن.

**٢-بێبەرامبەرلە ڕێی خودا:** مامۆستا مزگەوت بەدرێژایی تەمەنی لەسەر چۆک دانیشتووەو تەدریسی کردووەو سەدان فەقێی فێری خوێندەواری کردووە، بەدرێژایی ئەو تەمەنە بە ژیانێکی سادە ڕازیبووەو چاوەڕێی پاداشت و کرێی لە کەس نەکردووەو منەتی کەسی هەڵنەگرتووە، تەنها مەبەستی ڕەزامەندی خواو پاداشتی قیامەت بووە.

**٣- ڕازیبوون لە ژیانی کولەمەرگی:** مامۆستای ئایینی و فەقێ کاتێک چوونەتە ناوپرۆسەی خوێندنەوەو چاوەڕێی بژێوی و پۆست و موچە نەبوون، ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ دامەزراندن و ژیانێکی باشتر نەیانخوێندووە، تەنها پاڵنەری ئیمانی و پاداشتی خوایی مەبەستیان بووە.

**٤-گەشتوگەڕان و خۆنەویستی:** فەقێ زانستە ئیسلامیەکان لە تەمەنێکی مناڵیەوە کۆڵی پێچاوەتەوەو شابەشارو گوند بە گوندی وڵاتەکەی گەڕاوە، هەندێجار چەند ساڵێک نەگەڕاوەتەوە لای باوک و دایکی، زۆر خۆنەویستانە درێژەی بە خوێندنداوە.

**٥-هەڵبژاردنی مامۆستا لەلایەن فەقێکانەوە:** فەقێکان سەربەستی تەواویان هەبووە لە هەڵبژادرنی مامۆستادا، فەقێ گەڕاوە بەدوای باشترین مامۆستای مادده جیاوازەکاندا، هەرکاتێک ناوبانگی مامۆستایەکی بەتوانای بیستبێت داوای مۆڵەتی لە مامۆستاکەی کردووەو ئەویش ڕیگەیداوەو ڕۆیشتووە بۆ لای ئەو مامۆستای خۆی مەبەستی بووە.

**٦- وتنەوەی موستەعید سوختە:** کاتێک فەقێ قۆناغی سوختەی تەواو کردووە، بووەتە مامۆستای سوختەکانی دوای خۆی، ئەمەش پراکتیزەکردنی ئەو

زانستانە بووە کە خوێندوویەتی، ئیتر چاوەڕێی نەکردووە دوای تەواوکردنی خوێندن ببێتە مامۆستا، ئەم هەنگاوەش وایکردووە فەقێی موستەعید زانستەکانی بیرنەچێتەوەو ڕۆژانە تەدریسی کردووەو باشتر لە مادەکاندا ڕۆچووە.

**٧- ڕۆچوون لە زمان و بەلاغەی عەرەبیدا:** خوێندنی مادەکانی زمانی عەرەبی لە نێوان مامۆستاو قوتابیدا بەشێوەی دووبەدوو، شێوازێکی گرنگ بووە بۆ تێگەیشتنی بابەتەکانی زمانی عەرەبی و فێربوونی بە ئاستێکی بەرز، قوڵبوونەوە لە زمانی عەرەبیدا لای مەلای کورد گەیشتوەتە ئاستی چێژوەرگرتن لە بابەتەکە، هەربۆیە ساڵانێکی زۆر سەرقاڵی دراسەی ئەو زمانە بووەو لێی بێزار نەبووە.

**٨- زانستە عەقڵی و نەقڵیەکان:** کۆگیری لە نێوان زانستە نەقڵیەکان (قورئان و سونەت) و بابەتە عەقڵییەکان، ئەو بابەتانەی بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ بوون، وایکردووە فەقێ و مەلای کورد و کرانەوەو دنیابینی زیاتری هەبێت.

**٩- خوێندنی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی:** گرنگیدان بە زمانەکانی فارسی و تورکی هەنگاوێکی باشبووە بۆ تێکەڵاوبوونی فەقێی کورد بە فەرهەنگ و ئەدەبی ئەو گەلانە، بە تایبەت زمانی فارسی و تێکەڵاوبوونی مەلای کورد لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا پاڵنەرێکی زۆر باشبووە کە مەلای کورد ڕوو بکەنە شیعرو ئەدەب.

**١٠- لایەنی ڕۆحی و عیرفانی:** گرنگیدانی خوێندنگە ئایینیەکان بە بابەتە عیرفانی و ڕۆحیەکان خاڵیکی بەهێز بووە کە بۆشایی گیانی و دەروونی و وشکی ڕوونەکاتە ڕەوشی ئایینی و ئاینداری.

**نازناوی زانای شارەزووری هەرزوو بڵاوبووەتەوە، ئەمانە ئەو بۆچوونە بەهێز دەکات کە یەکەم مزگەوت و خوێندنگەی ئیسلامی لە شارەزوور و لە خورماڵی ئێستادا بووبێت**

لەگەڵ بوونی دەیان خاڵی بەهێزی پرۆسەی خوێندنی ئایینی لە کوردستاندا، بێگومان هەندێ خاڵی لاوازیشی هەبووە، ئەمانەش وایکردووە لە سەردەمی نوێدا تووشی پاشەکشە ببێتەوە، لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی:

**١- گرنگی نەدان بە سەرچاوەکانی ئیسلام قورئان و سونەتی پێغەمبەر(د.خ):** ئەوەی تێبینی دەکرێت لەناو پرۆگرامی حوجرەدا گرنگی بە تەجوید تەفسیر نەدراوە، هەروەها بەهیچ جۆرێک فەرمودەو زانستەکانی فەرمودە نەخوێنراوە، هەرئەمەشە هۆی لاوازی گوتاری ئایینی مەلاکان، هەرکاتێک گوتاردەدەن لەبری پەنابردن بۆ ئایەت و فەرمودە دەیان چیرۆکی دروستکراو بێ مانا دەگێڕنەوە.

**٢- پشتگوێ خستنی زانستە مرۆییەکان:** نەخوێندن و مێژوو و جوگرافیاو بابەتە

مرۆییەکانی تر وایکردووە مەلای کورد بێئاگابێت لە مێژووی میللەتەکەی و جوگرافیای وڵاتەکەی، ئەگەر بەدرێژایی ١٤٠٠ چەند مەلایەکی کەم شتێکی کەمیان نووسیبێت ئەوە هیچ لەم ڕاستیە کەمناکاتەوە، لەماوەی ئەو چواردە سەدەدا هیچ مەلایەکی کورد یاداشتی خۆی تۆمارنەکردووە، ئەمەش کاریگەری ئەو پرۆگرامەو خوێندنە بووە کە تەواویکردووە.

**٣- گرنگی نەدان بە زمان و کەلتوری کوردی:** یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی مێژووی خوێندنی مزگەوت دەبێتەوەو پشتگوێخستنی زمانی کوردیە، بۆچی مەلای کورد گرنگی بە زمانی فارسیداوە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی قورئان نەبووە، ئەی بۆچی لای بەلای زمانی کوردیدا نەکردووەتەوە؟.

**٤- دابڕان لە واقیعی کۆمەڵایەتی:** مەلای کورد زانستەکانی کەلام و هەندێ بابەتی فەلسەفی خوێندووە کە پێویستی ئەو ڕۆژگارە نەبووە، فەقێی کاتێک خوێندنی تەواوکردووە بووەتە مەلای گوندێک یان شارۆچکەیەک، کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی نەخوێندەواربوون، بە هەموو تەمەنی پێویستی بەو زانستانە نەبووە.

**٥- نەگۆڕان و خۆنوێنەکردنەوە:** گەورترین نەێنی پاشەکشەی خوێندنی مزگەوت ئەوەبووە نەیتوانیوە خۆی نوێ بکاتەوەو لەگەڵ پێشهاتەکانی سەردەمدا بڕواتە پێشەوە، ئەمەیش وایکردووە لەگەڵ دەرکەوتنی خوێندنی مۆدێرندا لاوازی خوێندنی ئایینی دەربکەوێت و پاشەکشە بکات.

لەدوای ئەوەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە زۆرێک لە شارو شارۆچکەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی مەکتەبی ڕوشدیەی سەربازی و مەدەنی کراوەتەوە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لەو مەکتەبانە کردووە، بەهۆی کاریگەری خوێندن و پرۆگرامی ئەو مەکتەبە نوێیانەوە هەرزوو دەستەی ڕوناکبیری جیاواز دەرکەوتوون. لە کوردستانیش بەهۆی دەرچووانی ئەو مەکتەبانەوە دەستەی ڕوناکبیران دەرکەوتووە، سەرەتا لە ئەستەنبوڵ و دواتر کە دەوڵەتی عوسمانی ڕوخاوە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان، لە نمونەی ئەوانە هەریەکە لە محەمەد ئەمین زەکی بەگ و پیرەمێرد و ڕەفیق حیلمی و مستەفا پاشای یامولکی و ژمارەیەکی تر.

**فەقێکان سەربەستی تەواویان هەبووە لە هەڵبژادرنی مامۆستادا، فەقێ گەڕاوە بەدوای باشترین مامۆستای ماددە جیاوازەکاندا**

هەر ئەم ڕوناکبیرانە بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی و بیری نوێیان هێنایە کوردستان، لەکاتی دامەزراندنی دامودەزگا حکومیەکاندا بوونە بەرپرسی ئەو دەزگایانە، ئەو پرسیارەی لێرەدا

دێتە پێشەوە ئەوەیە: بۆچی دەرچووانی خوێندنی مزگەوت نەیاتنوانی پێشڕەوی بزاڤی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنەکانی سەردەمی نوێ بکەن؟.

**ڕەنگە کەسانێک بڵێن**: ئەی ئەوەنیە خوێندنی حوجرە حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و ژمارەیەکی کەسی تری وەک ئەوانەی دروستکردووە! ڕاستە ئەمانە سەرەتای خوێندنیان لە مزگەوتدا بووە، بەڵام کاتێک چوونەتە ئەستەنبوڵ و لەگەڵ جیهانی نوێدا تێکەڵاوبوون، گۆڕانی گەورە لەدیدوبۆچوونیاندا ڕویداوە، ئەوانیش بەرهەمی پێشهاتە نوێیەکانی ئەو ڕۆژگاری شاری ئەستەنبوڵن.

**کاتێک فەقێ قۆناغی سوختەی تەواو کردووە، بووەتە مامۆستای سوختەکانی دوای خۆی، ئەمەش پراکتیزەکردنی ئەو زانستانە بووە کە خوێندوویەتی**

ئەوەی جێگەی مشتومڕ نیە ئەوەیە خوێندنی مزگەوت و نەیتوانی خۆی نوێ بکاتەوەو لەگەڵ سەردەمدا بڕواتە پێشەوەو بابەتە پێویستەکانی ڕۆژ بخاتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، بەو هۆیەوە لەبەرامبەر خوێندنی نوێدا لاواز بووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت هەتا ئێستاش خوێندنی حوجرەکان نەیتوانیوە خۆی نوێ بکاتەوەو ڕۆشنبیری و سیاسی گەورە دروست بکات، بەشێوەیەک لە ئاستی سەردەمەکەی خۆیدابێت.

لە گرنگترین خاڵە بەهێزەکانی خوێندنی نوێ:

**١- خوێندن بۆ هەمووان بووە:** خوێندن و قوتابخانەی مۆدێرن ژمارەیەکی زۆر قوتابی ڕووی تێکردووە، ئەگەر خوێندنی ئایینی لە گوندێکدا یان چەند گوندێکدا یەک کەس بووبێتە فەقێ، ئەوا لە خوێندنی نوێدا هەمووان وەک ئیجباری چوونەتە قوتابخانە، ئەم شێوە گشتییە زووتر کۆمەڵ دەگۆڕێت و کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر خەڵکی.

**٢- هەمەچەشنی میتۆدی خوێندن:** ئەگەر لە خوێندنی حوجرەدا تەنها بابەتە ئایینیەکان و زمانی عەرەبی خوێندرابێت، بە پێچەوانەوە لە خوێدنی نوێدا هەموو لقەکانی زانستە نوێیەکان خوێندراوە، ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی ژیان.

٣- لە خوێندنی نوێدا زۆری و بۆری تێدایە، هەزاران خوێندکار ڕوو دەکەنە قوتابخانە نوێیەکان بێگوێدانە ئاستی تێگەیشتن و توانای وەرگرتنیان، هەروەها هەرکەسێک بڕوانامەی هەبوو دەکرێتە مامۆستا لێوەشاوەبێت یان نا، بەڵام لە خوێندنی و حوجرەدا ئەوەی لێوەشاوە نەبێت نەدەبێت فەقێ نەدەبێتە مامۆستا.

٤- خوێندنی نوێ بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدایە لە ڕووی مەنهەج و شێوازی خوێندنەوە، بەڵام خوێندنی ئایینی توانای خونوێکردنەوەی کەمە.

٥- قوتابخانە نوێیەکان هەردوو ڕەگەزی کوڕو کچ وەردەگرێت، بەڵام خوێندنی حوجرە زیاتر قۆرخکراوە بۆ کوڕان و هەڵکردنی لەگەڵ پێشهاتەکان و وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام لە پێشکەوتن و گەشەکردندایە.

## سەرچاوەکان:

١- عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەلا، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم ١٤٠٤ك١٩٨٤ز، چاپخانەی شەفیق- بەغداد.
٢- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، کورد و مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو، چاپی یەکەم ١٩٨٣ بەغداد.
٣- محەمەد قزڵجەیی، ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانیو خوێندنگە ئایینییەکانی، وەرگێڕانی: د.ئاراس محمد صالح، چاپی یەکەم ٢٠١٣ز، چاپخانەی شڤان- سلێمانی.
٤- محەمەد عەلی قەرەداغی، دیفاعێك لە خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، چاپی یەکەم ١٤٣٠ کۆچی ٢٠٠٩ز.

[Online], 27 | 2018, Online since 10 January 2019, connection on 19 March 2020. URL: http:--journals.openedition.org-ejts-5964; DOI: https:--doi.org-10.4000-ejts.5964
21-L'interview avec Mariwan Naqshbandi, op.cit.

# سوننەتی تەشریعی و ناتەشریعی

د. ئومێد عوسمان کوردی

سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بەدووەم سەرچاوەی سەرەکیی شەریعەتی ئیسلام دادەنرێت، هەربۆیە زانایانی ئیسلام لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بە جیاوازی بواری زانستی و پسپۆڕیانەوە، گرنگی زۆریان بەم سەرچاوەیەی شەریعەت داوە و بەتوندی دەستیان پێوە گرتووە و لە چەندین لایەن و گۆشەنیگاوە ڕاڤە و لێکدانەوە و پۆلێن و شیکارییان بۆ کردووە.

یەکێك لە دیارترینی ئەو پۆلێنانەی کە ڕۆڵی کارا و بەرجەستەی گێڕاوە لە تێگەیشتنی دروستی دەقەکانی سوننەت و ڕەواندنەوەی زۆرێك لە گومانەکان و ڕاستکردنەوەی چەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی هەڵە و نەشیاو لە پۆلێنکردنی سوننەت بۆ سوننەتی تەشریعی و ناتەشریعی.

گومانی تێدا نییە کە خودی دەقەکانی سوننەت سەرچاوەی سەرەکی ئەم پۆلێنەن، بەجۆرێك کە لە گوفتار و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ورد دەبینەوە وێنای دوو کەسایەتیمان لا بەرجەستە دەبێت: یەکەم: کەسایەتی محەممەد وەك پەیامبەر و ڕاڤەکاری قورئان و گەیەنەری پەیامی خوایی بۆ مرۆڤەکان. لێرەوە هەرچی گوفتار و ڕەفتاری ئەم کەسایەتییە هەیە هەڵقوڵاوی سرووشی خواییە و دەبێت موسوڵمانان پەیوەست بن پێوەی وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی شەریعەت.

دووەم: کەسایەتی محەممەد وەك مرۆڤێکی خاوەن تەجرەبە و ڕا و بۆچوون و حەز و سەرنجی تایبەت بەخۆی سەبارەت بە ڕووداو و مەسەلە دنیاییەکانی دەرەوەی چوارچێوەی پێغەمبەرایەتی و گەیاندنی پەیامی خوایی. هەرچیش زادە و دەرچووی ئەم کەسایەتییە بەپێی ئەنجام و بەرژەوەندی و دابونەریتی سەردەمی خۆی مامەڵەی لەتەك دەکرێت.

هەروەك پێشتر وتمان سەرچاوەی ئەم پۆلێنكردنە خودی دەقەكانی سوننەتەو هاوەڵانی پێغەمبەریش بەڕوونی ڕەچاویانكردووە و گەورە زانایانی پێشین‌و دواینیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێداوە.

هەربۆیە ئەگەر سوننەت بریتی بێت لە سەرجەم گوفتار و ڕەفتار و ڕادان(التقریر)كانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بێگومان ئەم خەسڵەتانە لەسەر یەك ئاڕاستە و بەیەك مانا و شێواز نەهاتوون، كە تەنیا هەڵقوڵاوی سرووشی خوایی بن و مەبەست لێیان گەیاندنی شەریعەت بێت؛ بە جۆرێك كەكەس نەتوانێت سەرپێچیان بكات، بەڵكو لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین مەبەست و واتای تر لە گوفتار و ڕەفتار و ڕادانەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)دا بەدیدەكرێت كە دەچنە دەرەوەی چوارچێوەی سرووش‌و شەریعەتەوە.

لێرەدا چەندین فەرموودەو گێڕانەوەمان هەیە كەدەبنە سەرچاوەی دروستیی پۆلێنكردنەكەمان:

بەریرە ئافرەتێكی كۆیلە بوو ژنی كەسێك بوو بەناوی (موغیس) ئەمیش كۆیلە بوو كاتێك بەریرە ئازادكرا، ڕازینەبوو لای موغیس بمێنێتەوە، ئیبن عەبباس گێڕاویەتەوە كە: " مێردی بەریرە بەندەیەك بوو بەناوی موغیس، وەك دەمبینی بەدوای بەریرەوە بوو دەگریا و فرمێسك بەڕیشیدا دەهاتەخوار، لەو كاتەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بەعەباسی مامی وت، كە لەلای بوو ئەی عەباس سەرت سوڕنامێنێت لە خۆشەویستی موغیس بۆ بەریرە و ڕقلێبوونی بەریرە بۆ موغیس؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هەوڵیدا بەریرە ڕازی بكات بەگەڕانەوە بۆلای موغیس و پێی فەرموو: خۆزگە بگەڕایتایەوە بۆ لای، لەم كاتەدا بەریرە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا فەرمانم پێدەكەیت؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: نەخێر من تەنیا تكا دەكەم، بەریرە وتی: هیچ پێویستم پێی نییە"(١).

كەواتە ئەمە بەڵگەیەكی بەهێزە لەسەر ئەوەی كە لەنێو گوفتارەكانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لێبێت) گوفتار هەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی سرووش و شەریعەتدایە، هاوكات ئافرەتەكەش ویستی لەمە دڵنیا بێتەوە، هەربۆیە پرسی: ئایا فەرمانم پێدەكەیت؟ كاتێكیش دڵنیابووەوە كە وتەكەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە دەرەوەی فەرمانی خواییە، سوور بوو لەسەر بۆچوونەكەی خۆی.

بەپێچەوانەی ئەم مەسەلەوە كاتێك پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) داخوازی زەینەبی كچەپووری دەكات بۆ زەیدی كوڕی حاریسەو داوا لە زەینەب دەكات پێی ڕازیبێت، زەینەبیش زۆر بەتوندی ڕەتیدەكاتەوە، لەمكاتەدا ئەم

ئایەتە دادەبەزێت:" وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا [الأحزاب:٣٦]. ئیتر زەینەب ڕازی دەبێت و شووی پێدەکات(٢).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە داواکردنەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە ڕووداوی یەکەمدا لەدەروەی چوارچێوەی گەیاندنی پەیام و شەریعەتدا بوو بەڵام لە ڕووداوی دووەمدا داواکردنەکەی لەچوارچێوەی سرووش و شەریعەتدا بوو.

هەروەها زۆرێك لە هاوەڵان گێڕاویانەتەوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە مەدینە دەدات بەلای کۆمەڵێکدا خەریکی تێکەڵکردنی نێر و مێی دارخورمان، بەمەبەستی بەرهەمی باشتر، لەم کاتەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ئەگەر وانەکەن باشتر دەبێت، ئەوانیش دەستهەڵدەگرن لەو کارەیان، لە ئەنجامدا بەرهەمەکەیان باش نابێت، یاخود کەم دەکات، دواتر هەواڵەکە دەگەیەننە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ئەویش دەفەرموێت: "ئەوە گومانو بۆچوونێك بوو لەمنەوە، منیش مرۆڤم، ئەگەر هەرچیەکم سەبارەت بە ئایینەکەتان پێگوتن وەریبگرن و پەیوەست بن پێوەی، هەرچیشم لەراو بۆچوونی خۆم پێگوتن، منیش مرۆڤم"(٣). یان لە گێڕانەوەیەکی تردا: "هەرچی سەبارەت بەکاروباری دنیاتانە، ئێوە شارەزاترن، هەرچیش سەبارەت بە کاروباری ئاینتانە ئەوە لە لای منە"(٤).

کەواتە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوە سەبارەت بە تێڕوانینو بۆچوونی لەکاروباری پیشەسازیو کشتوکاڵو ئاودێریو نموونەی ئەمانەدا، ناچنە چوارچێوەی شەریعەتەوە، لەبەر ئەوە دەبینین لە سەحیحی موسلیمدا بەشەرحی ئیمامی نەوەوی (لە ٦٧٦ك مردووە) ئەو فەرموودانەی لە ڕووداوی تێکەڵکردنی دارخورماکەدا هاتوون لەژێر ناونیشانی (وجوب امتثال ما قاله شرعا، دون ما ذكره من معايش الدنيا، على سبيل الرأى) ڕیزکراون(٥).

بەهەمانشێوە زانایانی ئوسوڵ جیاوازیانکردووە لەنێوان ئەو گوفتار و ڕەفتارانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) کە زادەی سروشتی مرۆڤن، لەگەڵ ئەوانەی هەڵقوڵاوی سیفەتی پەیامبەریین.

گەورە ئوسوڵزانی شافعیەکان ئیبن سەمعانی( لە ٤٨٩ك مردووە) جەختدەکاتەوە کە وتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) کاتێك بەڵگەن کە لەکاروباری شەرعدا هاتبن، بەپێچەوانەی ئەو وتانەی لە بەرژەوەندی دنیاییدا هاتوون، هەربۆیە لەسەروبەندی باسکردنی ئەو مەسەلە و بابەتانەی کۆدەنگیی(الإجماع) تیایاندا دەبێتە بەڵگە، ناوبراو دەڵێت: "کاروبارەکانی دنیا

وەکو ئامادەکردنی سوپاو ڕێکخستنی شەڕەکانو ئاوەدانکرنەوەو کشتوکاڵو ئەوانەی دەچنە نێو بەرژەوەندی دنیاوە، کۆدەنگی تیایاندا نابێتە بەڵگە، چونکە کۆدەنگی لەم مەسەلانەدا زیاتر نییە لە وتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هەروەك جێگیر بووە کە وتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە حوکمە شەرعیەکاندا بەڵگەیە، نەك لە بەرژەوەندیەکانی دنیادا، بەهەمان شێوەش کۆدەنگی، لەبەر ئەمە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دنیاتان، منیش شارەزاترم لەکاروباری ئاینتان، هەربۆیە ئەگەر پێغەمبەر بۆچوونێکی هەبوایە لەشەڕدا، ڕاوێژی بە هاوەڵانی دەکرد، ڕێدەکەوت وازی لە بۆچوونەکەی خۆی دەهێناو شوێن بۆچوونی ئەوان دەکەوت، نموونەی ئەمە لەشەڕی بەدرو خەندەقو هی تریشدا هاتووە، بەڵام ئەگەر کاروباری شەرع بووایە کەس بۆچوونی دەرنەدەبڕی"(٦).

بەهەمان شێوە زانای ناوداری مالکی قازی عیاز(لە ٥٤٤ك مردووە) ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە هەندێجار پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت ) لەکاروبارە دنیاییەکاندا ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیوە، بەڵام دواتر ئەنجامەکەی پێچەوانەی واقیع دەرچووە (٧).

ناوبراو بەڵگەی بەهێزی لەسەر ڕایەکەی هێناوەتەوە، یەك لەوانە فەرموودەی دارخورماکەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەهەندێ گێڕانەوەیدا هاتووە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: "من مرۆڤێکم، هەرچیم بەناوی خوداوە پێڕاگەیاندن ئەوە هەقە، هەرچیشم لە خودی خۆمەوە پێگوتن، بەڕاستی من مرۆڤم هەڵەش دەکەمو دەشپێکم" (٨).

## لەنێو گوفتارەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لێبێت) گوفتارهەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی سرووش و شەریعەتدایە

هەر لە هەمان باسدا قازی عیاز ڕووداوی جەنگی بەدرو جێگۆڕینی لەشکری موسوڵمانان لەلایەن پێغەمبەرەوە لەسەر ڕای حوبابی کوڕی مونزیر بەنموونە دەهێنێتەوە، دواتریش ئاماژە بە ڕووداوێك دەدات لە جەنگی خەندەقدا، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لەگەڵ سەرکردەکانی تیرەی غەتفان کۆبوویەوەو لەگەڵیان ڕێکەوت سێیەکی خورمای مەدینەیان بداتێ بەمەرجێك یاریدەی قورەیش نەدەنو بگەڕێنەوە، ئەوەندەی نەمابوو ڕێکەوتنەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەمکاتەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)

بەهۆی نارەزابوونی هەردوو سەرکردەی ئەوس و خەزرەجەوە ڕێکەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە(٩).

قازی عیاز دەڵێت: "نموونەی ئەمانەو هاوشێوەکانی لەکاروبارەکانی دنیا، کە هیچ پەیوەندیان بە شارەزایی ئاین و ئاینداری و بیروباوەڕو فێرکردنییەوە نییە، دروستە تیایاندا ئەوەی کە باسمانکرد، هاوکات هیچ کەموکورتیەکیش ناگەیەنێت لە کەسایەتی پێغەمبەردا، بەڵکو ئەوانە کاروباری بنیاتنراون لەسەر ئەزموون و ڕاهاتن، هەرکەس بەئەزموون بێت تێیانداو مایەی گرنگی پێدانی بووبێت، لێیان شارەزایە"(١٠).

هەروەها ئیمامی قەرافی (لە ٦٨٤ ك مردووە) زانایەکی تری مالیکیەکانە پۆلێنی هەڵسوکەوتە تەشریعیەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)ی کردووە بۆ چواربەش: یەکەم: هەڵسوکەوتەکانی وەك پەیامنێرێك بۆ گشت، دووەم: هەڵسوکەوتەکانی وەك فتوادەرێك، سێیەم: هەڵسوکەوتەکانی وەك قازیو دادوەرێك، چوارەم: هەڵسوکەوتەکانی وەك پێشەوای گشتی(١١).

هەرچی هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)هەیە لە نێو چوارچێوەی پەیامی گشتی و فتوادانەدا، دەبێت سەرجەم تاکەکان پەیوەست بن بەجێبەجێکردنییەوە، وەکو کاروبارە پەرستشیەکان و حەرامکراوەکان. هەرچیش دەچێتە نێو خانەی حوکمی دادوەر و قازیەوە، دروست نییە هیچ کەسێك جێبەجێیان بکات بەبێ فەرمانی قازی یان دادوەر، وەك: هەڵوەشاندنەوەی زەواج. دەمێنێتەوە هەڵسوکەوتەکانی وەك پێشەوای گشتی، کەبەزۆری ئەو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە بەڕێوەبردن و سیاسەتی گشتی دەوڵەت، ئەمانە هیچ کەس بۆی نییە خۆهەڵقورتێنێت تیایاندا و حوکم بدات بەبێ فەرمانی پێشەواو سەرۆکی دەوڵەت، وەکو: دابەشکردنی پارەوسامانی بەیتولمال، ڕێکخستن و ئامادەکردنی سوپا، دابەشکردنی زەوی و کانزاکان...(١٢).

هەورەها زانای ناوداری هیندی وەلییوڵای دەهلەوی (لە ١١٧٦ك مردووە) ڕاشکاوانە گوفتار و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) دەکات بەدوو بەشی سەرەکیەوە: یەکەم: ئەو گوفتار و ڕەفتارانەی لەسەر بنەمای گەیاندنی شەریعەت و پەیامی خودایی هاتوون، دووەم: ئەو گوفتار و ڕەفتارانەی لەدەرەوەی شەریعەتن، لەمبارەوە دەڵێت: " بزانە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوەو لە کتێبەکانی فەرموودەدا تۆمارکراوە، دووبەشە: بەشێکیان: مەبەست لێی گەیاندنی پەیامی خودایە، هەروەك لە قورئاندا ئاماژەی پێدراوە: "وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا " [الحشر: ٧]... دووەمیان: مەبەست لێی گەیاندنی پەیامی خودا

نییە، هەروەك پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: من مرۆڤێکم، ئەگەر هەرچیەکم سەبارەت بە ئاینەکەتان پێگوتن وەریبگرنو پەیوەست بن پێوەی، هەرچی شتێکیشم لەراو بۆچوونی خۆم پێگوتن، منیش مرۆڤم" (١٣).

دەهلەوی پێیوایە هەرچی ئەو گێڕانەوەو فەرموودانەی پەیوەستن بە کاروباری پەرستشو ڕۆژی دواییو بنەما ئاکاریو بەرژەوەندیە گشتگیرو هەمیشەییەکانەوە دەچنە نێو چوارچێوەی سوننەتی تەشریعیەوەو سەرچاوەکەیان سرووشی خودایيە، بەڵام ئەو گێڕانەوەو فەرموودانەی بنەماکەیان بەهرەو تاقیکردنەوەو تەجرەبەیە وەکو فەرموودەی تێکەڵکردنی دارخورماکان فەرموودەکانی تایبەت بە تەندروستیو چارەسەری نەخۆشی، یان ئەو فەرموودانەی لەسەر بنەمای دابونەریتی سەردەمی خۆی گێڕدراونەتەوە، وەك فەرموودەی (أم زرع) یان فەرموودەی (خرافة)یان ئەوکارانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکی کاتیی سەردەمی خۆی ئەنجامی داون، وەك: ڕێکخستنی سوپا، دیاریکردنی شوێنی شەڕکردن، پێدانی چەكوتفاقی دەستبەسەرداگیراو بە شەڕکەر، یان حوکمو دادوەریکردنێکی تایبەت، هەمووئەمانە دەچنە دەرەوەی چوارچێوەی سوننەتی تەشریعیەوەو سەرچاوەکەیان سرووشی خودا نییە(١٤).

بە هەمان شێوە محەممەد ڕەشید ڕەزا(لە ١٣٥٤ك مردووە) جیاوازی کردووە لەنێوان سوننەتی تەشریعی و ناتەشریعیدا، ئەو پێیوایە سوننەتی تەشریعی ئەو فەرموودانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە مافێکی خودا یان بەندەکانی، یان هۆکارن بۆ هێنانی بەرژەوەندیەك، یان دورخستنەوەی زیانێك، بەڵام ئەو فەرمودانەی سەبارەت بە باوونەریت و پیشەسازی و کشتوکاڵو هونەرو زانینێکی بنیاتنراو لەسەر تاقیکردنەوەو بەدواداچون هاتوون، ئەمانە تەشریع نین، بەڵکو بریتین لە جۆرێك لە ڕێنوینی (١٥).

### ئەوەی لە پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوە سەبارەت بە تێڕوانین و بۆچوونی لەکاروباری پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاودێری و نموونەی ئەمانەدا، ناچنە چوارچێوەی شەریعەتەوە

هەروەك دەڵێت: "هەندێك لە هاوەڵان پێیانوابوو ڕەتکردنەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بۆ بەشێك لەکاروبارە دنیاییەکانی بنیاتنراو لەسەر تاقیکردنەوە دەچێتە نێو چوارچێوەی تەشریعەوە، وەکو تێکەڵکردنی دارخورماکان، هەربۆیە وازیان لەو کارە هێناو لە ئەنجامدا بەرهەمەکەیان خراپ

بوو یان وشك بوو كاتێكیش گەڕانەوە بۆلای، ئاگاداری كردنەوە، كە هەرچی وتووە لەوبارەوە لەسەر بنەمای ڕاو بۆچوون بووە نەك تەشریع، لەبەر ئەوە فەرمووی: ئێوە شارەزاترن لەكاروباری دنیاتان... حیكمەتی ئەم ڕوداوەش بریتییە لە ئاگاداركردنەوەی خەڵك، كە نموونەی ئەو كاروبارە دنیاییانەی وەكو پیشەسازی و كشتوكاڵ، لە خودی خۆیاندا وابەستەی یاسایەكی شەرعی تایبەت نین، بەڵكو ئەوانە بەجێهێڵراون بۆ باوو نەریتو تاقیكردنەوە").(١٦).

**زانایانی ئوسوڵ جیاوازیان كردووە لەنێوان ئەوگوفتارو ڕەفتارانەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) كە زادەی سروشتی مرۆڤن، لەگەڵ ئەوانەی هەڵقوڵاوی سیفەتی پەیامبەرین**

هەر لەهەمان باسدا ناوبراو بابەتی ڕەنگكردنی مووی سپی سەرو ڕیشی بە ڕەش گێڕاوەتەوە بۆ كاروبارە ئاساییو نەریتیەكانو بەڕای ئەو هیچ پەیوەندیەكی نییە بە لایەنی پەرستشو مافی خودا یان خەڵكەوە، لەمبارەوە بەڵگەی بەهێزی هێناوەتەوە بۆ پشتگیری بۆچوونەكەی(١٧).

**شێخ عەبدولوەهاب خەلاف (لە ١٣٧٥ك مردووە)** دەڵێت: " پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) مرۆڤێكە وەك سەرجەم مرۆڤەكانی تر، خودا هەڵیبژاردووە بە پەیامنێر بۆیان. هەرچی لێدەركەوتبێت بەپێی سروشتی مرۆڤایەتی، تەشریع نییە، وەكو هەستانو دانیشتنو ڕۆشتنو خەوتنو خواردنو خواردنەوە، چونكە سەرچاوەی ئەمانە پەیامەكەی نییە، بەڵكو مرۆڤبوونییەتی، بەڵام ئەگەر كارێكی ئەنجامداو بەڵگەیەك سەلماندی كەمەبەست لەوكارەی شوێنكەوتنە، ئەوكات دەبێتە تەشریع، هەرچیەكیشی لێدەركەوتبێت لەسەر بنەمای ئەزموونو تواناو تاقیكردنەوە لەكاروبارە دنیاییەكاندا بە هەمانشێوە تەشریع نییە وەك: كاروباری بازرگانی یان كشتوكاڵ، یان ڕێكخستنی سوپا، یان پلانی سەربازیی، یان وەسفی دەرمانێك بۆ نەخۆشیەك، یان هاوشێوەیان، چونكە ئەمانە هەڵقوڵاوو سەرچاوەگرتووی پەیامەكەی نین، بەڵكو لە تاقیكردنەوەو ئەزموونی دنیاییو هەڵسەنگاندنی كەسیەوە سەرچاوەیان گرتووە...هەرچیەكیشی لێدەركەوتبێت، بەڵگەیەك بیسەلمێنێت كە تایبەت بووە بە خۆی، ئەمەش تەشریعێكی گشتی نییە" (١٨).

یەكێ تر لەو زانایانەی ئەم باسەیان تاووتوێ كردووە، شێخی پێشووتری ئەزهەر مەحمود شەلتوت(لە ١٣٨٣ك مردووە)، ناوبراو دوای ئەوەی

هاوشێوەی قەرافی باس لە پایەکانی سوننەتی تەشریعی دەکات، دێتە سەر باسی سوننەتی ناتەشریعی و دەڵێت: " سوننەتی ناتەشریعی ئەوەیە پاڵنەرو بنەماکەی پێویستی مرۆڤبوون بێت، وەکو: خواردنو خواردنەوەو خەوتنو رۆشتنو سەردانو رێکخستنەوەی دووکەس لەرێگە نەریتیەکانەوە، یان بنەماکەی تاقیکردنەوەو نەریتە کەسیو کۆمەڵایەتیەکان بێت، وەکو ئەو فەرموودانەی لەکاروباری کشتوکاڵو چارەسەری پزیشکیو درێژیوکورتی جلوبەرگدا هاتوون، یان بنەماکەی تەگبیرێکی مرۆڤانەی بارودۆخێکی تایبەت بێت، وەکو: دابەشەکرنی سوپاو سەرباز لە شەڕدا، هەموو ئەو فەرموودانەی لەم بابەتانەدا هاتوون، تەشریع نینو پەیوەست نین بە داواکاریو وازهێنانەوە، ئەوانە کاروباری تایبەتی مرۆڤن" (١٩).

هەر بۆیە شێخ شەلتوت پێیوایە فەرموودەکانی پەیوەست بە درێژی و کورتی و شێوازو ڕەنگی جل و پۆشاکی پیاوانو هێشتنەوەی ڕیشو بۆیاخکردنی، فەرموودەی تەشریعیی نین، بەڵکو ئەمانە زیاتر نەریتی ژینگەیین، ڕێدەکەوێت هەر سەردەمەو بەشێوازێك بێت (٢٠).

بە هەمان شێوە شێخ عەبدولجەلیل عیسی( لە ١٤٠١ك مردووە) ئەندامی پێشووتری لیژنەی فەتوا لە ئەزهەر لە کتێبەکەیدا (اجتهاد الرسول) جیاوازی کردووە لە نێوان ئیجتهادی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) لە چوارچێوەی تەشریعداو ئیجتهادی لەدەرەوەی چوارچێوەی تەشریعدا، هاوکات نموونەی زۆری بۆ هەردوو جۆرەکە هێناوەتەوەو ئاماژەی بەوەداوە کە دەشێت هەندێك لەو ئیجتهادانەی دەکەونە دەرەوەی تەشریعەوە ئەنجامەکەی هەڵە بێت بەپێی سەردەمە جیاوازەکان(٢١).

هەروەها چەندین زاناو نووسەری ناوداری تری وەك: ئیبن عاشور( لە ١٣٩٣ك مردووە)
و عەلی خەفیف (لە ١٣٩٨ك مردووە)
و عەبولمونعیم نەمر(لە ١٤١١ك مردووە)
ومحەممەد غەزالی( لە ١٤١٦ك مردووە)
ومحەممەد عیمارە( لە ١٤٤١ك مردووە)
ویوسف قەرزاوی(لە ١٤٤٤ك مردووە)
و محەممەد سەلیم عەواو ، کەسانی تر، بابەتی سوننەتی تەشریعی و ناتەشریعیان تاووتوێ کردووە، هاوکات هەوڵەکانیان بەزۆری لە ڕاڤەکردنو ڕوونکردنەوەو پوختەکردنی ڕای زانایانی پێشوو دەرناچێت کە ئاماژەمان پێدان.

لێرەوە بە پشتبەستنمان بەو ڕاو بۆچوونانەی ئاماژەمان پێدانو تیشك خستنە سەر هەندێك لایەنی تر، دەتوانین سوننەتی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت)بکەین بە دووبەشەوە: سوننەتی تەشریعی و سوننەتی ناتەشریعی.

**یەکەم- سوننەتی تەشریعی:** بریتییە لەو گوفتار و ڕەفتار و ڕادانانەی لە پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوە بە سیفەتی پێغەمبەرایەتیو گەیەنەری پەیامی

خوایی، ئەمەش دەکرێت بەدووبەشی سەرەکییەوە:

**١- سوننەتی تەشریعی گشتی:** ئەو فەرموودانەن لەسەر بنەمای گەیاندنی پەیامی خوایی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان لە پێغەمبەرەوە گێڕدراونەتەوە، ئەم فەرموودانە یان جەخت لە حوکمو بنەمایەکی قورئانی دەکەنەوە، یان ڕوونکەرەوەو شیکەرەوەی لایەنێکی نارۆشنی قورئانن، یان حوکمێکی گشتگیر تایبەتدەکەن، یان حوکمێکی ڕەها دەبەستنەوە، یان پەیوەستن بە مەسەلە پەرستشیو عەقیدەییوئاکاریەکانەوە.

## وتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە حوکمە شەرعیەکاندا بەڵگەیە، نەك لە بەرژەوەندییەکانی دنیادا

ئەم جۆرەی سوننەت شەریعەتە بۆ گشت، واتە سەرجەم موسوڵمانان دەبێت پەیوەست بن پێوەی. هاوکات دەتوانین لە چەندین ڕێگەوە ئەم جۆرەی سوننەت بناسینەوە، وەك: هەبوونی بنەمایەکی قورئانیی بۆ فەرموودەکە، یان زۆر جەختکردنەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە بابەتی فەرموودەکە، یان هاتنی فەرموودەکە بە شێوازی گشتگیرو بەردەوامیو چەسپاندنی تەواو یان بڕیاردانی سزای توندبۆ سەرپێچیکەر، یان بابەتی فەرموودەکە کۆدەنگیی سەرجەم موسوڵمانانی لەسەردروست بووبێت دوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) کەئەمەش ئوسوڵیەکان بە (زانراو لە دیندا بە زەرورەت) ناوزەدیانکردووە.

**٢- سوننەتی تەشریعی تایبەت:** ئەو فەرموودانەن کە بابەتەکانیان تایبەتە بە کەسایەتییەك، یان شوێنێك یان وەسفێك، یان حاڵەتو هۆکارێك، ئەم جۆرەی سوننەتیش دەکرێت بە چەند بەشێکەوە:

أ- ئەو کارو کردەوانەی تایبەت بوون بە خودی پێغەمبەرەوە(دروودی خوای لێبێت)نەك کەسانی تر، بونموونە هەرکام لە شەونوێژ، یان نوێژی چێشتەنگاو یان سیواککردن لەگەڵ نوێژەکاندا، یان قوربانیکردن، واجب بووە لەسەر پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) یاخود هەندێك شتی تر حەرام بووە لەسەری، وەك: وەرگرتنی خێر و زەکات، هۆنینەوەی شیعر، یان هەندێك شتی تر دروست بووە بۆی، وەك: ڕۆژووی دوو ڕۆژ پێکەوە بێ شکاندن، هەڵبژاردەی غەنیمەت، کۆکردنەوەی زیاتر لە چوار ژن لەیەك کاتدا، هاوکات هەندێك حوکی تر پەیوەست بووە بە پایەی پێغەمبەرایەتیەوە، وەك: دابەشنەکردنی میراتەکەی، دەنگ بەرزنەکردنەوە لەبەردەمیدا، شوونەکردنەوەی خێزانەکانی لە دوای وەفاتی (٢٢).

**ب- ئەو فەرموودانەی تایبەت بوون بە هەندێك کەسایەتییەوە، وەك:** وەرگرتنی شایەتی خوزەیمەی کوڕی سابت لە بری دووان(٢٣).

**ج- ئەو فەرموودانەی تایبەت بوون بە هەندێك شوێنەوە، وەك:** دروستیی خۆپێچانەوەو سەفەرکردن بە نیازی نوێژکردن لە هەرکام لە مزگەوتی حەرام لە مەکەو مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینەو مزگەوتی ئەقسا لە قودس(٢٤).

**د- ئەوفەرموودانەی تایبەت بوون بە وەسفێکەوە:** وەکو ئەو هەڵسوکەوتانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) وەکو دادوەرو قازیەك یان سەرۆك دەوڵەتێك ئەنجامیداون، وەك دابەشکردنی زەویو غەنیمەتو کانزا، یان چەسپاندنی تاوان و جێبەجێکردنی سزا.

ه- ئەوفەرموودانەی تایبەت بوون بە حاڵەتو هۆکارێکەوە، وەك زۆربەی ئەو فەرموودانەی نادروستی هەندێك شتو هەڵسوکەوتی سادە دەدەن بەدەستەوە، وەك نادروستیی هەرکام لە درێژی جلوبەرگ، خواردنو خواردنەوە بە پێوە یان بە پاڵکەوتنەوە، بەکارهێنانی ئاڵتوونو ئاوریشم، جلوبەرگی ڕەنگکراو بە سوور بۆ پیاوانو هاوشێوەیان، ئەمانە وەکو خۆیان نادروست نین، بەڵکو نادروستن ئەگەر مەبەست لێیان فیزلێدانو لە خۆباییبوونو جیاکاریو منییەتی(الأنانية) بێت.

لەمبارەوە ئیبن عاشور پێیوایە ئەو فەرموودانەی سەبارەت بە نادروستیی جوانکاریی دەموچاوی ئافرەت هاتوون لەبرۆهەڵگرتنو موولابردنو ددان ڕێکخستنو هاوشێوەیان، هۆکاری نادروستییەکە بۆ خودی کارەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو کارانە ئەوکات لە تایبەتمەندیو سیمای ئافرەتی داوێنپیسو خراپ بوون، پێغەمبەریش(دروودی خوای لێبێت) بۆیە ڕێگری لەوکارانە کرد، تا ئافرەتی موسوڵمانو بەڕەوشت تێکەڵ ئەو جۆرە ئافرەتانەی تر نەبن لە سیماو ڕووکەشیاندا(٢٥).

**قازی عیاز(لە ٥٤٤ك مردووە) ڕاشکاو انە باس لەوە دەکات کە هەندێجار پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت ) لەکاروبارە دنیاییەکاندا ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیوە، بەڵام دواتر ئەنجامەکەی پێچەو انەی واقیع دەرچووە**

ئەوەی شایانی باسە ئەوجۆرە هەڵسوکەوتانە لەکاتی نەمانی هۆکاری نادروستیاندا، دەبنەوە بە هەڵسوکەوتی سادەو سروشتی.

**دووەم- سوننەتی ناتەشریعی:** سەرجەم ئەو فەرموودانە دەگرێتەوە کە مەبەست لێیان گەیاندنی شەریعەتو پەیامی

خودایی نەبووە، بەڵکو سەرچاوەو بنەماکەیان سروشتی مرۆڤبوونو بەهرەو تاقیکردنەوەو ئەزموونو باوونەریت بووە، کەدەتوانین لە چەند بەشێکدا کۆیان بکەینەوە:

١- ئەو فەرمووددانەی لەسەر بنەمای سروشتی مرۆڤبوونو حەزوو ئارەزووە جیاوازەکان هاتوونو هیچ مەبەستێکی شەرعیان لە پشت نەبووە، وەك ئەوەی گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بە سێ پەنجە نانی خواردووە، یان پەنجەی لێساوەتەوە، یان لەسەر هەردوو ئەژنۆ دانیشتووە بۆ نانخواردن، یان لەسەر زەوی نانی خواردووە، یان حەزی لە گۆشتی شانودەستی ئاژەڵ بووە، یان حەزی لە خواردنی حەڵواو هەنگوینو کوولەکەو تریتو کەشكو کاڵەك بووە، یان ڕقی لە بۆنی سیرو پیازو خەنەو کەوەر بووە، یان چاوی بە کل ڕشتووە، یان لەسەر لای ڕاست خەوتووە، هەموو ئەمانەو هاوشێوەیان ناچنە چوارچێوەی شەریعەتەوە.

**٢- ئەو فەرمووددانەی بنەماکەیان ئەزموونو تاقیکردنەوەو لێوەشاوەیی بووە، وەك:** کشتوکاڵو ئاودێریو بازرگانیو پیشەسازیو ئاژەڵداریو کاروباری شەڕوسوپاوشێوازی شەڕکردنو بۆسەنانەوەو هاوشێوەیان.

هاوکات ئەو فەرمووددانەی سەبارەت بە تەندروستیو چارەسەری نەخۆشی هاتوون، پەیوەستن بە ئەزموونو تاقیکرنەوەی ئەوکاتی نیوەدورگەی عەرەبیەوە، هیچ بنەمایەکی تەشریعیان نییە، بۆیە لەوانەیە زۆر شیاو نەبێت لە ئەمڕۆدا باس لە ئیعجازی پزیشکیی بکرێت لە ڕوانگەی ئەو فەرمووددانەی لەبارەی چارەسەری نەخۆشیەوە گێڕدراونەتەوە، چونکە ئەو بابەتانە لەسەر بنەمای ئەزموونو تاقیکردنەوەو نەریت بنیاتنراون، لەوانەیە مەبەست بپێکن‌و لەوانەشە نەیپێکن.

لەمبارەوە ئیبن خەلدون (لە ٨٠٨ك مردووە) دەڵێت: " ئەو چارەسەرو دەرمانانەی گێڕدراونەتەوە دەچنە چوارچێوەی نەریتو تاقیکردنەوەوە، بەشێك نین لە سرووش، بەڵکو نەریتی عەرەب بووە، کاتێکیش لە نێو هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەردا باسکراون، مەبەست هەڵسوکەوتە نەریتیو سروشتیەکانی بووە، نەك بەو مانایەی ئەوە تەشریعەو دەبێت وەك خۆی کاری پێبکرێت، پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) نێردراوە تا شەریعەتمان فێربکات، نەك چارەسەری نەخۆشیو کاروبارە نەریتیەکان، هەروەك چۆن ئەوەی ڕوویدا لەبابەتی تێکەڵکردنی دارخورماکەداو دواتر فەرمووی: (ئێوە زاناترن لە کاروباری دنیاتان) کەواتە هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستا نییە تا ئەوەی سەبارەت بە چارەسەری نەخۆشی گێڕدراوەتەوە بخرێتە ناو تەشریعەوە..."(٢٦).

هەرکام لە دەهلەوی‌و محەمەد ڕەشید ڕەزاو شێخ شەلتوت‌و چەندانی تر پشتگیری ئەم ڕایەی ئیبن خەلدونیان کردووە.

٣- ئەو فەرموودانەی لەسەر بنەمای دابونەریتی ئەوکاتە گێڕدراوەتەوە، بۆ نموونە پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) یان هاوەڵان هەندێك بەسەرهاتیان گێڕاوەتەوە، کەلە خزمان‌و کەسانی دەوروبەریانەوە بیستوویانە، مەرج نییە ڕووداوی واقیعی بن وەك: فەرموودەی ژنەکانی یەمەن کە بە فەرموودەی (أم زرع)(٢٧) ناسراوە، یان فەرموودەی (خرافة) (٢٨).

یان هەندێجار پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) وەکو ڕاوێژکار یان تکاکارێك بەپێی نەریتی ئەوکاتە بۆچوونی دەربڕیوە، بۆنموونە: فاتیمەی کچی قەیس ڕاوێژ بە پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) دەکات، کە موعاویەو ئەبو جەهم داخوازیانکردووە، ئەویش دەفەرمووێت: ئەبو جەهم دار عەساکەی لەسەر شان دانانێت، موعاویەش هەژارەو پارەی نییە، بەڵکو شوو بکە بە ئوسامە" (٢٩).

یان جارێکیان کەعبی کوڕی مالك لە مزگەوتدا داوای قەرز لە کەسێك دەکاتەوە، هاوکات دەبێتە دەنگە دەنگیان‌و پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) لە ژوورەکەی خۆی گوێی لێدەبێت، سەردێنێتە دەرەوەو بە کەعب دەڵێت کە لە نیوەی خۆش ببەو نیوەکەی تری لێبسێنەرەوە، کەعبیش ڕازی دەبێت(٣٠)، یان فەرموودەی بەریرە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

٤- ئەو فەرموودانەی مەبەست لێیان بەرژەوەندیەکی کاتی یان ئامانجێکی سیاسی بووە، نەك مەبەستی تەشریعی، وەك لە عومەری کوڕی خەتابەوە گێڕدراوەتەوە سەبارەت بە تەوافکردن بە شێوازی گورگەلۆقە(الرمل- بەخێرایی ڕۆشتن ) وتوویەتی: "چیمانداوە لەو خێرایی ڕۆشتنە، ئەوکات مەبەستمان ئەوەبوو پیشانی بێباوەڕانی بدەین کە ئێمە بەهێزین، ئێستە ئەوان خوا لەناوی بردوون" (٣١).

**ئەو فەرمودانەی سەبارەت بە باوونەریت و پیشەسازی و کشتوکاڵ و هونەروزانینێکی بنیاتنراو لەسەر تاقیکردنەوەو بەدواداچون هاتوون، ئەمانە تەشریع نین، بەڵکو بریتین لە جۆرێك لە ڕێنوێنی**

بە هەمان شێوە پرسیار لە عەلی کوڕی ئەبی تالب دەکەن سەبارەت بەو فەرموودانەی فەرماندەکەن بە ڕەنگکردنی سەروریشی سپی، ئەویش دەڵێت: ئەو فەرمانانە لەکاتێدا بوو کە ئیسلام بێهێزبوو ئێستە کە ئیسلام

بڵاوبۆتەوە، هەرکەس ئارەزووی خۆیەتی ڕەنگیدەکات یان نا"(٣٢).

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە جیاوازی کردن لە نێوان سوننەتی تەشریعی و ناتەشریعیدا، بناغەو میتۆدێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی دروستو ماناکردنی شیاوو گونجاوی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) وەك خۆیانو ڕاستکردنەوەی هەندێك تێگەیشتنی هەڵەو نەشیاوو ڕەواندنەوەی چەندین گومان، کە لەوانەیە سەرچاوەکەیان بۆ ئەو میتۆدو ئاڕاستەیە بگەڕێتەوە، کە پێیوایە سەرجەم گوفتار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) لە چوارچێوەی تەشریعو سرووشی خواییدایە.

هاوکات بە توندی ئەو ئاڕاستەیەش ڕەتدەکەینەوە کە دەیەوێت لە ڕوانگەی پۆلێنی ناوبراوەوە، لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتیوئابووریەکان لە شەریعەت جیابکاتەوەو ئاینو ئاینداری لە کۆمەڵێك بیروباوەڕو کاری پەرستشیدا کورت بکاتەوە.

## سەرچاوەو پەراوێز

١- أخرجه البخاري في صحيحه كتاب الطلاق باب شفاعة النبي في زوج بريرة (٥٢٨٣).
٢- بڕوانە: الطبري: جامع البيان عن تأويل آي القرآن، ضبط وتعليق: محمود شاكر، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠١، ٢٢/١٦. البغوي: معالم التنزيل، تحقيق: محمد عبد الله النمر وآخرون، دار طيبة للنشر والتوزيع، الرياض، ط١، ١٩٨٩، ٣٥٣/٦. السيوطي: الدر المنثور في التفسير بالمأثور، تحقيق: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، مركز هجر للبحوث والدراسات العربية والإسلامية، القاهرة، ط١، ٢٠٠٣،١٢/٤٨. الشوكاني: فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، دار ابن كثير، دار الكلم الطيب، دمشق- بيروت، ١٩٩٤، ٣٢٦/٤.
٣- أخرجه مسلم في صحيحه كتاب الفضائل، باب: وجوب امتثال ما قاله شرعا، دون ما ذكره من معايش الدنيا، على سبيل الرأي (٢٣٦٢).
٤- أخرجه مسلم في صحيحه كتاب الفضائل، باب: وجوب امتثال ما قاله شرعا، دون ما ذكره من معايش الدنيا، على سبيل الرأي (٢٣٦٣)
٥- بڕوانە: النووي: المنهاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج، تحقيق: أبو عبد الرحمن عادل بن سعد، دار ابن الهيثم، القاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ٤٥١/٧.
٦- ابن السمعاني: قواطع الأدلة في أصول الفقه ، تحقيق: د. عبد الله بن حافظ بن أحمد الحكمي، مكتبة التوبة، الرياض، ط١، ١٩٩٨،٣/٢٥٩.
٧- بڕوانە: عياض، القاضي: الشفا بتعريف حقوق المصطفى، تحقيق: عبد السلام محمد أمين، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٣، ٢٠٠٦م. ١١٤/٢.
٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ١١٥/٢.
٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ١١٥/٢.
١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ١١٥/٢.
١١- بڕوانە: القرافي: الفروق، ضبط وتصحيح: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٨، ٣٥٧/١؛ الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، اعتنى به: عبد الفتاح أبو غدة، دار البشائر الإسلامية، بيروت، ط٢، ١٩٩٥، ص ٩٩.
١٢- بڕوانە: القرافي: الفروق ٣٥٨/١. الإحكام، ص ١٠٨.
١٣- الدهلوي، ولي الله: حجة الله البالغة، راجعه وعلق عليه: محمود طعمه حلبي، دار المعرفة،

بيروت، ط١، ١٩٩٧، ٢٩٤/١.
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٩٤/١-٢٩٥.
١٥- بڕوانە: رضا، محمد رشيد: تفسير القرآن الحكيم ، دار المنار، القاهرة، ط٢، ١٩٤٧م. ٣٠٣/٩.
١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٣٠٤/٩.
١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٣٠٤/٩.
١٨- خلاف، عبد الوهاب: علم أصول الفقه، دار القلم، الكويت، ط٨، د، ت، ص ٤٣.
١٩- شلتوت، محمود: الإسلام عقيدة وشريعة،، دار الشروق، القاهرة، ط١٨، ٢٠٠١، ص ٥٠٠.
٢٠- بڕوانە: شلتوت، محمود: الفتاوى، دراسة لمشكلات المسلم المعاصر في حياته اليومية العامة، دار الشروق، القاهرة، ، ط١٨، ٢٠٠٤م. ص ١٩٨.
٢١- بڕوانە: عيسى، عبد الجليل: اجتهاد الرسول ، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة، ط٢، ٢٠٠٣، ص ٣٧ وما بعدها.
٢٢- بڕوانە: وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية(الكويت) : الموسوعة الفقهية، طباعة ذات السلاسل، الكويتط٢، ١٩٨٧، ٢٥٧/٢ وما بعدها. الأشقر، د. محمد سليمان: أفعال الرسول ودلالتها على الأحكام الشرعية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٥، ١٩٩٦،١ /٢٦٣ وما بعدها.
٢٣- حديث شهادة خزيمة أخرجه ابو داود في سننه (٣٦٠٧) والنسائي في المجتبى (٤٦٤٧) وفي الكبرى(٦٨٩٨) وأحمد في مسنده (٢١٨٨٣) والطبراني في المعجم الكبير ٣٧٩/٢٢. والحاكم في المستدرك (٢١٨٧) وقال: هذا حديث صحيح الإسناد، ورجاله باتفاق الشيخين ثقات، ولم يخرجاه، ووافقه الذهبي في التلخيص، وصححه الألباني في الإرواء (١٢٨٦).
٢٤- حديث شد الرحال إلى المساجد الثلاثة، أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب فضل الصلاة في مسجد مكة والمدينة (١١٨٩) ومسلم في صحيحه كتاب الحج، باب لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد (١٣٩٧).
٢٥- بڕوانە: ابن عاشور: مقاصد الشريعة الإسلامية، تحقيق: محمد الطاهر الميساوي، دار النفائس، الأردن، ط٢٠٠١،٢، ٣٢٣/٢.
٢٦- مقدمة ابن خلدون، اعتنى به: هيثم جمعة هلال، مؤسسة المعارف، بيروت، ط٢٠٠٧،١، ص ٥٣١.
٢٧- حديث أم زرع أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب النكاح، باب باب حسن المعاشرة مع الأهل (٥١٨٩) ومسلم في صحيحه، كتاب فضائل الصحابة، باب ذكر حديث أم زرع (٢٤٤٨).
٢٨- حديث خرافة أخرجه الترمذي في الشمائل (٢٥٣) وأحمد في مسنده (٢٥٢٤٤) وأبو يعلى في مسنده (٤٤٤٢) والطبراني في الأوسط (٦٠٦٨) وابن الجوزي في جامع المسانيد(٧٢١٥) ورجال أحمد ثقات وفي بعضهم كلام لا يقدح. وأورده الألباني في السلسلة الضعيفة(١٧١٢).
٢٩- أخرجه مسلم في صحيحه، كتاب الطلاق، باب المطلقة ثلاثا لا نفقة لها (١٤٨٠).
٣٠- أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب الصلاة، باب التقاضي والملازمة في المسجد (٤٥٧) ومسلم في صحيحه، كتب المساقاة، باب باب استحباب الوضع من الدين (١٥٥٨).
٣١- أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب الحج، باب الرمل في الحج والعمرة (١٦٠٥).
٣٢- نهج البلاغة، ص ٦٨٣.

# وەرگێڕان

ئایینناسی

# ڕەوشی زانستی و ڕۆڵی قوتابخانە ئایینییەکان لە کوردستانی عێراق

نوسین: محەممەد زەکی مەلا حسێن بەرواری
وەرگێڕان: ئایینناسی

کورد بەشداریەکی کارای لە بوونیادنانی شارستانیی ئیسلام کردووە، بە درێژایی مێژوو لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفە خزمەتی پێشکەش کردووە، ئەمەش بەڵگەی خۆشویستنیەتی بۆ زانست و شانازیکردنە بە ئیسلامەوە و بەرگری لە بیروباوەڕی ئیسلامی، لە زۆربەی بوارەکانی ئایینی، شارستانی، سیاسی و کۆمەڵایەتی پشکدار بووە لە بوونیادنانی پێشکەوتن بە شێوەیەکی کارا و لەگەڵ شارستانیەتەکانی دراوسێی بە بەخشین و وەرگرتن کارلێکی کردووە، جێکەوتەی ڕوونی لە بوارە جیاوازەکانی زانست جێهێشتووە، کتێبی بەشێک لە زانایانی کورد لە قوتابخانەکانی بەغدا، قاهیرە، مەککە، مەدینە. ئەسفەهان، مەراغە، بەدلیس، ئامەد، دیمەشق و شارەزوور و شارەکانی دی دەخوێنران، بەڵام جێگەی نیگەرانییە هەندێک لە مێژوونووس و نووسەرە دەمارگیرەکان ناپاکیان لەم ئەمانەتە زانستییە کردووە بە سڕینەوەی شوێنەواری کورد و ناسنامەیان. بە مەبەست ڕەچەڵەکی زانا و کەسایەتییەکانی دەبەنەوە سەر گەلانی تر، ئەمەش لە نەزانییەوە، یان پشتگوێخستن و ڕقەوەیە.

**مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە ئیسلامییەکان و حوجرەکان**

هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیسلام و هاتنی نیگا بۆ پێغەمبەر (د. خ)ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم بووە یەکەم دامەزراوەی پەروەردەیی، پێغەمبەر لەوێدا ژمارەیەک لەوانەی کۆ دەکردەوە کە بە نهێنی بڕوایان پێ هێنابوو، ڕێنماییەکانی ئایینی نوێی فێر دەکردن، ئەم ماڵە بووە قوتابخانەی پەروەردە و پاککردنەوەی دەروون، لە قۆناغەکانی دواتر دامەزراوەی پەروەردەیی پەرەی گرت و فراوان بوو، سوختەخانە (الكُتّاب)، مزگەوت، کتێبخانە، خانەی دانایی (بیت الحكمة)، خانەقا، تەکیە و... تاد دەرکەوتن.

**یەکەم: سوختەخانە**

سوختەخانە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (د. خ) دەرکەوت، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچە جیاوازەکان، تێیدا منداڵان فێری قورئانی پیرۆز و بنەما و زانستە ئیسلامییەکان دەکران، بەو پێیەی لە دیدی ئیسلامەوە فێربوونی قورئان و بنەماکانی ئایین واجبی سەرشانی موسڵمانە، پێغەمبەر (د. خ) پێشەنگ و هاندەری فێربوونی زانست بوو، دیلەکانی جەنگی ڕاسپاردبوو کە لە بەرامبەر فێرکردنی دوانزە منداڵی موسڵمان، ئازاد دەکرێن.

پێشەوا محەممەد بن سەحنون لە ئەنەسەوە چەند گێڕانەوەیەک دەهێنێت، ئاماژە بەوە دەدەن کە لە سەردەمی پێغەمبەر (د. خ) و خەلیفەکانی ڕاشدین قوتابخانەکان گەشەیان کرد، لە مەدینە شوێنێک هەبوو پێیان دەوت خانەی قورئان (دار القران) هەندێک لە قورئانخوێنەکان دەچوونە ئەوێ و فێری خوێندنەوەی قورئان دەبوون، ئایەتەکانیان لەبەر دەکرد و خەڵکیش بە مەبەستی فێربوون ڕوویان تێدەکرد، لەگەڵ دەستپێکی فتوحاتی ئیسلامی و پێویستی گەیاندنی بنەماکانی ئیسلام بە گەلانی تر سوختەخانەکان پەرەیان گرت، ناوەندەکانی فێربوون لە بەسرە، کوفە، فوستات و قیرەوان بەرفراوان بوون، بە جۆرێک لە سەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچی گەیشتنە لوتکە، غیاس کوڕی ئەبو غیاس دەگێڕێتەوە منداڵ بووە لە سوختەخانە بوو، سوفیان کوڕی ڕەجەب کە هاوەڵی پێغەمبەر (د. خ) بوو سەردانی کردوون و سۆزی بۆ دەربڕیون و نزای بەرەکەتی بۆ کردوون.

**دووەم: حوجرە**

فێربوون شانبەشانی سەرهەڵدانی ئیسلام دەرکەوت، کۆمەڵێک لە هاوەڵان لە مزگەوتی قوبا لە سەردەمی پێغەمبەر (د. خ) فێربوون و لەو دەمەوە سوختەخانە بەکار هێنرا، مزگەوتی قوبا یەکەم مزگەوت بوو لە ئیسلامدا دروست کرا، پاشان مزگەوتی پێغەمبەر (د. خ) دروست کرا، مزگەوتی پێغەمبەر (د. خ) بە یەکەم شوێنی زانستی دادەنرێت کە لە مەدینە دروست کرا، لە سەردەمی عەباسییەکان حوجرەکان ناو و ناوبانگی زۆریان پەیدا کرد، بوونە ڕووگەی زانایان و فێرخوازان، لە حوجرە بەناوبانگەکانی ئەو کاتەی عێراق، مزگەوتی مەنسوور لە بەغدا، حوجرەکانی کوفە و بەسرە، مزگەوتی ئومەوی لە شام. مزگەوتی عەمری کوڕی عاس، مزگەوتی تۆڵۆن و ئەزهەر لە میسر، لەو حوجرانەدا ئەڵقەی زانستی هەبوون کە تەنیا لە بوارەکانی ئایینی و زمانەوانی کورت هەڵنەهاتبوو، بەڵکو سەریکێشابوو بۆ زانستەکانی ئەو سەردەمیش لەوانە: پزیشکی، ژمێرە، گەردووناسی و... تاد.

**مێژووی حوجرە لە کوردستانی عێراق**

بەگوێرەی گێڕانەوەکانی مێژووی ئیسلامی، عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی هەژدەی کۆچی سەعد کوڕی ئەبی وەقاسی ڕاسپارد سێ سوپا بنێرێت بۆ فەتحی وڵاتی کوردان کە خۆی دەبینییەوە لە (دیاربەکر، حەڕان، نوسەیبین، شنگال، خابور، مووسڵ، شاخەکانی هەکاری و بادینان)، سوپا بە سەرکردایەتی عەیاز کوڕی غەنەم هات، دوای فەتحی ناوچەکە کورد هاتنە ناو ئیسلام، لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان مزگەوت بوونیاد نرا، ئەو مزگەوتانە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی بوونە گرنگترین دامەزراوەی ڕۆشنبیری و زانستی کە لە تەواوی کوردستان بڵاوبوونەوە، لەوێدا خەڵک فێری زمانی عەرەبی کە زمانی قورئان بوو و ڕێنماییەکانی ئایین دەبوون، دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت بەر لە فتوحات کورد بە ئایینی ئیسلام ئاشنا بووە، بە بەڵگەی ئەوەی یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د. خ) کورد بوو بە ناوی (گابان) یان (جابان) کە چەندین فەرموودەی لێ گێڕدراوەتەوە.

**قۆناغەکانی خوێندن لە حوجرە**

خوێندنی حوجرە وەک قۆناغی دووەمی خوێندن دوای قۆناغی سوختەخانەکان هەژمار دەکرێت، قوتابییانی حوجرە بەسەر دوو ئاستدا دابەش دەکران: قۆناغی سەرەتا و قۆناغی موستەعید. قۆناغی سەرەتا - بەو کەسەی لە قۆناغی یەکەمی حوجرە دەخوێنێت دەوترێت سوختە- لەلایەن موستەعید وانەی پێدەوترا، موستەعید قوتابی حوجرە بوو، بەڵام پلەی بەرزتر بوو لە سوختە، لەلایەن مامۆستای حوجرەوە وانەی دەخوێند و قۆناغێکی بڕیبوو. لە خوێندنی سەرەتادا چەند بابەتێک دەخوێنران لەوانە نەحو کتێبی (العوامل الجرجانی)، سەرف کتێبی (البناء)، کە لە خوێندنی ئەم دوو کتێبە تەواو دەبوون کتێبی تر لەو دوو بوارە دەخوێنران کە قورستر و بەرفراوانتر بوون، لە پاڵ ئەو دوو زانستە بابەتەکانی فیقهی ئیسلامیش دەخوێنران، ئەم قۆناغە ماوەی پێنج بۆ نۆ ساڵی دەخایاند.

لەم قۆناغەدا قوتابی بەشێک لە مەتنی زانستەکانی نەحو و سەرفی لەبەر دەکرد، دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغە ئامادە دەبوون بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغی موستەعید، لەم قۆناغە نوێیەش ڕاستەوخۆ مامۆستای حوجرە وانەی پێدەوتن، ڕەنگە ئەوە هاوشێوەی دەرچووی ئامادەیی بێت کە دەگوازرێنەوە بۆ قۆناغی زانکۆ، لەم قۆناغە نوێیە، چەندین بابەت و کتێب دەخوێنران، بە تایبەت لە بواری لۆژیک، ڕەوانبێژی، زانستی کەلام، فەلسەفە، فیقه، ئوسووڵی فیقه، فەرموودە، ئەو کتێبانەی لە بواری فیقه و ڕاڤەی قورئان دیدگایەکی عەقڵانییان هەبوو، دواتریش بە خوێندنی بابەتەکانی بیرکاری و گەردووناسی کۆتایی

بە خوێندن دەهات، خوێندنی ئەم قۆناغە پەیوەست بوو بە ئاستی لێهاتووی و زیرەکی قوتابییەکە کە چەند لە ناوەرۆکی کتێبەکان تێدەگات و بە ماوەی چەند دەتوانێت خوێندنەکەی بە سەرکەوتوویی تەواو بکات.

ئەڵقە زانستییەکان بە تەنیا خوێندنی بابەتی ئایینی کورت هەڵنەهاتبوو، بەڵکو خوێندنی زانستەکانی ئەو سەردەمەشی لە خۆ دەگرت، لەوانە (معلقات السبعة)، فەلسەفە، زمان و پزیشکی، مەنهەجی خوێندنیش لە نێوان قوتابخانەکان چوونیەک و یەکجۆر نەبوو، دەرچووی حوجرەکان کە تەواو دەبوون بەوە دەناسران کە کەسێکن دوانزە زانستیان خوێندووە، کە بریتیبوون لە زانستەکانی: نەحو، سەرف، ڕەوانبێژی، فیقهـ، ئوسووڵی فیقهـ، لۆژیک، ئەدەب، زانستی کەلام، فەلسەفە، گەردووناسی، بیرکاری و ئەندازە و زمان.

ماوەی وانەکان سنووردار نەبوو، بەڵکو هەندێک جار دوو کاتژمێر، یان زیاتری دەخایاند، بەڵام دەبوو ماوەکەی کاریگەری لەسەر وانەی موستەعید دروست نەکات، ئەو قوتابخانانەی کە مامۆستاکانی بە زیرەکی و زانست بەناوبانگ بوون، جمەیان دەهات لە قوتابی، ڕۆژانە نەدەتوانرا تەواوی ئەو قوتابییانە وانە بخوێنن، بۆیە لە دۆخی وادا ڕۆژ نا ڕۆژێک وانە دەخوێنرا، زمانی کوردی زمانی وانەوتنەوە و شیکردنەوەی بابەتەکان بوو لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، لەلایەکی تریشەوە جوگرافیای کوردستان لە ڕووی زانستی، ڕۆشنبیری و ئایینییەوە بووبووە زەوییەکی بەپیتی زۆری ناوەندەکانی لەبەرکردنی قورئان، لە شار و زۆرینەی گوندەکانی کوردستان مزگەوت بوونی هەبوو، پێشنوێژی هەبوو خەڵکی فێری ڕێنماییەکانی ئایین و خوێندنەوەی قورئان دەکرد، دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین لە مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆکان بەشی تایبەت بە خوێندنی ئیسلامی و زمانی عەرەبی کراونەتەوە، ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابی کوردستان لە زانکۆ جیهانیی و ئیسلامییەکان لەو وڵاتانەی گرنگی بە زانستە ئیسلامییەکان دەدەن درێژە بە خوێندنی ئیسلامیی دەدەن.

### مۆڵەتی زانستی

کاتێک قوتابی لە حوجرە دەگاتە قۆناغی کۆتایی و بڕی پێویستی زانستەکانی خوێندووە، لە چەندین حوجرە و لای مامۆستای جیاواز وانەی خوێندووە، وێستگەی کۆتایی گەشتەکەی لای زانایەکە کە پێگەیەکی زانستی دیاری لە نێوان زانایان هەیە، قوتابییەکە لای ماوەتەوە و کتێبێک، یان بەشێک لە زانستەکانی لا خوێندووە، مۆڵەتی زانستی دەبەخشێتە قوتابییەکە.

بە بەخشینی مۆڵەت قوتابییەکە دەچێتە ڕیزی زانایان، دەبێتە مامۆستا و دەشێت قوتابی هەبێت و وانە بڵێتەوە، نەریت

وایە بۆ بەخشینی مۆڵەتەکە ئاهەنگ ساز دەکرێت، هۆنراوە و ستایشنامە لە ئاهەنگەکە دەخوێنرێنەوە، خواردن ئامادە دەکرێت، هەندێک لە (قەسیدەی بوردە) دەخوێنرێتەوە، ئەمەش لە مزگەوت، یان حوجرەکە دەبێت، ژمارەیەک لە زانا و کەسایەتیی ناوچەکە و پیاوماقووڵانی شار، یان گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشت دەکرێن، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەو بۆنەیەوە خۆشی و شادی دەردەبڕێت و فەقێ دەنگخۆشەکان سروودی ئایینی دەڵێن.

### ئاهەنگی بەخشینی مۆڵەت

لە ڕۆژی دیاریکراودا کە زانایان و ئاهەنگگێڕان کۆبوونەتەوە، بە فەرمانی مامۆستای مۆڵەتپێدەر چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەخوێنرێتەوە، پاشان مامۆستا مۆڵەتپێدەر بەڵگەنامەی مۆڵەتدان دەخوێنێتەوە، کە ڕشتەیەکی ناوی زانایانی مۆڵەتپێدەرە و لە کۆتاییدا دەگاتەوە سەر پێغەمبەر (د. خ)، دوای خوێندنەوەی ڕشتەی مۆڵەتپێدەران، پوختەیەکی ژیاننامەی قوتابییەکە دەخوێنرێتەوە کە چۆن زانستەکانی خوێندووە و گەیشتووەتە ئەم پلەیە مۆڵەتی زانستی پێ بدرێت، بەڵێن لە مۆڵەتپێدراو وەردەگیرێت پەیڕەوی سوننەتی پێغەمبەر و ڕەوشتە بەرز و باڵاکان لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بکات، پاشان پۆشاکی تایبەت کە جبە و عەمامەیەکی سپییە دەکرێتە بەری قوتابییە مۆڵەت پێدراوەکە، ئەویش دەستی مامۆستاکەی ماچ دەکات و مۆڵەتەکەی لێ وەردەگرێت، دواتر ئامادەبووان پیرۆزبایی وەرگرتنی مۆڵەتەکە لە قوتابییەکە دەکەن و بەمە دەبێتە مەلای دوانزە زانست (علم).

### لە دیدی ئیسلامەوە فێربوونی قورئان و بنەماکانی ئایین واجبی سەرشانی موسڵمانە

### تایبەتمەندی قوتابخانە ئایینییەکان لە کوردستان

قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستان چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، لەوانە:

-خوێندن بە خۆڕایی، خێرخوازان خەرجی قوتابخانەکان دابین دەکەن، خزمەتی قوتابییەکان دەکەن، بژێوی مامۆستاکان دەستەبەر دەکەن، ئەمەش بە پاساوی خۆشەویستی ئایین و زانست و زانایان.

-ئازادی لە هەڵبژاردنی مامۆستا لەلایەن قوتابییەوە و گواستنەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، سنووریش کراوە بوو لەبەردەم قوتابییان کاتێك لە ناوچەیەکەوە لە عێراق بۆ ئێران، یان تورکیا، یان سوریا، یان هەر ناوچەیەکی تر بڕۆیشتایە، وەکو باڵیۆز و ئەمیندارێك لە

وڵاتانی ئیسلامیی لێی دەڕوانرا، سەرەڕای ئەوەی دەبووە ڕوویەکی گەشی گەلی کورد و شانازی بە ناسنامەی خۆیەوە لە ناو جیهانی ئیسلامیی دەکرد.

-قوتابی ئازاد بوو لە هەڵبژاردنی ئەو کتێبەی دەیەوێت لەو قۆناغەدا لەسەری بخوێنێت، مامۆستا دەستوەردانی نەدەکرد.

-هەندێك لە قوتابخانەکان لەگەڵ هۆز و خێڵەکان کوێستان و گەرمیانیان دەکرد بەپێی وەرزەکان، بەڵام ئەمە زۆر سنووردار بوو.

-بەردەوامی خوێندن لە حوجرە، هاوشێوەی قوتابخانە فەرمییەکانی ئێستا لە وەرزی هاوین قوتابخانە دانەدەخرا، بەڵام ڕۆژانی سێشەممە و هەینی و ڕۆژانی جەژن وانە نەدەخوێنرا، مانگی ڕەمەزانیش دەکرایە پشوو، قوتابییەکان ڕۆژانی پشوویان دەکردە دەرفەت بۆ پێداچوونەوەی وانەکان و لەبەرکردنی دەقەکان و سەردان و گفتوگۆ لە نێوان قوتابییانی قوتابخانە.

**ڕۆڵی حوجرە لە کوردستان**

حوجرە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چەندین بواری جیاواز لە کوردستان بینیوە، گۆڕانێکی فیکری بەرچاوی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدیهێناوە، جێی بە نەزانی و دواکەوتوویی لێژ کرد، تاکەکانی پەروەردەکرد و دەرونی پاککردنەوە بە جۆرێك ببنە شایستەی هەڵگرتنی پەیامی ئیسلام، هەروەك پشکداربوو لە پاککردنەوەی دەروونی تاکی کورد و پێگەیاندنی و بەشارستانیکردنی، هۆکارێك بوو بۆ دروستبوونی دەیان زانا، شاعیر و ئەدیب کە لە بوارە جیاوازەکانی ئایینی و ئەدەبی کتێبیان نووسی، لێرەدا بە کورتی باسی هەندێك لە ڕۆڵی ئەو حوجرانە دەکەین:

**ڕۆڵی خواپەرستی**

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئیسلام و پەرەگرتنی حوجرەکان و پێگەیشتنی زانایان، مزگەوت لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان دروستکران، بوونە شوێنی خواپەرستی و پیادەکردنی ئیسلام و ئاینداری، نوێژی تێدا دەکرا، هەفتانە وتار دەخوێنرایەوە، لە جەژن و بۆنەکان خەڵك تێیدا کۆدەبوونەوە.

**مزگەوتی پێغەمبەر (د. خ) بە یەکەم شوێنی زانستی دادەنرێت کە لە مەدینە دروست کرا**

**ڕۆڵی فێرکاری**

حوجرەکان بوونە شوێنی خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری، بوونە دروستکەری شارستانیەت و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری و دایەنگەی فیکری ئیسلامیی، فێربوون لە وڵاتی کوردان پەیوەندیەکی بەتینی بە

مزگەوتەوە هەیە، لە حوجرەکان دەیان زانا پێگەیشتن، ژیانیان بۆ بڵاوکردنەوەی زانست، لێکۆڵینەوە و نووسین لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفە تەرخان کرد، ڕەفەی کتێبخانەکانیان بە کتێبی چەند بەرگی نایاب ڕازاندەوە، تیایاندا بوو سەرقاڵی وانەوتنەوە بوو، بوونە سەروەتێکی گەورە بۆ زانستی ئیسلامیی و زانین، هەندێك لەوانە ڕوویکردە تەسەوف و هەندێکی تریشیان لە بوارە جیاوازەکانی ڕۆشنبیری ئەسپی خۆیان تاودا.

### ڕۆڵی ئابووری

حوجرەکان لە کوردستان لە دووتوێی پەیامەکە گشتییەکەیاندا گرنگیان دا بە ئابووری و میانەڕەوی لە خەرجکردن، بەخشین لە پێناو خوا بۆ بەرژەوەندی گشتیی، پێدانی زەکات بەو توێژانەی لە قورئاندا باسکراون، هەروەك تەشریعی ئابووری ئیسلامی لە بەرژەوەندی گشتی ڕیشەدار کرد لە بوارەکانی کەفارەت، بەخشین، وەقف، میرات و بەخشین، ڕوونرکدنەوەی مافی خەڵك لە داهاتی گشتیی دەوڵەت تا هاوسەنگی لە دابەشکردنی داهات هەبێت و کۆتایی بە هەژاری بێت.

### دادوەری لە حوجرەدا

لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی لەسەر موڵك و ماڵ، قەرز، کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی، میرات و حاڵەتەکانی تر، پەنادەبرایە بەر دادوەری و ڕێککەوتن لە ناو مزگەوت بۆ کۆتاییهێنان بەم ناکۆکییە و چارەسەری کێشەکان، چونکە مزگەوت لە فەرهەنگی ئایینی، سیاسی، کارگێڕی و کۆمەڵایەتیدا شوێنی دادپەروەرییە، زانایەکی ئایینی، یان دەستەیەك لە زانایان کۆ دەبوونەوە و شەنوکەوی کێشەکەیان دەکرد، چەند پیاوماقووڵ ئامادەی دانیشتنەکە دەبوون، بەپێی پرەنسیپەکانی شەریعەت دادوەرییەکە دەکرا و هەموان دەبوونە شاهید لەسەر دادوەرییەکە و جێبەجێکردنی و دەبوو هەموانیش پێوەی پابەند بن.

**بەرلە فتوحات کورد بە ئایینی ئیسلام ئاشنا بووە**

### ڕۆڵی کۆمەڵایەتی مزگەوت

بناغەی سیستمی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا بیروباوەڕی ئیسلامییە، لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕە پێگەی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندی بە گەردون و ئامانجی بوونی کە لەپێناویدا دروستکراوە دیاری دەکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت (وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان) (المائدة ٢). هەروەها فەرموویەتی (وَٱلْمُؤْمِنُونَ

وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ) (التوبة ٧١).

**مەنهەجی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان**

بە گشتیی ئەو کتێبە مەنهەجیانەی لە حوجرەکانی کوردستان دەخوێندران لە سەرجەم قۆناغەکان ئەمانە بوون:

**یەکەم: نەحو**

-مغنى اللبيب عن كتب الاعاريب/ ابن هشام النحوي.

-الفريدة/ جلال الدين السيوطي.

-العوامل/ عبدالفاهر الجرجاني. وشرح العوامل/ سعدالله الصغير.

-الشامل للعوامل/ معروف النودهي.

-الكافية/ عثمان بن عمر المشهور بابن حاجب الكردي، وشرحه للحاجي (نورالدين بن عبدالرحمن الجامي).

-المغني/ فخرالدين الجاربردي.

-حدائق الدقائق في شرح رسالة علامة الحقائق/ جار الله الزمخشري، ئەم کتێبە بە (انموذج) ناودەبرێت و بەناوبانگە، وشرح سعدالدين البردعي (سعدالله الكبير).

-الاجرومية/ ابو عبدالله محمد بن محمد الصنهاجي (ابن اجروم).

-اظهار البركوي، الصمدية شرح الجامي على كفاية ابن الحاجب.

-الفية ابن المالك.

**دووەم: سەرف**

-المجموعة الصرفية، البناء، المقصود، مراح الارواح.

-تصريف الزنجاني/ عزالدين ابراهيم بن عبدالوهاب (عزي).

-الشافية/ جمال الدين ابو عمرو عثمان بن عمر (ابن الحاجب الكردي).

-تصريف الملا علي الاشنوي.

-شذى العرف في فن الصرف/ احمد الحملاوي.

**بەوکەسەی لە قۆناغی یەکەمی حوجرە دەخوێنێت دەوترێت سوختە**

**سێیەم: زانستی ڕەوانبێژی**

-الرسالة الوضعية العضدية/ عضدالدين عبدالرحمن الشيرازي.

-المطول/ سعدالدين التفتازاني وشرحه للجرجاني، وشرحه الاخر لعبدالحكيم السيالكوتي.

-تلخيص المفتاح/ محمد بن عبدالرحمن القزويني.

-رسالة الاستعارة في علم البيان/ ابو القاسم الليثي السمرقندي.

-رسالة اداب المناظرة/ القاضي عضدالدين.

**چوارەم: زانستی لۆژیک و دانایی**

-الرسالة الشمسية في المنطق/ القزويني.
-مطالع الانوار/ قاضي سراج الدين الارموي.
-تهذيب المنطق/ سعد الدين التفتازاني.
-رسالة ايساغوجي/ شرحها حسام الدين الكافي.
-الشمسية، متن مختصر في المنطق/ نجم الدين بن عمرو.
-البرهان في علم الميزان (ميزان المنطق)/ اسماعيل الكلنبوي.
-شرح تهذيب المنطق لجلال الدين الدواني/ عبدالله بن الجسين اليزدي.
-اثبات الواجب/ محمد بن اسعد الصديقي الدواني.
-هداية الحكمة/ ابهري.
-حكمة العين/ علي بن محمد القزويني.

**پێنجەم: ئوسووڵی فیقه**

-جمع الجوامع/ السبكي.
-غاية الوصول شرح لب الاصول/ زكريا الانصاري.
-مختصر المنتهى/ عضدالدين الايجي.
-اصول الفقه/ ابن الهمام
-مرأة الاصول شرح مرفاة الاصول/ ملا خسرو محمد.
-شرح المحلى على جمع الجوامع بحاشيه البناني.

**شەشەم: زانستی کەلام**

-مطالع الانوار/ قاضي البيضاوي.
-المواقف/ عضدالدين الايجي.
-تقريب المرام شرح تهذيب الكلام/ عبدالقادر السندجي.
-اثبات الواجب/ جلال الدين الدواني.
-شرح المقاصد/ سعدالدين التفتازاني.

**دەرچووی حوجرەکان کە تەواو دەبوون بەوە دەناسران کە کەسێکن دوانزە زانستیان خوێندووە**

**حەوتەم: فیقه**

-تحفه المحتاج بشرح المنهاج للنووي.
-إعانة الطالبين/ النووي.
-مغنى المحتاج/ محمد الشربيني الخطيب.
-متن القاضي ابي شجاع وشرحه.
-الانوار لعمل الابرار/ يوسف ابراهيم الاردبيلي.
-كفاية الاخيار/ ابي بكر محمد الدمشقي.
-الام/ الامام الشافعي.
-المهذب.

جگە لەوانە لە فیقهی حەنەفی هەندێك كتێب دەخوێنران، لەوانە: الدرر المختار وحاشيته، رد المختار على الدر المختار المعروفة بحاشية ابن عابدين. لە فیقهی حەنبەلیش هەندێك كتێب لە حوجرە دەخوێندران لەوانە: المعني. لە فیقهی مالكیش كتێبی (مواهب الجليل شرح مختصر خليل) دەخوێندرا.

**هەشتەم: زانستی ئەندازە، ژمێرە و گەردونناسی**

-خلاصة الحساب والتشريح/ بهاء الدين العاملي.
-شرح أشكال التأسيس/ ابن ادم البالكي.
-رسالة الاسطرلاب/ العاملي.
-أشكال التاسيس/ محمد بن عبدالرحمن السمرقندي (لەدایکبووی سنجار).
-الربع المجيب/ اسماعيل مصطفى الكلنبوي.
-الملخص في علم الهيئة/ محمود بن محمد الجغميني.
-رسالة الحساب في الخبر والهندسة.

**نۆیەم: ڕاڤەی قورئان**

-تفسير القاضي البيضاوي.
-الكشاف/ الزمخشري (جار الله محمود بن عمر).
-تفسير الجلالين (الحلي والسيوطي).
-تفسير ابن عباس.

**دەیەم: فەرمودە**

-رياض الصالحين/ النووي.
-الجامع الصحيح/ البخاري.
-صحيح الامام المسلم.
-كتاب فتح الباري بشرح مختصر الزبيدي/ الشيخ عبدالله الرشرقاوي.
-نخبة الفكر/ ابن حجر العسقلاني.
-التاج الجامع للاصول في احاديث الرسول/ منصور علي ناصف.

شایانی باسە ئەڵقە زانستییەکان لەو زانستانە کورتهەڵنەهاتبوو کە ناوبران، بەڵکو چەندین لایەنی پزیشکی، شیعر، ئەدەب و مێژووی لەخۆدەگرت، هەروەك قوتابییەکان هەندێك لە مەتنی کتێبەکانیان لەبەر دەکرد، بە تایبەت لە بوارەکانی نەحو و سەرف.

---

**سەرچاوە:**

المؤتمر الدولي للعلوم الاسلامية بين المدارس الدينية التقليدية والكليات الدينية المعاصرة.

# گفتوگۆ

ئایینناسی

# د. محەممەد شەریف: ناکرێت هەر کەس بە کەیفی خۆی فەتوا بدات و حوجرەی هەبێت

سازدانی: ئیدریس سیوەیلی و سالار تاوگۆزی

لەم دیمانەیەدا سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامیی (پ. د. محەممەد شەریف) کە لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی ئایینی، ئیداری، زانستیی بەناوبانگی کوردستان، عێراق و جیهانی ئیسلامییە و مەنهەجی حوجرەشی خوێندووە، باس لە خوێندنی ئایینی لە حوجرەکانی کوردستان و لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان دەکات. هەر لەو چوارچێوەیەدا چەند بابەتێکی دیکەی وەك مەنهەجی جاران و مەنهەجی ئێستای حوجرەکان و گوتاری میانڕەوی و گوتاری توندڕەویی ئایینی و کاراکردنەوەی ڕۆڵی حوجرە تاوتوێ کراوە.

**ئایینناسی:** چ جیاوازییەك لە نێوان خوێندنی ئایینی لە حوجرەکانی کوردستان لە ڕابردوودا و خوێندنی ئایینی لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆکانی ئێستادا دەبینی؟

**د. محەممەد شەریف:** ئێمە هەموومان دەزانین گەلی کورد، گەلێکی مسوڵمانە، مێژووی ئیسلامەتی ئەم گەلەش دوور و درێژە، لەوەتەی ئیسلام هەیە کوردیش مسوڵمانە، بەڵام چۆن مسوڵمان بووە؟ ئەمەیان نازانین. گرنگ ئەوەیە کورد هەمووی مسوڵمانە، کە مسوڵمانە زمانەکەی عەرەبیی نییە، ئەمەش وای کردووە کورد قوتابخانەی بۆ فێربوون و فێرکردنی ئەو زمانە و ئایینەکەی هەبێت و کۆمەڵێك خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان بکەن تا ئایینەکە بە خەڵکی مسوڵمان بڵێن، قوتابخانەکانیش حوجرەکان بوون، کوردیش لە ڕێگەی ئەم حوجرانەوە مسوڵمان بووە کە مەلاکان دایانمەزراندووە و کتێبەکانیان تێدا خوێندووەتەوە و کردویانن بە کوردی و بە خەڵکیان وتونەوە.
خوێندنی زانستەکان لەحوجرەکاندا لەلایەن ئەو گەلانەی مسوڵمان بوون و عەرەب نەبوون، بووە، بەهۆی ئەوەی هەر لە سەرەتای خیلافەتی عەبباسییەکانەوە زۆربەی

زانا گەورەکانی ئیسلام لە گەلانی غەیری عەرەبن، عەرەبەکان پێویستییان بەوە نەبووە، هەر ڕاستەوخۆ ئیسلام فێر دەبوون، چونکە بەزمانی خۆیان بووە، کە دەیانوت: (قل هو الله أحد) دەیانزانی مانای وایە خودا یەکە، بەڵام (قل هو الله أحد) بۆ کوردێك، بۆ فارسێك پێویستی بە تەفسیرە، پێویستی بەوەیە بیخوێنن، وەریبگێڕن، هەر بۆیە بوونی حوجرە پێویست بووە تا گەلەکە بە مسوڵمانێتی بمێنتێتەوە و لە حەقیقەتی دینەکەی تێبگات.

خوێندنی حوجرە زۆر زۆر لە خوێندنی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان جیاوازە، تەنانەت خوێندن لە حوجرە لە خوێندنی عەرەبەکانیش جیاواز بووە، خوێندنی عەرەبەکان زۆر ڕووکەش بووە، چونکە پێویستییان بە قوڵبوونەوە نەبووە، بۆیە هەموو ئەوانەی زانستە عەرەبییەکانی وەك ڕەوانبێژییان دانا و گەشەیانپێدان، یان کورد، یان فارس، یان غەیری عەرەب بوون بە گشتی، لەم دواییانەدا تورکیش ڕۆڵی لەو گەشەپێدانەدا هەبوو. هەر لەبەر ئەوەیە گەلە ناعەرەبەکان پێویستییان بەوە هەبوو بە قوڵی زمانی عەرەبی بخوێنن، واتە تەنیا بەوە قایل نەدەبوون فاعیل مەرفوعە، دەیانوت: بۆ مەرفوعە؟ باشە لە هەموو جێیەك مەرفوعە؟ یان فیعل لە هەموو جێیەك موعرەبە، مەبنییە، یان نا؟ لەبەرچی لێرە موعرەبە و لەوێ مەبنییە؟

**ئایینناسی:** کەواتە پرسیاریان لە فەلسەفەی زمانەکە دەکرد؟

**د. محەمەد شەریف:** بەڵێ. ئەو فەلسەفە لە کۆلێژەکان نییە، خوێندنی کۆلێژەکان زۆر ڕووکەشە، ڕاستە لە کۆلێژەکان کتێبی (ابن عقیل) دەخوێنن، کە سەبارەت بە سینتاکس (علم النحو)ی عەرەبییە، بەڵام لە کتێبی ئیبنوعەقیل چی دەخوێنن؟ چەند لاپەڕەیەکی لێدەخوێنن، لەو لاپەڕانەش هەندێك قەواعیدی لێ ئەژمار (حساب) دەکەن، هیچ ناچنە ناو قوڵایی کتێبەکەوە، لەکاتێکدا فەقێکانی جاران دەقی کتێبەکەشیان لەبەر کردووە، کتێبی (جامی)یان خوێندووە، کە فەلسەفەی ڕێزمانی عەرەبییە، بەڵام دواتر فەقێ کە ئەو قۆناغەی بڕیوە، چووەتە قۆناغێکی دیکە تێگەیشتووە. بەڵام ئێستا ئەوانە جامی ناخوێنن، ئەگەر بیشیخوێنن کورتەیەکی دەخوێنن، ڕەنگە کتێبی (إظهار) بخوێنن، یان بەشێك لە (الصمدية) بخوێنن، ئەوانە کتێبی باشن، بەڵام ئەو قوڵاییەیان تێدا نییە کە لە جامیدا هەیە.

**ئایینناسی:** کەواتە جیاوازییەکە لە فەلسەفەی بابەتەکەدایە، وایە؟

**د. محەمەد شەریف:** بەڵێ، چونکە ئەم بابەتانە پێویستییان بە فەلسەفەیەك هەبوو بۆ ئەوەی تێی بگەن، بەڵام ئەوەی دەیویست لە فەلسەفەکە بگات، هەموو میللەت نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك بوون

(طائفة لیتفقهوا فی الدین) هەر مەلاکان بوون. عەرەبەکان دەبوایە هەموویان تێبگەن، لەوێ تێگەیشتن ئاسۆیی و گشتی بوو، بەڵام خوێندن لەناو کورددا تایبەتە، مەلا دەیخوێند و دوایی بۆ خەڵکی ڕوون دەکردەوە، بەڵام نەك بەو قوڵییەی کە لە حوجرە خوێندبووی، ئەو قوڵبوونەوەیە تایبەت بە فەقێ و مەلای حوجرە.

**ئاییناسی:** شتێکی دیکەش هەیە، ئەوەی کە دەچێتە حوجرە، بە ویستی خۆی دەچێت ویستویەتی فێر ببێت، بەڵام ڕەنگە لە ڕێگەی وەرگرتنی ناوەندی (القبول المركزي)یەوە قوتابییەك بنێردرێتە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، کە ویستی لەسەر نییە، ئایا ئەمە وامان لێناکات بڵێین: با کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان نەمێنێت و بکرێتەوە بە حوجرە؟

**د. محەمەد شەریف:** بەڵێ، بۆ ئەوەیە بڕوانامە وەربگرێت، ئێمە ناکرێت بڵێین: لەبەر ئەوەی خوێندنی حوجرە لە سەدا سەد زۆر بەهێزتر و بەرهەمدارتر و باشترە و زانا و ڕۆشنبیر پێدەگەیەنێت و کۆلێژی شەریعە بەدەگمەن کەسی ئاوها پێدەگەیەنێت، ئیتر خوێندنی ئایینی لە کۆلێژەکانی دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆکان لابە، یان کۆلێژەکانی شەریعە دابخەن و حوجرەی فەقێ دابنێن، چونکە حوجرە وەك زانکۆ پێوەری زانستی تێدا نییە. مەرج نییە ئەوەی لە حوجرە خوێندی لەسەدا سەد ببێتە مەلا، کاتی خۆشی وابوو، فەقێی چاك هەبوو کە بەڕاستی مەلا بوو، دێتە خەیاڵم، فەقێیەکی خەڵکی شیلادزێ لای باوکم کتێبی (مطول)ی دەخوێند، هەموو شتێکی دەزانی، باوکم زۆر پێی سەرسام بوو، ناوی (مەلا ئیبراهیم ژێ) بوو، لەم دواییانەدا کۆچی دوایی کرد.

بە گشتی کوردستان پێویستی بەمانەوەی حوجرەکان هەیە، لەهەمان کاتیش پێمخۆشە دەبینم قوتابی هەیە لە حوجرە دەخوێنێت و دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە، خوێندنی شەریعەکە بۆ لایەنی وەزیفی باشە، خوێندنی فەقێیەتیەکەش بۆ لایەنی زانستی باشە، ئەگەر مەبەستی بێت یەکتری تەواو دەکەن. ئێستا فەقێیەك دێت (موختەسەری مونتەها) لای من دەخوێنێت، کتێبێکی زەحمەتە، فەقێیەکی چاکە، ئەوێ ڕۆژێ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتبوو، مەلا (خوبەیب)ی پێدەڵێن، خەڵکی ناوچەی سورچییاتییە، خوێندەوارە، ئەمساڵ تەخەڕڕوجی کردبوو، تەلەفۆنی بۆم کرد، وتی: کۆنمرەم (٨٠)یە، موعەدەلێکی باشە، لەوانەیە لە ماستەریش قەبوڵ بکرێت. بەکورتی خوێندنی شەریعە و حوجرە یەکتری تەواو دەکەن.

**ئاییناسی:** دەوترێت خوێندنی حوجرەکان، بەراورد بە خوێندنی ئێستای کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، زۆرتر بۆن

و بەرامەی خۆماڵی لێ دەهات، ئەو بۆن و بەرامەیە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟
**د. محەممەد شەریف:** چونکە یەکەمجار بە کوردی دەخوێنن، حوجرەی فەقێ وەختی خۆی و ئێستاش سروشتێکی کوردانەی هەیە و خوێندنەکەشی کوردییە، کتێبەکانی حوجرە عەرەبین، بەڵام بەکوردی دەخوێنرێن، بەداخەوە دەبینیت فەقێ عەرەبییەکی وەکو (سیبویە) دەزانێت، بەڵام ناتوانێت بە عەرەبی قسە بکات.

## بوونی حوجرە پێویست بووە تا گەلەکە بە مسوڵمانێتی بمێنتێتەوە و لە حەقیقەتی دینەکەی تێبگات

**ئایینناسی:** کەواتە ئەو زمانە عەرەبییەی فەقێ لە حوجرە دەیخوێنێت کۆنە و لەمێژوودا مردووە و گەشەی نەکردووە و زمانی ئەم سەردەمە نییە، ئایا ئەمە ڕاستە؟
**د. محەممەد شەریف:** ئەوەش ڕاستە، بەڵام خۆی دەبێت فەقێ کە عەرەبی دەخوێنێت، هەوڵ بدات وشەی نوێ فێر ببێت و ڕاهێنانی لەسەر بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوەندێکی کوردی دەخوێنێت، ناتوانێت بە عەرەبی قسان بکات. مەلای زۆر چاك هەبوو، عەرەبی دروست دەکرد، بەڵام بەزەحمەت دەیتوانی بە عەرەبی قسە بکات، هەتا ڕستەیەکی دروست دەکرد زەحمەتی دەکێشا.

**ئایینناسی:** ئەگەر بە عەرەبیش قسان بکات زمانەکەی ناڕوون (ركيك)ە؟
**د. محەممەد شەریف:** بەڵێ (ركيك)ە.

**ئایینناسی:** پەراوێزخستنی حوجرە و شوێنگرتنەوەی لەلایەن کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان و مەنهەجی خوێندنی ئایینی ئیسلامی سیاسی، چ جێکەوتەیەکی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر گوتاری ئایینی لە باشووری کوردستان هەبووە؟
**د. محەممەد شەریف:** خۆی هەمیشە کۆلێژەکان شوێنێکی گەورەی کۆبوونەوەی خەڵکن، ئێستاش خەڵك ئازادن و هەموو جۆرە فیکرێکیش بڵاوبووەتەوە، ناکرێت ڕێگری لە فیکرێکی وەك سەلەفییەت بکەیت، پێتناکرێت ڕێگری لە ئیسلامی سیاسی بکەیت. بەنیسبەت ئێمەوە، لەوە تێدەگەین ئەوانە زیاتر میللەت دابەش دەکەن و ئیسلامیش دەڵێت: (ولا تفرقوا)، بەڵام ئەوانە هەریەکە و مەنهەجێکیان هەیە پێتناکرێت ڕێگرییان لێبکەیت، ئەوان بە مەنهەجێکی دەرەکییەوە هاتوون و بەرنامەڕێژ کراون، جا بتەوێت و نەتەوێت مەنهەجەکەیان دزە دەکاتە ناوتەوە، لە کاتێکدا تۆ دروستت نەکردوون و لەولاوە هاتوون.
من دەزانم ئێستا کۆلێژی شەریعە

هەموو ڕەوتێکی تێدایە، سەلەفی، ئیخوانی تێدایە، ئەو حزبە سیاسییە بێکەڵکانەی ئێستای تێدایە، جا لەهەر یەکێك لەمانەوە گوتارێك دەردەچێت کە گوتارێکی کراوە نییە، بتەوێت و نەتەوێت گرژی تێدایە، مادام بۆنی سیاسەتی لێدێت گرژی دروست دەکات، چونکە سیاسەت لایەنگری تێدایە، بەڵام ئیسلام لایەنگری تێدا نییە.

**ئاییناسی:** واتە لەناو ئەو گوتارانەدا پێکبەستوویی نییە، لە کاتێکدا وانەکانی حوجرەش عەرەبی بووە، کەچی خزمەتی بە بیری کوردایەتی کردووە و یەکگوتاریی هەبووە و حوجرە سەرکردەی کوردیی پێگەیاندووە؟

**د. محەممەد شەریف:** بەڵێ ڕاستە، بۆیە دەبینین یەکەمجار کە بزووتنەوەی کوردی پەیدا بوو، مەلاکان بەشێوەیەکی گشتی پێیانوابوو دۆزی کورد دۆزێکی ڕەوایە، من لەبیرم دێت لەساڵی (١٩٥٣ز) کە ئێمە گەنج بووین و تازە پێدەگەیشتین، لە (دەشتی دزەییان) جوتیارەکان دژ بە دەرەبەگەکان (ئاغاکان) ڕاپەڕین، تەبعەن ئێمە نەمانزانی لە بنەوە شیوعییەکان ئەو جوتیارانەیان هانداوە، بەڵام جوتیارەکان لەسەر حەق بوون، هەندێکیان دەستگیر کران.

**ئاییناسی:** بۆیە بەشێك لەکوڕە مەلاکان بوون بە شیوعی؟

**د. محەممەد شەریف:** بەڵێ، هەندێك کوڕە ئاغاکایش بوون بە شیوعی. گرنگ ئەوەیە مەلا لەگەڵ حەقدایە، کە لەگەڵ حەقدایە، نازانێت لەپشت داواکردنی ئەو حەقەوە چ هەیە. هەموو کەس دەزانێت گەلانی دونیا مافی خۆیان وەرگرتووە جگە لە کورد، ئێ قابیلە مەلا لەگەڵ ئەوەدا نەبێت کود حەقی خۆی وەربگرێت.

**خوێندنی حوجرە زۆرزۆر لە خوێندنی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان جیاوازە، تەنانەت خوێندن لە حوجرە لە خوێندنی عەرەبەکانیش جیاواز بووە، خوێندنی عەرەبەکان زۆر ڕووکەش بووە**

**ئاییناسی:** پێتوایە ئێستا گوتارێکی ئایینی هەیە، هەر لە زاری مەلاوە دەردەچێت، بەڵام دەچێتە خزمەت نەتەوەی غەیری کوردەوە؟

**د. محەممەد شەریف:** ئەوە لە حوجرەوە دەرناچێت و گوتارێکی سیاسییە، ئیشوکاری فەقێ لە حوجرە کتێبە، فەقێ سەرقاڵی ئەوەیە لە فلان عیبارەت تێگەیشتووە، یان نا، بواری ئەوەی نییە خەریکی سیاسەت بێت، بەڵام لە کۆلێژ بە ئەو قوڵییە خەریکی خوێندن نابن، قوتابی لە کۆلێج بەو قوڵییە لە عیبارەتەکان تێناگات، هەر دەیانخوێنێتەوە و پاشان دەچێت خەریکی سیاسەت دەبێت.

**ئایینناسی:** بەڕای بەڕێزتان، دەبێت خوێندنی حوجرە کارا بکرێتەوە، یان بەتەواوی پەراوێز بخرێت؟ ئەگەر لەگەڵ کاراکردنەوەیدایت، دەبێت میکانیزمی ئەمە چۆن بێت؟

**د. محەممەد شەریف:** ئەمن لەگەڵ ئەوە بووم کارا بکرێتەوە، کاتی خۆشی لە ئەوقاف هەوڵماندا خوێندنی حوجرە لەناو نەچێت، بەڵام نابێت حوجرە بکرێتە بەدیلی کۆلێج، چونکە مەنهەجی کۆلێج جیهانییە و بابەتی تێدایە لە غەیری ئەو بابەتانەی لە فەقێیەتی دەخوێنرێن. زانستەکانی وەك (علم البلاغة، علم النحو، علم المنطق، علم الكلام) پێویستییان بە مەنهەجی کۆنی حوجرە هەیە، ناکرێت لە کۆلێج زانستێکی وەك (أصول الفقه) بە پێنج شەش لاپەڕە فێر ببیت. لە کۆلێج کتێبێکی بچوك بە قوتابی دەدەن کە قوڵایی تێدا نییە و دەبێت لەماوەیەکی دیاریکراودا بیخوێنێت، ناکرێت بە کتێبێکی ئاوها فێری ڕەوانبێژی (البلاغة) ببیت. بۆ نموونە: کتێبی (المطول) لە بواری ڕەوانبێژدا دەخوێنرا و مەتنەکەی (دەق)ەکەی لەبەر دەکرا، ئێستا مەتنەکەی هەر ناخوێنرێت و پشتگوێ دەخرێت، ئەوەی دەخوێنرێت چەند لاپەڕەیەکە.

**ئایینناسی:** جۆرێك لە خەمساردی و پشتگوێخستنی حوجرەکان لەلایەن دەستگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەکو ئەوقاف هەیە، ئایا ئەمە لێکەوتەی لەسەر گوتاری میانڕەوی لە کوردستان هەبووە و دەبێت؟

**د. محەممەد شەریف:** یەکەم، من لەگەڵ ئەوە نیم کە خەمساردی و پشتگوێخستن هەبێت، کاتێك من لە وەزارەتی ئەوقاف بووم، فەرمانگەیەکی تایبەت بە فەقێیان هەبوو، ئێستا ژوورێك لە وەزارەت هەیە کە تایبەتە بە فەقێکان. دووەم، من وەهای دەبینم هەندێك حوجرەی فەقێ هەن پێویستییان بە ئەوقاف نییە.

**ئایینناسی:** مەبەستت ئەوەیە پشت بەخۆیان دەبەستن؟

**د. محەممەد شەریف:** بەڵێ، پشت بەخۆیان دەبەستن و خەڵك یارمەتییان دەدەن، بۆ نموونە کەسانی دەوڵەمەندی خێرخوازی وەك (ئەحمەد ئیسماعیل) هاوکاری حوجرەکان دەکەن.

**بە گشتی کوردستان پێویستی بەمانەوەی حوجرەکان هەیە**

**ئایینناسی:** لە هەورامانیش شێخەکان هاوکاری حوجرەیان کردووە؟

**د. محەممەد شەریف:** بەڵێ لەوێ شێخەکان یارمەتی حوجرەیان داوە. لێرە فەقێ موکتەفییە، هەندێك فەقێ دێنە ماڵی ئێمە، ئاگادارم کە پێویستییان دابین

کراوە و حوجرەکانیان پشت بە خۆیان دەبەستن، فەقێش هەیە نیەتی. دکتۆرێك هەیە بەناوی (د. لوقمان جامیعی) فەقێیان زۆرە، فەقێکانیان نزیکی (٢٠) فەقێ دەبن، من جارێك چوومە سەردانیان، ئیجازەی مەلایەتییان بە فەقێ دەدا و منیشیان بانگهێشت کردبوو، بینیم لەڕووی مادییەوە کێشەیان نییە. لە حوجرە ئەوەی پێی دەڵێن سیاسەت نییە، بەم دواییە بیستم کە مەلا لوقمان جامیعی، کاتی خۆی یەکگرتوو بووە و کشاوەتەوە.

**ئایینناسی:** ئەمە سەبارەت بە حوجرە نەریتییەکانی خۆمان کە لەسەر شێوازی کۆن دەڕۆن، بەڵام ئێستا لە کوردستان لایەن و ڕەوت و گرووپە جیاوازە سیاسییەکانیش حوجرەیان هەیە، پێتوانییە ئەمە گوتارێکی ئایینی جۆراوجۆری بەرهەم هێناوە کە بە زیان شکاوەتەوە، چۆن پەسنی ئەم گوتارە دەکەیت؟

**د. محەممەد شەریف:** سەلەفی پێی ناکرێت زانا (عالم) دروست بکات، چونکە سروشتی بیرکردنەوەی ئەوان قوڵ نییە، ئەوان فیعلەن مەترسین، لەبەر ئەوەی نەخوێندەوار بە ئاسانی دروشمەکەیان قبووڵ دەکات، ئەوان بە نەخوێندەوار دەڵێن: تۆ قسەی خودا و پێغەمبەر (د.خ) ت دەوێت، یان قسەی مەلایەکی ئاوها و ئاوها؟ نەخوێندەوارەکەش دەڵێت: خودا و پێغەمبەر (د.خ). ئەوانیش دەڵێن: ئێ خودا و پێغەمبەر (د.خ) ئاوها دەڵێن. ئەوان دەڵێن: لەسەر قورئان و سوننەت دەڕۆین، بەڵام زۆربەی ئەو سوننەتەی باسی دەکەن، ئەسڵ و ئەساسی نییە.

**حوجرەی فەقێ وەختی خۆی و ئێستاش سروشتێکی کوردانەی هەیە و خوێندنەکەشی کوردییە، کتێبەکانی حوجرە عەرەبین، بەڵام بەکوردی دەخوێنرێن**

**ئایینناسی:** دەتوانین بڵێین ئێستا فەرموودە و ئایەتەکانی قورئان بە هیچ فیلتەرێکی فیکریدا نابەن و یەکسەر و ڕاستەوخۆ بۆ خەڵکیان باس دەکەن، بەڵام جاران وانەبوو، مەلا باش لە ئایەت و فەرموودەکان تێدەگەیشت و تێیان دەفکری، ئەوجا بۆ خەڵکی باس دەکردن؟

**د. محەممەد شەریف:** کێشەکە ئەوەیە، ئێستا فەزای فیکری لە کوردستاندا ئەوەندە بڵاوە، مەترسی لەسەر ئایندە دروست کردووە، من هەست بە مەترسی لەسەر ئایندەی کوردستان دەکەم، ئەویش بەهۆی ئەو فەوزای گوتارەی کە هەیە، من قسەم لەگەڵ کاربەدەستان کردووە، پێمتوون دەبێت چاودێری بکەن، ئەوە ناکرێت هەر کەس بە کەیفی خۆی فەتوا بدات و حوجرەی هەبێت.

**ئاییناسی:** دەوترێت حوجرەکانی جاران، زانای ئایینی بەتوانا و ڕۆشنبیر و ئەدیبی گەورەی پێگەیاندووە، بەڵام ئێستا وانییە، لە هەندێك باریشدا توندڕەو بەرهەم دەهێنن، ئەمە بۆ؟

**د. محەممەد شەریف:** یەکەم، ئەو مەنهەجەی وەختی خۆی فەقێ لە حوجرە دەیخوێند، کەمتر لە پانزە ساڵی نەدەخایاند، هەندێکجار بە بیست ساڵ خوێنراوە، دەی ئێستا گرنگترین زانست زانستی پەیڤاندن (علم الكلام)ە، کە لە حوجرەکانی جاران خوێنراوە، ئەم زانستە هەم عەقیدەیە، هەم فەلسەفەیە، هەم ژیریێژی (علم المنطق)ە، هەموو شتێکی تێدایە، بەتایبەتی (شرح المواقف، شرح المقاصد، تهذيب الكلام) ئێستا ئەوانە ناوی ئەو کتێبانە هەر نازانن.

**نابێت حوجرە بکرێتە بەدیلی کۆلێج، چونکە مەنهەجی کۆلێج جیهانییە و بابەتی تێدایە لە غەیری ئەو بابەتانەی لە فەقێیەتی دەخوێنرێن**

**ئاییناسی:** هەندێکیان خوێندنی فەلسەفە و کەلام بە جائیز نازانن؟

**د. محەممەد شەریف:** بەڵێ، ئەوە سەلەفییەکان بە کوفر و زەندەقەی دادەنێن. ئەو مەنهەجەی (مەلای گەورەی کۆیە) و (مەلا عەبدوڵڵای چروستانی، شێخ محەممەدی خاڵ، مستەفا زەڵمی) لە سلێمانی و چەند مەلای گەورەی لە هەولێر پێگەیاندووە، ئەوە نییە کە ئێستا دەیخوێنن. جاران فەقێ ئەو کتێبە مەنهەجییانەیان بە بیست ساڵ خوێندووە، کەچی ئێستا بە حەوت ساڵ دەیخوێنێت.

**ئاییناسی:** هەیە بەدوو ساڵ تەواوی کردووە؟

**د. محەممەد شەریف:** مومکینە.

# مێژگرد

ئایینناسی

# پاشەکشێی حوجرە و خوێندنگە ئایینییەکان؛ هۆکار و لێکەوتەکان

ئامادەکردنی: ئایینناسی

حوجرەو خوێندنگە ئایینییەکان لە کوردستان مێژوویەکی دێرینیان هەیە، ئەم دامەزراوە ئایینییانە بناغەی ئاشناکردنی کۆمەڵگەی کوردی بووە بە ئایینی ئیسلام، لەڕێگەی ئەم خوێندنگانەوە سەدان کەسایەتی خاوەن ئەزموون لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرهەم هاتوون، ئەم ئاراستە ئایینییە خاوەن فۆڕمێکی تایبەت بووە لە گوتار و بەرنامە و پێگەیاندندا، کە زۆر جەختی لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی و سانایی کردووەتەوە، هەر ئەم ئاڕاستەش دەبێتە بناغەی دینداری میللیی کۆمەڵگەی کوردستانی، کە فۆڕمە سەرەکییەکەی میانڕەویی و یەکتر قبووڵکردن بوو، تەوەرەی ئەمجارەی ئایینناسی تایبەت بە ڕۆڵی حوجرە و خوێندنگە ئایینەکان لە ئێستا و ڕابردوودا، هۆکاری پاشەکشێی ئەم ڕەوتە ئایینییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ڕۆڵی حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف لەم چوارچێوەیەدا چییە؟

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە، وەرزنامەی ئایینناسی میوانداری هەردوو بەڕێزان، د. محەمەد پێنجوێنی مامۆستای کۆلێجی شەریعە و د. عەدنان خالد مامۆستای ئایینی کردووە.

سەرەتا د. محەمەد پێنجوێنی مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لەبارەی جیاوازی پرۆگرامی خوێندن لە کۆلێژ و حوجرەکاندا وتی: بابەتە عەقڵییەکان پەیوەستە بە دیاریکردنی پرۆگرامی خوێندنەوە، دیاریکردنی پرۆگرامی خوێندن و بابەتی عەقڵی واتا مەنتیق و وانەکان لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان خوێندراوە، بەڵام لیژنەیەک

هەبوو لە وەزارەت پێداچوونەوەی بەسەر بابەتەکاندا کردوە بە پێی سیستمی خوێندنی نوێ و بۆلۆنیا، ئەمەش وای کردبوو کە جێی ئەو هەموو ماددەیە نەبێتەوە، ئێستا وانەی تر زیاتر کراوە، وەکو ژینگەی زانکۆیی، وانەکان گۆڕاون بۆ گفتوگۆی زانستی لەبری بابەتە عەقڵییەکان. واتە پێشووتر بابەتە عەقڵییەکان و مەنتیق و فەلسەفە هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کە پرۆگرامی خوێندن گۆڕا وانەکان کەم کرانەوە، بۆ نموونە جاران لە وەرزێکدا حەوت وانەمان هەبوو، وتیان دەبێت پێنج وانە بێت، لەوە زیاتر لەگەڵ سیستمی بۆلۆنیا ناگونجێت، دەبێت لەگەڵ سیستمەکەدا بن، ئەو لیژنە وانەکانی دارشتووەتەوە هیچ پەیوەندیەکی نییە بە هیچ یەکێك لە کۆلێجەکانەوە، ئەوە سیستمی وەزارەتی خوێندنی باڵایە.

لەبارەی ئەوەی کە ئەو پرۆگرامی خوێندنەی دانراوە ڕەنگدانەوەی واقیعی کوردستانە، د.محەمەد پێنجوێنی دەڵێت: دەتوانین بڵێین جێگیرە، خەڵکانێک پێ دەگەیەنێت کە میانڕەون و دەتوانن زمانی مۆدێرن گفتوگۆ بکەن، لەگەڵ ئەوەدا، ئێمە کێشەیەکی ترمان هەیە کە نزمی نمرەی وەرگرتنە، نزمترین نمرەی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەی ئیسلامییەکانە، لەبەر ئەوەی (٦٠) وەردەگرێت، هەروەها بە پاراڵێل و پارە، (٥٧، ٥٨، ٥٩) وەردەگرێت، ئەمە ئاستی زۆر نزمە، لەبەرئەوە ناتوانیت بیگەیەنیتە لووتکە، یەکێکە لە گرفتەکان کە نەتوانرێت خوێندکارێکی چالاکی پڕ ئەزموون پەروەردە بکەیت، لەبەر ئەوەی نمرەکەی زۆر نزمە، هەرچەندە تا ڕادەیەک ئاستی کۆلێژەکان جێگیر و باشە، بەڵام لە ڕووی کوالێتییەوە خوێندکارەکان نزمترین نمرەیان هەیە و ئەوەش کێشەکەیە.

لەبارەی کوالێتی پرۆگرامی خوێندنیشەوە، د.محەممەد پێنجوێنی تەئکید دەکاتەوە کە پرۆگرامەکە دروستە، بەڵام دەبێت خوێندکارەکەش لە ئامادەباشیدا بێت، ئەوانەی کە لە حوجرەکانەوە بۆ کۆلێژەکان دێن ژمارەیان کەمە و لە سەدا دەیە، لەسەدا نەوەدەکەی یان لە کەم نمرەییەوە هاتووە، یان لە هیچ شوێنێک وەرنەگیراوە و ئەوەش کاریگەری لەسەر گوتاری ئایینی دەبێت، چونکە تۆ ناتوانیت وەکو ئەوەی دەتەوێت کە خوێندەوار و ئاست بەرز بن بتوانن ڕووبەڕووی تەکفیری و ئەو خەڵکە ئاڵۆزانەی کە پشێوی کۆمەڵگا تێکدەدەن بوەستنەوە، لەبەر ئەوەی ئاستەکەیان نزمە، زۆر ماندووبوونی ئەوێت تا بیگەیەنیتە ئاستێکی بەرزتر، ئەوە یەکێکە لە گرفتەکان.

سەبارەت بە پاشەکشەی خوێندنی حوجرە و کاریگەری کۆلێژە ئیسلامییەکان، د.محەممەد پێنجوێنی دەڵێت: ئەو بابەتە پەیوەندی بە کۆلێژەکانەوە نییە و زیاتر

پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەوڵەت نەهاتووە خەمێک لە حوجرەکان بخوات، بە تایبەتی بڕوانامەی حوجرە، بۆ نموونە ئەگەر بەدواداچوون بکەیت، (قەشە)مان هەیە، دکتۆرای هەیە لە فیزیادا، واتە خوێندنی کەنیسەی دانپێدانراوە، بۆ هەر شوێنێک بڕوات دەتوانێت بۆی بچێت، بەڵام لای ئێمە خوێندنی ئایینی دانپێدانراو نییە. ئەمەش گەورەترین کێشەیە، ئەگەر قۆناغی شەشەمی ئامادەییان نەبێت، ناچنە ناو سیستمی زانکۆلاینەوە، هەتا ئێستا بە (کتابنا کتابکم) قبووڵیان بۆ وەردەگرین، لەبەر ئەوە حکومەت نەهاتووە گرنگیان پێ بدات، پەراوێزی خستوون، بۆیە قوتابییەکان دەچن بۆ تورکیا، بە ئایدیایەکی تر دێتەوە، هەمانە دەچێت بۆ ئێران، بە ئایدیایەکی تر دێتەوە، هەمانە دەچێت بۆ دەوڵەتانی عەرەبی، بە ئایدیایەکی تر دێتەوە، گرفتەکە کێ دروستی کردووە، دەوڵەت، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا جەنابی وەزیر دەڵێت جوگرافیا و مێژوو و شەریعەمان پێویست نییە، یا هەلی کار نییە، ئەوە گەورەترین هەڵەیە، ئێستا لە سلێمانیدا، چەند سەد مزگەوت هەیە بێ ئیمامە، تۆ نەتوانی کادرێکی وا پەروەردە بکەی، ئێ ئەمە شوێنەکانی کە دەیگرێتەوە، دوایی کارەسات دروست دەبێت، ناتوانێ چارەسەری بکەیت، واتە تۆ ئێستا بڵێی من پێویستم بە شەریعە نییە، ئەوە لە ڕووی ئەمنی نەتەوەییەوە گەورەترین هێڵی سوورە.

فارسەکان، تورکەکان، هەموویان ئایینیان بەکارهێنا بۆ دەوڵەتداری و کۆمەڵێك بابەتی تر، بەس لای ئێمە دەڵێت پێویستم پێی نییە، ئاخر چۆن پێویستت پێ نییە، سەدا نەوەدی میللەتەکەت موسڵمانە، تۆ پێویستت بە کادیری میانڕەو هەیە، تەنانەت کەسانێک هەبوون دەیانگوت کردنەوەی کۆلێژەکان هەیە ئێمە موناقەشە و گفتوگۆمان لەگەڵ دەکردن و پێمان دەگوتن چۆن هەڵەیە، تۆ دەتەوێت بچێت بۆ ئوردن و تورکیا و ئێران، ئەو کات وەکو ئەوەی دەتەوێت بۆت پەروەردە نابێت، سنووری هەموو خەتە سوورەکانی نەتەوەیی و پێکەوەژیان و قەومیەت دەبەزێنێت، من خوێندکارەکەی خۆم پێنەگەیەنم، بە فیکرێکی میانڕەو، بە فیکرێکی نەتەوایەتی، بە زمانێکی شیرینی کوردایەتی پەروەردەی نەکەم، ئەی کێ بۆم پەروەردە دەکات؟ دەشڵێت: ئەگەر بێتو کۆلێژەکان نەمێنن، ئەو خوێندکارانە دەڕۆن لە شوێنی تر دەخوێنن، ئێستا خوێندکارمان دەچێت بۆ مالیزیا، خوێندکارمان دەچێت بۆ وڵاتانی دونیای تر دەخوێنێت، بۆ نموونە دەوڵەتانی دراوسێ، ئەسڵەن دەچێت مینحە ئەدا بە زیرەکەکانی تۆ، (یەکەم و دووەم و سێیەم) دەڵێت وەرە بەخۆڕایی بخوێنە، بۆچی لەوێ بخوێنێت، تەبعەن دوای کە دێتەوە بە فیکرێکی ترەوە دێتەوە.

د. محەممەد پێنجوێنی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکات لەبارەی حوجرەکانەوە و دەڵێت: یەکەم، خوێندنگە ئایینییەکان پەراوێز خراون، هەتا ئێستا لەناو سیستمی زانکۆلایندا نین، دووەم، لە هیچ شوێنێکی دیکە وەرناگیرێن جگە لە کۆلێژی شەریعە، کە دەبوو لە عەرەبی یان کۆلێژی یاسا وەربگیرانایە ، دەکرێت ئەزموون لەسەر حەوت خوێندکاری خوێندنگە ئایینییەکان بکرێت، بخرێنە کۆلێژی یاسا، ئەوان فیقهیان خوێندووە، ئوسووڵیان خوێندووە، زمانیان خوێندووە، بێگومان سێ هێندە لە خوێندکارەکانی یاسا بەهێزتر دەبن، ئەوان بێبەشن لەو شوێنانە، بۆیە خەڵک ناوێرێت، پاشەکشە دەکات، خەڵک ناوێرێت منداڵەکەی ببات بۆ خوێندنە ئایینییەکان، لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێک دانانرێت بە بڕوانامەکەیدا، ئەمەش بە بەرنامە کراوە و کاری دەوڵەتە، ئەوە هەڵەیە و دەبێت ڕاست بکرێتەوە، لە سەرەوە ڕاست بکرێتەوە، دەوڵەت ڕۆڵی بینیوە لەو پەراوێزخستنەدا.

د.محەممەد پێنجوێنی لەبارەی کێشەکانی حوجرە و خوێندنگە ئیسلامییەکانەوە زیاتر دەدوێت ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەی حوجرەکان دانپێدانانە، یەکسانکردنی بڕوانامەکەی تەنها لە وەزارەتی ئەوقاف دەخوات، ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێک قوتابیمان وەرگرت، لەبەر ئەوەی ئاستان زۆر باش بوو، بڕوانامەی حوجرەیان هەبوو، تۆماری گشتی هاتووە دەڵێت کۆلێژێکە دەخەمە لیستی ڕەشەوە، پێم وتن خۆ من وەرمنەگرتوون، ئەوە ناوەندی وەرگرتن هێناویەتی، ئەوان ئاستیان زۆر لەوانی تر بەهێزترە، لەبەر ئەوە ئەمان وا دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەو خوێندکاری حوجرەیە پۆلی چوارو پێنج و، شەشی نییە، دەبێت ئەمە سیستمێکی بۆ دابنرێت، یان دەکرێت بگوترێت کە بڕوانامەی پۆلی شەش بە شێوەی دەرەکی بدە، تەنانەت ڕێگاش نادەن تاقیکردنەوەی دەرەکی بکات ، بۆیە خەڵک ناچێت، کە لە حوجرەوە دێت شەشی نییە، دەڵێت نابێت لە کۆلێژ وەربگرێت، ئەی بچێت بۆ کوێ، دەڵێت تەنیا بۆ ئیمامەتی، واتە زوڵمی لێ دەکەن، کە لەمەشدا کێشە لە وەزارەتەکانە، ئەو سەر بە حیزبێکە و ئەو سەر بە حیزبێکە، ئێستا یەکێک لە(حەوزەی عیلمی) تەواو بکات لە (قوم)، بچێت بۆ کۆلێژی پزیشکی دەینێرن، مادەم ئاستی زمانی ئینگلیزی بەهێزە، دوو سەد پرسیاری لێ دەکەن، بۆی دادەنێن، شەش سەعات تاقیکردنەوەی دەکەن، بە دوو ڕۆژ، ئاستی هەیە، ڕاستەوخۆ دەیبەن بۆ (پزیشکی)، پێشتر وتم (قەشەمان) مان هەیە لە مووسڵ، ماجستێری هەیە لە فیقهی ئیسلامیدا، خوێندنی ئیسلامی و حوجرە لێرە هەموو ڕێیەکیان لێ گیراوە. ئەمەش مەترسی لەسەر پەروەردەیان دروست دەکات کە بە ئاڕاستەیەکی تردا دەیانبات، بە شێوازێکی تردا دەڕۆن، لە ئوردن و تورکیا و ئێران بێتەوە، بە گوێی

ئێمە ناکات. دەشڵێت: دەرچووی کۆلێژی شەریعەی سلێمانی چووە ماجستێر بخوێنێت لە تورکیا، هێندە ئاستی بەهێز بووە، وتویانە لێرە وانە بڵێرەوە، لەبەر ئەوەی حوجرەی خوێندووە، (سیوتی و ئیبنو عەقیلی لەبەر بووە)، بەڵام ئەوانەی خۆمان ڕێزیان ناگرن، لەبەرئەوە پەرت و پەرتەوازە دەبن، نەتوانراوە وەکو تورک و فارس ئایین بەکار بهێنرێت لە خزمەتی نەتەوەدا.

**پێشووتر بابەتە عەقڵییەکان و مەنتیق و فەلسەفە هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کە پرۆگرامی خوێندن گۆڕا و انەکان کەم کر انەوە**

د.محەممەد بە نیگەرانییەوە دەڵێت: ئێستا مزگەوت و بابەتی خوێندنی ئایینی پەراوێز خراوە، تەنیا لە سنووری سلێمانییدا، لەسەدا شەستی مزگەوتەکانمان خۆبەخشە، شتی وا چۆن دەبێت. لە کۆندا بۆی نەبوو گوتاربێژی مزگەوت بێت هەتا فەرمانی پادشایەتی بۆ دەرنەچێت، واتە نە وەزارەت و دەستەیەک نەبوو، دەبوو بچێت تاقیکردنەوە بکات لە لیژنەیەکی زانستی لە بەغدا، ئەوجا نووسراوەکە دەنێررا بۆ دامەزراوەی پادشایەتی، لەوێ دەبووە ئیمام و خەتیب، ئەو سیستمانە هیچی نەماوە، لەبەر ئەوەی حکومەت پەراوێزی خستووە و لێی ناپرسێت، دەبێت حکومەت پێداچوونەوەی هەبێت دینەکە ئەکتیڤ بکات، کادیرەکان ئەکتیڤ بکات، بۆ بابەتی ئەمنی قەومی خۆمان، ئەوان بە ناوی ویلایەتەوە، دەڵێن فەجری یەک و فەجری دوو،فەتحی یەک و فەتحی دوو، تورک و فارس لەو بابەتە لە کورد زیرەکترن لە بەکارهێنانی دین بۆ خزمەت نەتەوەکەیان.

هەروەها د.عەدنان خالید مامۆستای ئایینی لەبارەی تایبەتمەندی خوێندنی ئایینی لە خوێندنی ئایینی لە حوجرەکاندا بەراورد بە کۆلێژی زانستی ئیسلامییەکان وتی: سەرەتا نامەوێت بڵێم حوجرە و ناوەندە ئەکادیمییەکان دژی یەکن، بەڵکو دوو ناوەندی جیاوازن، ناوەندی حوجرە و هەر خوێندنگەیەکی ئایینی کە دامەزراوە یا دروست بووە لە هەر کۆمەڵگایەکا، ناوەندێکی زانستی خۆڕسکی کۆمەڵگەی موسڵمان بووە، چونکە موسڵمان سەرچاوەکەی عەقیدەی بیروڕایەکی هەیە، کە ئەم عەقیدە و بیروڕایە پێویستیەتی بگەڕێتەوە بۆ قورئان و سوننە، تێگەیشتن لە قورئان و سوننە، بۆ ئەمەش پێویست بووە کە هەمیشە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تاکو ئێستا کۆمەڵێک ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ تێگەیشتنی قورئان و سوننەت، چونکە کارەکان و ژیانیان و دینیان و ژینیان و

عەقیدەیان هەمووی تەنها لە ڕێی قورئان و سوننەتەوە سەرچاوە دەگرێ، بەمەش پێویستی کردووە کۆمەڵێ زانستی ئایینی بخوێندرێن، کۆمەڵە کەسێک هەستن ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەم تێگەیشتنە، بۆ هۆشیارکردنی خەڵک لە کاروباری دین و ژینیان، بەڵام ناوەندە ئەکادیمییەکان بە گشتی نەک هەر زانکۆ ئیسلامییەکان، ناوەندە ئەکادیمییەکان دەزانین بەرهەمی پێشکەوتنی مرۆڤە، زانستخوازی مرۆڤە، مرۆڤ کە لەوەتەی دروست بووە و هاتووەتە سەر ئەم زەوییە، وردە وردە گەیشتووەتە ئەم ئاستەی کەوا ئێستا خوێندن لە هەموو جیهاندا بووە بە ئەکادیمی و بەو شێوازەی کە ئێستا هەیە، ئەمە زانستخوازی خودی مرۆڤە، کەوابێ حوجرە لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمییەکان لە بناغەوە جیاواز بوون، واتە ئەوەی کە ئەمی دروست کردووە ئەوەی ئەوی دروست کردووە جیاواز بووە، دەکرێ لە ناو زانستخوازی مرۆڤدا وەکو لە زانکۆکانی فەڕەنسا، ئەمریکا، بەشی ئایینخوازی هەبێت، بەڵام حوجرە هەر لەناو ناخ و دڵ و دەروون و هەناوی کۆمەڵگەی موسوڵماندا دروست بووە، ئەمە تایبەتمەندییەکەیەتی.

بێگومان تایبەتمەندی تریشی هەیە، چونکە ئەو کەسانەی لە کۆندا لە حوجرەکاندا خوێندویانە بە خواستی خۆیان بووە، بەزۆر نەبووە، فشار نەبووە، خواستی خەڵک خۆی بووە، خەڵک خۆی هەستاوە بە دابینکردنی ژیانی فەقێ، ژیانی مامۆستا، ژیانی مامۆستاکان ، خوێندکار ئازاد بووە چی دەخوێنێت، خەریکی چ دەبێت، پەیوەستیش بووە بە کۆمەڵێک ئاداب و ڕەفتارەوە، بەردەوامیش خوێندوویەتی.

**لای ئێمە خوێندنی ئایینی دانپێدانراو نییە. ئەمەش گەورەترین کێشەیە، ئەگەر قۆناغی شەشەمی ئامادەییان نەبێت، ناچنە ناو سیستمی زانکۆلاینەوە**

شتێکی تریش کە لە زانستە ئیسلامییەکان و لە حوجرەکاندا لە کۆنەوە هەبووە و ئێستاش بەشێکی ماوە (ئاسارەکەی)، ئەوە بووە کە ئەم زانستە ئیسلامییانەی ئێمە زۆر گەورەن، -جەنابی دکتۆر باسی مەنهەجی کرد- ئەوەندە گەورەیە تۆ ناتوانی بیخەیتە مەنهەجێکەوە بە چوار ساڵ بیڵێیتەوە بە قوتابی، کێشەکە لێرە ڕوو دەدات، ئەو کەسەی کە دەچێتە زانستە ئیسلامییەکان، ناتوانێت شارەزای زانستە ئیسلامییەکان بێت، چونکە وا تەماشای دەکرد کە زانستە ئیسلامییەکان بە ئاسایی زانستێکی زۆر زۆر کەمە، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵە زانستێکە کە هەمووی پەیوەستن بەیەکەوە، نەحوە، سەرفە، مەنتیقە، بەلاغەیە بەدیعە،

بەیانە، هەر هەمووی کە پێ دەڵێن (زانستی ئەسنا عەشەری)، هەمووی پێکەوە بەسراون، بەڵام لە حوجرەکاندا بە پلەبەندییە، لە پێشدا ئەم منداڵە فێری خوێندنەوە کراوە، دوای چووەتە تەجویدی قورئان، دوای چووەتە نەحو و سەرف، تا گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کەوا موفتی بێ، زانا بێ، دانا بێ، داهێنەر بێ، نووسەر بێ، یانی یەکێکی وەکو مامۆستا کەریمی بیارە، خۆی قوتابی بوو لای شێخ ئیبنو قەرەداغی، وانە بە خوێندکار وتووە، ڕاڤەی پەرتووکی سیوتیشی بۆ من کردووە، ئێستا خۆشی خوێندکار بووە، واتە ئاستی مەعریفیشیان ئەوەنە بەرز بووە، هۆکارەکەی چی بووە، چونکە هەر لە منداڵییەوە گۆش کراوە لەسەر ئەم زانستە، بەردەوامی هەبووە، تا ئەم زانستەی پیادە نەکردبێت، نەیهێشتووە بڕواتە ئاستێکی تر، ئەمە زۆر گرنگە بۆ پێشکەوتنی کەسێک کەوا شارەزا بێ لەو دینەی کە هەموو ژیان و حەیاتی مرۆڤەکان پەیوەستە پێیەوە، تاوەکو سەدەی ناوەڕاستی سەدەی بیست شانازی میللەتی کورد، هەرچی خوێندەوار و نووسەر و سەرکردە و شاعیر و گەورە پیاو هەبوو، کەڵەپیاو هەبوو، بەرهەمی حوجرە بوو، هەموو کەسێک دان بەمەدا دەنێت ، لە غەیری ئەمە ئێمە کورد ئەگەر بگەڕێیتەوە تا لە ناوەڕاستی سەدەی بیست هیچ گەورە پیاوێک، کەڵە پیاوێکی مێژوومان نییە تەنیا لەم حوجرانەوە پێ گەیشتووە.

د. عەدنان ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو کەسەی کە لە حوجرە دەخوێنێت بە عیبادەتی دەزانێت، بۆ عیبادەت و بەجێگەیاندنی عیبادەت هاتووە، ڕۆژانە لەناو مزگەوتەکەیدا دەبێت، نوێژەکانی دەکات بە کۆمەڵ، زیکرەکانی بەیانی و ئێوارانی دەکات، مامۆستایەکی هەیە مامۆستاکەشی خۆی بە هەمان ئاقاردا ڕۆیشتووە، بەئەخلاق و بەئەدەب فێری دەکات، فێری ئەوەی دەکات کەوا چەندێک ڕێزی خەڵک بگرێت، لەناو خەڵکدا تێکەڵە، لەگەڵ ئا زاری و برسێتی و ئیشەکانی خەڵکدا تێکەڵە، گفتوگۆی زانستی هەیە، فەقێ لەناو حوجرەکاندا شەو تا درەنگ لە جیاتی گەنجەکانی تر خەریکی کات ڕابواردن بن ئەمان خەریکی توێژینەوەی زانستین و باسی چارەسەری کێشەکان دەکەن، بەم شێوازە ئەمە هەمووی تایبەتمەندییەک بوو کە لە حوجرەکاندا هەبووە، کە لە زانکۆکاندا دەست ناکەوێت، ئەمە بە مانای ئەوە نییە هەر دوو ناوەندەکە دژ بەیەکن، نەخێر، بەڵام لە ئامانجدا لە سەرەتاوە کە دەستی پێکردووە جیاواز بوون، بەڵام ڕاستە لە سێکتەرەکانی ژیاندا بەریەککەوتنیان هەیە، دەبینین بەو شێوازەی ئێستا کە هیچیان بەبێ ئەوەی تریان تەواو نابێت، یانی ئەگەر مامۆستایەک بیەوێت، مامۆستایەکی ئایینی دەعوە بکات، یانی زەمانەکە وای لێهاتووە ژیانی خۆش بێ، گوزەرانی خۆش بێ، شەهادەیەکی نەبێ، شەهادەیەکی ئەکادیمی نەبێت، ناتوانێت

بژی، واتە زانایەک تێگەیشتوو بێت و داهێنەر بێت و بنووسێت و توێژینەوە بکات و وانە بڵێتەوە، هەر پێویستی بە ناوەندە ئەکادیمییەکە هەیە.

**بڵێ من پێویستم بە شەریعە نییە، ئەوە لە ڕووی ئەمنی نەتەوەییەوە گەورەترین هێڵی سوورە**

لەبارەی جیاوازی گوتاری ئەو کەسەی کە دەرچووی حوجرەیە بە بەراورد بەو کەسەی کە دەرچووی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانە، د.عەدنان دەڵێت: لە سەرەتاوە ئێمە نایسەلمێنین ناوەندەکانی ئەکادیمی سەرچاوەی توندوتیژی و ئەو جۆرانە بێت، ئەوە هەر کەسێک وا بزانێت خەتای ناوەندە ئەکادیمییەکانە ئەم کەلێنەی دروست کردووە، هەڵەیە،بەڵکو توندوتیژی لە هەر کۆمەڵێکدا سەرچاوەکەی ئارەزوی مرۆڤەکان خۆیەتی، بەتایبەتی گەنجێکی ئیماندار کە دەچێتە قۆناغێکەوە حەز لە دینداری دەکات، ناگات بە ئامانجەکانی خۆی، حەزەکات بە زۆر بە دەستی بهێنێت، ئەمە هەر خواستی خودی مرۆڤ خۆیەتی، پەیوەندی بەوەوە نییە ئەم کەسە لە حوجرە خوێندوویەتی، لە شوێنی تر خوێندوویەتی، ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە حوجرەکاندا بە بۆنەی ئەوەی کەوا ئەو کەسەی کە دەچووە حوجرەکان پابەند دەبوو بە کۆمەڵێک ڕێسا و یاسا لەناو حوجرەکاندا هەبوو، سوختە و موستەعید هەبوو، دەبێت ئەم مامۆستایە چۆن ڕێزی لێ بگرێ، قوتابی چۆن ڕێز بگرێ لە زانستەکەی چۆن بگرێ، هەر لە منداڵییەوە کۆمەڵێک ئەخلاقیاتی جوانی ئەم گەنجە فێر دەکرێت، لە بە ئەدەب بوونی، لە بەخاکی بوونی، مرۆڤ چ کاتێک دەبێتە توندڕەو و دڕندە، ئەوەیە کە زاڵ نابێت بە سەر ئەو نەخۆشییە دەروونییانەی کە هەیەتی، وای لێ دەکات لە کاردانەوەیەکدا وا دەردەکەوێت، بەڵام کە لە حوجرەی فەقێیەک دەهێنیت لە منداڵییەوە، فێری ئەدەب و لەخۆبوردەیی ، فێری گەورەی دینی دەکەیت، فێری خۆ بەکەم زانینی دەکەیت، فێری ئەوەی دەکەیت کە چۆن ڕووبەڕووی نارەحەتییەکانی ژیانی خۆی ببێتەوە، بێگومان کەمتر دیومانە لە ناوەندەکانی حوجرە و فەقێدا کەسی توندڕەو هەبێت، هۆکارەکان خودی ناوەندە ئەکادیمییەکان نین، هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەم بە قۆناغێکی سەختدا ڕۆیشتووە، ژیانی بردووەتە سەر و لە خزمەت ئەو کەسانەی کە مامۆستای دڵسۆز بوون بۆ دین و ژینی خەڵک، پەروەردە بووە، هۆکارەکەی ئەوەیە.

هەروەک د.عەدنان تیشک دەخاتە سەر

ئەوەی چی بکرێت بۆ ئەوەی کەلێنی نێوان حوجرەکان لەگەڵ زانستە ئیسلامییەکان کەم بکرێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە بە داخەوە تا ئێستا نەتوانراوە لە وڵاتی ئێمە گرنگی بە ناوەندەکانی حوجرە و فەقێ و خوێندنگەکان بدرێت، لە ئەزهەر، ئەمساڵ شێخی ئەزهەر تەلەفۆن دەکات بۆ یەکەمی میسر، دەڵێت خوێندکاری ئەوێ بووە، لەسەر ئاستی زانستی، ئەوە ئەزهەر خوێندنگەیەکی ئایینی بووە، گەیشتووەتە ئەو ئەندازەیەی کە ئێستا هەموو زانستە کردارییەکانیشی تێدایە، ئەندازیاری، پزیشکی، هەتا زانستە مرۆییەکانی یاسا و سیاسەت تێدایە، هەر ئەزهەریش بووە پێشکەوتنی پێکردووە، وڵاتەکەی گرنگی پێ داوە.

**فارسەکان، تورکەکان، هەموویان ئایینیان بەکارهێنا بۆ دەوڵەتداری و کۆمەڵێك بابەتی تر، بەس لای ئێمە دەڵێت پێویستم پێی نییە**

ئەزهەر بۆ خۆی حکومەتێکە لەناو حکومەتێکدا، دامەزراوەیەکی ئەوەندە گەورەیە، خەڵکەکەشی هیچی نەبووە بە تیرۆریست، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو خەڵکەی کە لە میسردایە و لە چاو ئەو وڵاتانەی کە لە چواردەوردا هەیە، کەمترین گرفتی لە ڕووی توندوتیژیەوە هەیە، چونکە دامەزراوەی دینی باشە، کە ئەزهەر نوێنەرایەتی دەکات، لە هەمان کاتدا زانستەکانی تریشی پشتگوێ نەخستووە، وای کردووە زانکۆی ئەزهەر لە هەموو زانکۆکانی تری میسر لەپێشتر بێت، نەک هەر لە زانستی ئیسلامی، لە تەواوی ئەو زانستانەی کە ئێستا لە جیهاندا دەخوێندرێت، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، بەڵام ئێمە دەبینین زۆر بە کەمی سەیری خوێندنی ئیسلامی دەکرێت، لە کاتێکدا زۆربەی مزگەوتەکانمان خۆبەخش بەڕێوەی دەبات، خۆبەخشەکەش کامڵ نەبووە لە زانستدا، قوڵ نەبووە لە زانستەکەیدا، تەنها ئەوەندەی کەوا چەند خولێکی دیوە، یان لای چەند مامۆستایەک بووە، یان گوێی لە چەند مامۆستایەک گرتووە لە یوتیوب، زمانی بۆ ئەدا کردن تیژ بووە، یان دەنگی خۆش بووە، خۆی کردووە بە بانگخواز و خەڵکیش لە هەزار زانای پێ زاناترە، بۆیە ئەو کەسانەی کەوا دەیانەوێت خەمخۆری زانستە ئیسلامییەکان بن، خەمخۆری کۆلێژەکانی زانستە ئیسلامییەکان بن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەوا لەو دوو ناوەندە دەخوێنن، بەبێ ئەوەی تریان ناتوانن بگەن، بۆیە ئامۆژگاریم ئەوەیە هەم ئەوەی کەوا فەقێیە، کە ژیانی خۆش نابێت مەگەر داخلی زانکۆکان ببێت، لە هەمان کاتدا بێ خوێندنی زانکۆکانی بەردەوام بێت

و ببێت، ئەوەش کە دەچێتە زانستەی ئیسلامییەکان بەبێ باکگراوندێکی حوجرە سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەو زانستانە - وەکو پێشتریش ئاماژەم پێ کرد- ئەوەندە گەورەیە گەورەیی زانستەکان وا دەکات، ناتوانی زانستی عەقڵی کە خۆی کۆمەڵێک زانستە، یەک دانە نییە، مەنتیقە، مەسەلەن حیکمەتە، لەولاوە کەلامە، هەرسێکی کۆکەیتەوە لە مەنهەجێکی سانادا، لە نامیلکەیەکدا، لە بیست دەقەدا بۆ خوێندکار باس بکەی، ئەمە لە حوجرەکاندا لە پێشدا مەنتیق سێ چوار ناوەڕۆک خوێندراوە، دوایی چۆتە سەر حیکمەت، سێ چوار ناوەڕۆک خوێندراوە، دوایی چووەتە سەر عەقائید سێ چوار مەنهەج خوێندراوە، ئینجا هەمووی بە پێنج شەش ساڵ ئەم قوتابییە شەو و ڕۆژ کە خەریک بووە، دیراسەی کردووە، حاشیەکانی خوێندووە، فارسی و تورکیشیان زانیوە، یەکێک وەکو ئەحمەد فایز فەڕەنسیشی زانیوە. بۆیە هەردووکیان بە بێ باکگراوندی ئەوی تریان تەواو نابێ، کەسێک بیەوێ بانگخوازێکی سەرکەوتوو بێ و ڕەقەمی هەبێت و با بلێین خەڵک گوێی لێ بگرێت و بە حەقەتیش زەمەنەکە پێویستیەتی، یانی ئەو کەسەی کە بانگخوازە دەبێت باکگراوندێکی زانکۆیی و ئەکادیمی هەبێت، کەسێکیش کە دەچێتە زانکۆ دەبێت باکگراوندی حوجرەی هەبێت، ئەگەر نەیبێت هەر لە زانستی ئیسلامی تێناگات، ئێمە هەمان بووە لە قۆناغی چوار بووە و هاوڕێم هەبووە ئیملای عەرەبی نەزانیوە، ئەمە تۆ چۆنی دەهێنیت دەڵێیت وەرە فەتوا بدە، لە قورئان و سونەت فەتوام بۆ دەربێنە، گرفتەکەی ئێمە لەوەدایە.

## خوێندنگە ئایینییەکان پەراوێز خراون، هەتا ئێستا لەناو سیستمی زانکۆلایندا نین

دوایین گرفتیش کە دەمەوێت ئاماژەی پێکەم، بەڕاستی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە، ڕاستە بەرهەمی گەورەی زانستخوازی مرۆڤە و ئێمە گەیشتوونەتە ئەم قۆناغەی کە ئێستا بچووکترین داهێنان لە ئەمریکا بکرێت بە سێ چوار دەقە دەگاتە لای من و تۆ، لە هەمان کاتدا مرۆڤەکانی تەمەڵ کردووە، لە هەر دوو ناوەندەکە، نە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان دەتوانن وەکو عەبدولکەریم زیدان و محەممەد ڕەمەزانمان پێشکەش بکەن، نە حوجرەکانیش دەتوانن وەکو مەلا کەریم و مەلا باقر و مەولەویمان پێشکەشکەن، چونکە زەمانەکە وای لێهاتووە بە داخەوە، خەڵک ئێستا زانیاری خێرای ئەوێت، زوو گەیشتن بە ئامانجی دەوێت، واتە تۆ پۆستێک دەکەیت لەسەر فەیسبووکێک شەش

دێڕ بێت، کابرا تاقەتی نییە لایکیشت بۆ بکات، یان هەر بیخوێنێتەوە، بۆیە لە حوجرەکانیشدا بە داخەوە ناڵێم هەموو، لە سەدا دەی زانستەکانی کاڵ بووەتەوە تێیدا، وەکو جاران نەماوە، ڕەسمێکی ماوە سوپاس بۆ خوا، لە حورمەت و ڕێزی تێدا ماوە، وێنە و شێوە و هەیکەلەکەی ماوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕۆچوونی ئەو خەڵکەش لە زانستەکان و قاڵبوونی وەکوو ئەو مەلا کۆن و گەورانەی کە هەبوون لە میللەتی کوردایەتی لە سەدا دەی کاڵ بووەتەوە، هۆکارەکەشی چی بووە ئەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرایە بووە کە ڕووی کردووەتە وڵاتانی ئێمە و بە تایبەتی وڵاتانی موسڵمان، بەتایبەتی تریش ئەم پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا کە وەکوو بورکان تەقیوە بە سەر هەموو جیهاندا، هەموو جیهان مەستە تیایدا، نازانێ چی بکات، هەروەها ناوەندە ئەکادیمییەکانیش ئەو کۆمەڵە گرفتەی کە باس کرا هەم لە خودی زانکۆکان خۆی، هەم لە خودی پڕۆگرامەکە، هەم لە خودی کەم گرنگیدانی حکومەت بە حوجرە، نەک هەر بە زانستی ئیسلامی، بڕواکە ئەگەر (پزیشکی) شەش ساڵی بوێت، زانستی ئیسلامی بە لای کەمەوە دە ساڵی ئەوێ، ئەوە حەقیقەتە، واتە ئەگەر تۆ بتەوێت زانایەک دروست بکەیت، زانایەک کە فیکرەیەکی هەبێت، زانایەک بتوانێت مەلا عەبدولکەریم بێت و محەممەد ڕەمەزانی شوانی بێت، کە دکتۆرێک بوو، چەندەها بەرهەمی هەبوو، زانایەکی گەورەی کورد بوو، مستەفا زەڵمی، هەموو کورد شانازی پێوە دەکرد، هەموویان باکگراوەندی حوجرەیان هەبوو، واتە ئێمە دەبێت ئەوە چاک بزانین زانستی ئیسلامی لە ئێستادا بە ڕاستی لە ئاستێکی زۆر زۆر گەورەدایە، مەسەلەی بانگخوازی و حوجرە و مزگەوتەکان، بە ڕاستی لە ژێر هەڕەشەیەکی گەورەدایە، گەورەترین هەرەشەی ئەمنی قەومی فیکری خەڵکە، بەتایبەتی فیکری گەنجان، ئەگەر مەلایەکی ناکامڵ، قیژە قیژکەر، هاوارکەر لەسەر میحرابەکان، هیچ نەزانی بە مەیلی خۆی بە ڕاست و چەپ خەڵک بنێرێت بۆ بەهەشت و جەهەننەم، ئەمە گوێ نەدەیتێ، گەنج دانەمەزرێت و پارە و ژیانی نادەیتێ، هەلی کاری بۆ نارەخسێنی، دێتە مزگەوت و ئەو کەسەش کە هاتووە خۆبەخشێکە، یا - وەکو جەنابی دکتۆر وتی- تۆ لە وڵاتێکی ترەوە ئایدیای بەرهەم هێناوە، دەبێت چ کارەساتێک بقەومێت، بە ڕاستی دەبێت هەموو خەمخۆرێک لەم بوارەدا هەوڵی خۆی بدات، هەم حکومەت گوێ بگرێت بۆ مامۆستایانی ئایینی، گوێ بگرێت بۆ مامۆستایانی ئەکادیمی و بەتایبەتی زانستە ئیسلامییەکان، دەبێت زۆر زۆر گرنگی پێ بدرێت، وەکو چۆن ئێستا هەوڵ درا ساڵی زیاد بکرێت بۆ کۆلێژی یاسا، من پێم وایە

زانستە ئیسلامییەکانیش پێویستیەتی بۆ کاملکردنی ئەو پرۆگرامەیە، یان دەتوانین هەر لە ناو کۆلێژەکاندا ڕاستەوخۆ زانستەکان جیاکەینەوە، بۆ ئەوەی کەوا کە کەسێک لە ئەکادیمی وەرگرێ، یا هەر لە نەحووا وەریگرێ، یا هەر لە صەرفا وەریگرێ، یا هەر لە مەنتقدا وەریگرێت، ئەمانە کۆمەڵێک زانستن، هەمووی هەزم ناکرێ بە خوێندکار.

## ناوەندی حوجرە و هەر خوێندنگەیەکی ئایینی کە دامەزراوە یا دروست بووە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، ناوەندێکی زانستی خۆڕسکی کۆمەڵگەی موسڵمان بووە

د.عەدنان ئاماژەش بەوە دەکات کە ئێمە زەمینەی باشمان هەیە، چەند خوێندنگەیەکی گەورەمان هەن، بەڵام حکومەت پشتگوێی خستوون، بڕوانامەکانیان دانپێدانراو نین، دەڵێت: خۆم دەرچووی بیارەم، کە بەناوبانگترین خوێندنگەیە، بەڵام هاتووم تاقیکردنەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندیم بە دەرەکی کردووەتەوە، ناچار بووم چوومە شەش و دیسان بە دەرەکی تاقیکردنەوەم کردووەتەوە، ئەگەر پۆلی شەشەمم نەبووایە نەمدەتوانی بێمە کۆلێژەوە، چوار ساڵی کۆلێژم خوێند و دوو ساڵ وەستاوم، تا ماجستێرم خوێند، چەند ساڵی تر وەستاوم، تاوەکو دکتۆراکەم تەواو کرد، هەر مامۆستایەک باکگراوندی حوجرەی هەبووبێ بە خوێندنگەیەکی ناوداردا هاتبێت، کە دەچێتە ناوەندە ئەکادیمییەکە زۆر سەرکەوتووە، کەوا بێ زەمینە هەیە بەڵام خەمخۆر نییە، ئێمە خوێندنگەی گەورەمان هەیە، خوێندنگەی بەحرکەمان هەیە، چەندان خوێندنگەی باشمان هەبووە، خوێندنگەی حەیدەریەکانمان هەبووە، چەندان خوێندنگەی تر، جێشانە، لە ١١١٧ی کۆچی بەردەوام چەند فەقێی ئاستبەرزی هەبووە، شێخ مەعرووفی نۆدێ (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، لە خوێندنگەی غەزالییەوە لە قەڵاچوالان دەچێت لە بەهێزترین شوێن هەزارمێردە، دەچێتە لای ئیبنو حاجیبی کوردی، لەوێ کێ عەروزی پێ دەڵێت؟ موفتی هەموو ویلایەتی بەسرە کە (بەیتووشی)ە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم خوێندنگەیانە کوێر کرانەوە. مامۆستا باسی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی کرد خوا لێی خۆش بێ، شێخی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئاوا مۆری لێداوە، نامەیەکی نووسیوە بە مۆری ئەو، لە ئەزهەری ئەو سەردەمە خستویانەتە کۆتایی واتە شەش و چواری

کولیە، هەموویان بۆ حیساب کردووە، دواتر بۆ ماجستێر خوێندویەتی، هەر بە ئیمزا و مۆری خوێندنگەی قەرەداغی (ابن القرەداغی)، ئەوانە ئەو تەقدیراتانە نەما، واتە حکومەت گەورەترین هەڵەی کردووە کە نەماون. دەبێت ناوەند وەکو حەوزەی نەجەفمان هەبێت، ئێستا جامیعەی هاشمی هەیە لە ئوردن، ئەو حەوزەی نییە جامیعەی هاشمی دروست کردووە، لە سعودیە، جامیعەی مەلیک عەبدولعەزیزی دروست کردووە.

**ئەگەر بگەڕێیتەوە تا لە ناوەڕاستی سەدەی بیست هیچ گەورە پیاوێک، کەڵە پیاوێکی مێژوومان نییە تەنیا لەم حوجرانەوە پێ گەیشتووە**

لەبەرئەوە دەبێت ئەو خوێندنگانە ڕێکبخرێنەوە، سیستمی بۆ دابنرێت، ئەوقاف پارە و موڵکی ئەوەندە زۆرە، دوو حەوزەی نەجەفی پێ بەخێوەکەیت، واتا هەر لەسەر داهاتی ئەوقاف، لەبەر ئەوە ئەوانە زۆر پێویستە ئیشی لەسەر بکرێت، پێویستە کاری بۆ بکرێ، بەشێوازێکی توندوتۆڵ جارێکی دیکە بخرێنەوە ناو گۆڕەپانەکەوە.

# بیرمەندان

ئایینناسی

# هەوڵە چاکسازییەکانی کاك ئەحمەدی شێخ
# لە حوجرە و شوێنکەوتنی ئایینەوە تا بواری کۆمەڵایەتی

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
عومەر کەریم بەرزنجی

**پوختە**

کاك ئەحمەدی شێخ وەك یەکێک لە گەورە زاناکانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی، ناو و ناوبانگێکی دیاری هەیە، ئەمەش بە هۆی لێبوردەیی و خاکەڕایی و کۆمەڵایەتی بوونییەوەیە، پێش ئەوەی بە هۆی پێگەی زانستی و ڕۆشنبیریی و مەلایەتی و شێخ بوونییەوە بێت، هەربۆیە توانیویەتی ڕوو بەڕووی کێشە و گرفتەکان ببێتەوە و هەوڵی چاکسازی بدات تێیاندا، ڕێگری بکات لە ڕووداوەکان لە سەرەتای ڕوودانیان و پێش بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنیان. زۆربەی کاتیش سەرکەوتوو بووە لە هەوڵەکانی دا. هەرچەندە زمانزانێکی لێهاتوو بووە و زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی زانیوە، نووسەر و بانگخواز و حەکیم بووە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی هەوڵە چاکسازییەکانی کاك ئەحمەدی شێخە بەگوێرەی سێ بواری گرنگی وێستگەی ژیانی کاك ئەحمەد، کە چاکسازیی لە شوێنکەوتووانی ڕێ و ڕچەی قادری و لە حوجرە و بواری زانستی و چاکسازی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، بە پشت بەستن بە ڕێگەزانی پەسندانی Description چاکسازییەکان و هەڵسەنگاندن و بەستنەوەیان بە یەکترەوە، لە ئەنجامدا بەوە گەیشتین کە کاك ئەحمەدی شێخ لەگەڵ ئەوەی شێخێکی ناوداری ڕێ و ڕچەی قادری بووە، یەکێکیش بووە لە مەلا باشەکانی کورد، هەریەک لە شێخایەتی و مەلایەتییەکەشی هۆکاربوون بۆ چاکسازیی و چاککردنەوەی ئەو کێشە و گرفت و بار و دۆخە نەخوازراوانەی هاتوونە ڕێ و کەم تا زۆر سلێمانی و تەنانەت شارەکانی تریشیان گیرۆدە کردووە. هەروەها چەندین دانراوی بۆ بەجێهێشتووین بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی.

**وشەکلیلەکان:** کاک ئەحمەدی شێخ، چاکسازی، سلێمانی، بەرزنجی، قادری و نەقشی

**١.پێشەکی**

چاکسازیی بە زۆر واتا و چەمك هاتووە، کە بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان، فەرهەنگەکان و پەرتووکە تایبەتییەکان ڕوون دەبنەوە، هەروەها پۆلێنیش کراوە بە گوێرەی بوارەکان وەك (چاکسازیی ڕامیاری، چاکسازیی کۆمەڵایەتی، چاکسازیی ئایینی، چاکسازیی ئابووری، چاکسازیی کارگێڕی، چاکسازیی ڕۆشنبیری و .... تاد). بەشێوەیەکی گشتی چاکسازی گۆڕینی ئەوەیە کە هەیە، ئەمەش چاککردنەوەی شێواوی و ناتەواوییەکانە، یاخود باشترکردنی چاککراوەکانە. هەروەها ئەو شتەیە کە گەندەڵی لێلابراوە، کاتێك دەوترێت لە بارودۆخی مرۆڤەکاندا چاکسازی کراوە، واتە گەندەڵی لێ لابراوە. کەواتە گواستنەوە و گۆڕانکارییە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی باشتر.(١)

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە، خستنە ڕووی هەوڵە چاکسازییەکانی کاک ئەحمەدی شێخی بەرزنجی کوڕی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی-یە، لە بوارەکانی حوجرە و خوێندنی شەرعی، ڕێ و ڕچەی قادری و چاکسازی کۆمەڵایەتیش.

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە دوو باسی سەرەکی کە ئەوانیش:

١) کاک ئەحمەدی شێخی بەرزنجی: (پوختەی ژیاننامە، خوێندنی حوجرە و مۆڵەتی مەلایەتی، دانراوەکانی کاك ئەحمەدی شێخ، قوتابی و فەقێکانی کاك ئەحمەدی شێخ، تایبەتمەندییەکانی کاك ئەحمەدی شێخ، مردنی کاك ئەحمەدی شێخ).

٢) هەوڵە چاکسازییەکان: (هەوڵە چاکسازییەکان لە ڕەفتاری شوێنکەوتوانی ڕێ و ڕچەی قادریدا، هەوڵە چاکسازییەکان لە گرنگیدان بە حوجرە و شوێن قورئان و سوننەت کەوتن، چاکسازیی کۆمەڵایەتی).

**٢. کاك ئەحمەدی شێخ**

**١،٢ پوختەی ژیاننامە**

کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێی کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ ئەحمەدی غەزائی کوڕی شێخ محەممەدی نۆدێی کوڕی بابە عەلی وەندەرێنەیی کوڕی بابا ڕەسوڵی گەورەی بەرزنجەیە، بە کاك ئەحمەدی شێخ، کاك ئەحمەدی سلێمانی، حاجی کاك ئەحمەدی بەرزنجی ناسراوە، لە ساڵی ١٢٠٧ك /١٧٩٢-١٩٧٣ز، یاخود لە ساڵی ١٢٠٨ك / ١٧٩٣-١٧٩٤ز لە شاری سلێمانی لەدایك بووە(٢)، (٣)، (٤) بەڵام بەو پێیەی هەموو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ساڵی مردنی، هەروەها لەسەر ماوەی ژیانی کە ٩٨ ساڵ بووە بەپێی ساڵە کۆچییەکان، بەڵام بە گوێرەی ساڵە

زایینییەکان ٩٤ ساڵ ژیاوە، کەواتە ساڵی ١٢٠٧ک ڕاستەکەیە بۆ لەدایکبوونی کاک ئەحمەد.

زانایی کاک ئەحمەدی شێخ بەوە ناسراوە کە دەریایەك بوو لە زانستی ئیسلامی، جێنشینی باوکی بوو لە وانەوتنەوە و نووسین و وتاربێژی و پێشەوایەتی ڕێ و ڕچەی قادری(٥)، بەڵام جگە لە پلە و پایەی ئایینی، پلە و پایەی زانستی و ڕۆشنبیریشی هەبوو، لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیانیشدا ڕاهاتبوو. چونکە لە ڕۆژگارێکی پڕ لە کێشە و تەنگ و چەڵەمەدا چاوی بە دونیا هەڵهێنا و لە ماوەی گەنجیشیدا بەربەرەکانێیەکی زۆری ئایینی بە خۆیەوە دی، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبوو لە سەرتاپای دەوڵەتی عوسمانیدا .(٦)

کاک ئەحمەد جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی فارسی و عەرەبیشی بە باشی زانیوە و بە هەرسێ زمانەکەش نووسین و دانراوی هەن، هەرچەند زۆربەی دانراوەکانی بە فارسین و کەمتر بە دوو زمانەکەی دیکە نوسیونی، مەگەر ئەوەی بەرهەمەکانی تا ئێستا نەکەوتبنەوە بەردەست.(٢)،(٧)

لەسەر داوای شێخ مارفی باوکی، لە تەمەنی گەنجێتیدا حەجی کردووە، لە سەفەری حەجدا و لە کەعبەی پیرۆز پیاوێکی مەراکیشی دەناسێت، کە دەزانێت شارەزای هەندێک لە زانستەکانە، هەر یەک لە (علم الحروف) و (قیم الاعداد) ی لا دەخوێنێت، کە دواتر سوودی لێ وەردەگرێت بۆ دروستکردنی گولەبەند(٨)

## ٢،٢ خوێندنی حوجرە و مۆڵەتنامەی مەلایەتی

کاک ئەحمەدی شێخی بەرزنجی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت)، سەرەتا لای باوکی سیپارە[١] دەخوێنێت بۆ فێربوونی (پیتەکانی زمانی عەرەبی و سەرە و ژێرەی پیتەکان و خوێندنەوەیان) و قورئانی پیرۆزیش[٢] بە شێوەی حونجە (حینجە)[٣] دەخوێنێت و لەبەری دەکات، لەگەڵ خوێندنی هەندێک پەرتووکی تری وەك (ئەحمەدی)[٤] ، پاشان وەك خوێندنی باوی ئەو ڕۆژگارە دەخرێتە بەر خوێندن لە نێو حوجرەی فەقێیان، دەبێتە قوتابی[٥] وەك یەکەم قۆناغی خوێندنی حوجرە، بیروباوەڕی ئیسلام[٦] ، هەروەها گوڵستان و بوستان[٧]. بە خوێندنی ئەم بابەتانە قۆناغی قوتابێتی کۆتایی پێدێنێت، زۆر جار لەگەڵ ئەم قۆناغە زمانی فارسیش دەخوێنرا.

پاشان مامۆستا مەلا کاک ئەحمەدی شێخی بەرزنجی، پێدەنێتە قۆناغی دووەمی فەقێیەتی و دەبێتە (سوختە)[٨] ، پەرتووکە وردەڵەکانی وەك (عەوامیلی جورجانی)[٩] و (بەرکەوی)[١٠] و (تەسریفی زەنجانی)[١١] دەخوێنێت، لە زانستی وشەسازی و ڕێزمانی عەرەبیدا، پاشان (تکمیل الزنجانی) کە لە دوای مردنی دانەرەکەی بە (تەسریفی مەلا عەلی)[١٢] ناوبانگی

دەرکرد(٩)، دەخوێنێت و بەردەوام دەبێت تا (سەعدوڵڵای گەورە و سەعدوڵڵای بچووك و ئەنموزەج[١٣] و ڕاڤەی موغنی موحتاج[١٤] و سەمەدییە[١٥] و ئیزهاری بەرکەوی[١٦] و ئیزهاری مەلا موحسین و.....) تەواو دەکات. بەم شێوەیەش قۆناغی دووەمی فەقێیەتی تەواو دەکات و دەست دەکات بە خوێندنی قۆناغی سێیەمی فەقێیەتی کە موستەعیدی-یە. ئیدی لێرەوە خۆری مامۆستا مەلا کاك ئەحمەدی شێخی بەرزنجی ڕوو لە هەڵاتن و درەوشانەوەی زیاتر دەکات، بە هۆی زیرەکی و وریایی و لێهاتوویی خۆیەوە، هاوکات بە هۆی خاکەڕایی و لێبووردەیی و دڵفراوانییەوە، لەگەڵ ئەوەی دەبێتە موستەعید و لە خوێندنی فەقێیەتی بەردەوام دەبێت، پۆشاکی کوردی جوان لەبەر دەکات و کڵاو و جامانە لەسەر دەنێت، بانگ دەدات و پێشنوێژی بۆ موسڵمانان دەکات، لە جیاتی مامۆستاکانی بەتەنگ خەڵکەوە دەچێت و بەدەم هەموانەوە دەبێت. هێندەی لە توانایدا بێت لە بەجێهێنانی سیلەی ڕەحم و میوانداری و میواندۆستی درێغی ناکات. لە قۆناغی موستەعیدیدا، کە کۆتا پلەی فەقێیەتییە، ئەو دانراوانەی پێویستە بخوێنرێن دەبنە تەواوکەری ڕێگای مامۆستا و دەست دەکات بە خوێندنیان، بۆ نموونە: (تەفسیری مەدارك کە بە تەفسیری نەسەفیش ناودەبرێت[١٧]، تەفسیری بەیزاوی[١٨]، میناهاجو تالبین[١٩]، ڕیازو سالحین[٢٠]، جەمع جەوامیع[٢١]، و ......تا دوایی). دوای خوێندنی ئەو پەرتووکانەی تایبەتن بە قۆناغی موستەعیدی، ئیدی قۆناغی فەقێیەتی مامۆستا کاك ئەحمەدی شێخی بەرزنجی کۆتای پێهات.

**کاك ئەحمەدی شێخ بەوە ناسراوە کە دەریایەك بوو لە زانستی ئیسلامی، جێنشینی باوکی بوو لە وانەوتنەوە و نووسین و تاریێژی و پێشەوایەتی ڕێ و ڕچەی قادری**

هەموو ئەم قۆناغانە و وانە شەرعییانە لە لایەن مامۆستایانی زانا و بە نامێی سلێمانی و دەوروبەرییەوە وتراوەتەوە، وەك مامۆستا مەلا شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی کە باوکی کاك ئەحمەدی شێخە، هەروەها مەلا مەحموود پیر حەسەن(١٠). بڕوانامەی مەلایەتی و وانەوتنەوەش هەر لە شێخ مارفی نۆدێی وەردەگرێت و دوای باوکیشی دەبێتە وتاربێژ و پێشنوێژ و سەرپەرشتیاری مزگەوتی گەورەی سلێمانی(٣).
ئەگەرچی تائێستا مۆڵەتی مەلایەتییەکەی و ڕێگەپێدانی پێشەوایەتی ڕێ و ڕچەی قادرییەکەی نەکەوتووەتە بەردەست، بەڵام خۆی دەفەرموێت:

(كما اجازنی به سیدي و سندي و معتمدي في یومي و غدي السید معروف النودهي (قدس سره العزیز)، فهو كما اجازه القطب الاكبر و كبریت الاحمر مؤلف كتاب (الدعوات و الارشادات و العزائم و الطب و الطلسمات) سیدي محي الدین ابن القطب الاعظم السید حسن السعداني الگلەزردی) (١١).

**کاك ئەحمەدی شێخی بەرزنجی بە یەکێك لە جەمسەرە گەورە و باڵاکانی سۆفیگەری دادەنرێت**

**٣،٢ دانراوەکانی کاك ئەحمەدی شێخ**

١)زۆرتر لە ١٢٠ پەیامی لە بوارەکانی ڕاڤە و لێکدانەوەی قورئان و فەرمووده و فیقهدا بە زمانی فارسی نووسیوە، کە لە ساڵی ١٢٩٩ك / ١٨٨١-١٨٨٢ز لە شاری بەغا شەش پەیامیان و لە ساڵی ١٣٥٥ك/ ١٩٣٦-١٩٣٧ز دوانزه (١٢) پەیامیان لە شاری نەجەف چاپ و بڵاوکراوەتەوە(٣).

٢)فك القفول کە ڕاڤە و لێکدانەوەی (بواب الاصول)ی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی باوکییەتی(١٢).

٣)پەراوێزنووسی لەسەر (کمال شرح شافیەی صرف)(١٣).

٤)پەراوێزنووسی لەسەر (رغبە الطالبین) (١٣). لە هەندێك سەرچاوەدا ناوەکەی بەم جۆرەیە (رغبە الطالبین فی فظیله العلم و العلماء العاملین) کە گوایە دانراوە نەك پەراوێزنووسی و لە ساڵی ١٢٤٥ك/ تەواوی کردووه(١٤).

٥)اداب الدنیا فی التصوف و الاخلاق بە زمانی فارسی (١٤).

٦)العقائد الصغری (١٤).

٧)العقائد الکبری (١٤).

٨)رسالة القلب (١٤).

٩)فتح الرؤف فی معاني الحروف (١٤).

١٠)فتح الجواد في معاني الجهاد (١٤).

١١)منظومه معاني الحروف (١٤).

١٢)دیوانی کاك ئەحمەدی شێخ کە شیعرەکانی شاعیری لەخۆ گرتووه(١٥).

١٣)پەراوێزنووسی لەسەر تەفسیری بەیزاوی کە بە دەرس و بە زمانی کوردی بە فەقێیانی وتووەتەوە و لەگەڵ وتنەوەدا پەراوێزی بۆ نوسیووە.

١٤)دەستخەتی پزیشکی گیادەرمانی کە تایبەتە بە چارەسەری نەخوش بە گژ و گیا.

**٤،٢ قوتابی و فەقێکانی کاك ئەحمەدی شێخ**

کاك ئەحمەد لە پاڵ شێخایەتی قادریدا، هەمیشە سەرقاڵی وانە وتنەوەی ناو حوجرە و بانگەوازی خەڵك و نووسین و خزمەتکردنی فەقێیان بووە، بەڵام بە داخەوە وەك پێویست ناوی هەموو فەقێکانی تۆمار نەکراوە، هەندێکیان نەبێت لێرە و لەوێ ناویان هاتووه، ئەوانیش:

١)شێخ حەسەنی قەرەچێوار یەکێکە لەو کەسانەی کە لە خزمەتی کاک ئەحمەد-دا فەقێ بووە و لە زانستی شەرعی و شوێنکەوتنی ڕێ و ڕچەی قادریش بەهرەی وەرگرتووە(١٢).
٢)شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەممەدە بچکۆڵە کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ(١٦).

## ٥،٢ تایبەتمەندییەکانی کاک ئەحمەدی شێخ

هەر لەسەرەتای تەمەنی منداڵییەوە، کاک ئەحمەدی شێخی بەرزنجی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی بووە، کە بوونەتە هۆکار بۆ بوون بە ڕێبەر و پێشەوای موسڵمانان بە شێوەیەکی لێهاتووانە، ئەمە جگە لەوەی لە ژینگەیەکی تەواو و گونجاودا پەروەردە بووە، خاوەنی باوانێکی دیار و ناسراو بووە لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە، هەروەها سەدان دەستخەتی دانراوەکانی باوانی لەبەردەستدا بووە.

کاک ئەحمەدی شێخی بەرزنجی بە یەکێك لە جەمسەرە گەورە و باڵاکانی سۆفیگەری دادەنرێت، کە بە زانستی ئایینی و خاکەڕایی و خوداپەرستی ناسراوە، کەم کەس گەیشتووەتە پلەی کاک ئەحمەد، ناو و ناوبانگی تا هیندستان ڕۆیشتووە، پێشەوایەکی کاریگەر و خزمەتکارێکی زۆر باشی مرۆڤایەتی و هەژاران بوو، لە ناو خەڵکیدا هێندە خۆشەویست بوو کە لە یادمە لە ڕۆژی مردنی لە شاری سلێمانی هەموان لە شیندا بوون(٧).

لە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسیدا شارەزا بووە و جگە لە وانە وتنەوە، بەزمانی فارسی و عەرەبی پەیام و پەرتووکی لە بوارەکانی ڕاڤە و لێکدانەوەی قورئانی پڕ بەخشش (تەفسیر)، فەرموودە و فیقهی ئیسلامیدا نووسیوە(٢) و لەم سێ بوارەدا بەهرەیەکی زۆری هەبووە(٧).

پیاوچاکییەکەی وەها بوو کە دڵەکانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا، هەمیشە هاوەڵی هەژاران بووە، لەبەر بڵاوبوونەوەی ناو و نازناوی کاک ئەحمەد بە جیهاندا، سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی داوای بینینی دەکات، بەڵام کاک ئەحمەد بۆی ناگونجێت بچێتە لای بۆ ئیستەنبوڵ و کەسێکی تر لە جیاتی خۆی دەنێرێت بەناوی (سەید محەممەدی موفتی)(٨).

**گەورەترین چاکسازی کاک ئەحمەدی شێخ ڕێگریکردنی بوو لە لەڕێ دەرچوونی ڕێ و ڕچەی قادری کە سەرەتا لە شاری هەولێرەوە دەستی پێ کردووە**

## ٦،٢ مردنی کاک ئەحمەدی شێخ

لەتەمەنی ٩٨ ساڵیدا، لە ساڵی ١٣٠٥ك/ ١٨٨٧-١٨٨٨ز لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە مزگەوتی گەورە بەخاك سپێردراوە(٧). ڕۆژی مردنی کاک ئەحمەدی شێخ وەکو ڕۆژێکی پڕ لە ئازار

و بەڵا و ناڕەحەتی دادەنرا، کە هەموو خەڵکی سلێمانی گرتبووەوە(٨).

٣.هەوڵە چاکسازییەکانی کاک ئەحمەدی شێخ

### ١،٣ هەوڵەچاکسازییەکان لە ڕەفتاری شوێنکەوتوانی ڕێ و ڕچەی قادریدا

ڕێ و ڕچەی قادری وەك یەکێك لە ڕێبازە ناسراو و باوەکانی سۆفیگەری، دەدرێتەپاڵ (شێخ عەبدولقادری کوڕی ئەبی ساڵحی گەیلانی) کە ساڵی ٤٧٠ك، یان ٤٧١ك لە دایك بووە، کە لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە هاتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێ بوو، لای دەیان زانا خوێندی و مۆڵەتی وەرگرت، پاشان ڕێنمایی خەڵکی کرد و وانەی وتەوە و هەزاران کەسی پێگەیاند، ڕێ و ڕچەکەی هەر بە زوویی لەناو کورددا بڵابووەوە، بەڵام لە سەردەمی شێخ ئیسماعیلی ولیانی بەرزنجیدا، زۆرترین شوێنکەوتەی قادری هەبوون لە باشووری کوردستان(١٧).
کاك ئەحمەدی شێخی بەرزنجیش وەك چۆن مۆڵەتی مەلایەتی لە باوکی وەردەگرێت و دەبێتە مەلاباش، بەهەمان شێوە مۆڵەتی پێشەوایەتی و ڕێنوێنی ڕێ و ڕچەی قادریش لە باوکی وەردەگرێت و دەبێتە پێشەوا و یەکێك لە جەمسەرە گەورە و باڵاکانی سۆفیایەتی(٣).
کاك ئەحمەدی شێخ لە شوێنکەوتوانی ڕێ و ڕچەی قادریدا زۆرتر گرنگی داوە بە چۆنایەتی، نەك چەندایەتی، تا کەسێکی بەتەواوی بەدڵ نەبوایە نەیدەکردە موریدی خۆی، لە بیری ئەوەدا نەبوو کە زۆرترین شوێنکەوتووی هەبێت، ئەمەش وایکردبوو کە شوێنکەوتووەکانی لە باری خوداپەرستی و لەخوداترسیدا لە هەموو شوێنێك زمانپاراو و دەمڕاستی خەڵك بوون. هەمیشە کاك ئەحمەد لە زمان لوس و زیادەڕۆییکەران لە بەرزکردنەوەی پلە و پایەیدا زۆر بێزار و نیگەران بووە، هەمیشە لە دژی ئەم ڕەفتارانە کاری کردووە ئەگەر لە زیانی خۆشی بووبێت. بۆ وێنە کاتێك یەکێك لە دەروێشەکان جوتێك پێڵاو دەدزێ، کاك ئەحمەد داوای لێدەکات کە پێڵاوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام دەروێشەکە بەرپەرچی شێخ دەداتەوە و وەها دەردەخات کە پێڵاوی نەدزیوە، بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی فێڵ بەکار دەهێنێت، بەڵام کاك ئەحمەدی شێخ لەگەڵ ئەوەی گومانی لە دزییەکەی نەبوو، سوێندی نەدا، دەروێشەکەش بۆ پەردەپۆشکردنی کارەکەی بێباکانە بە خوا و پێغەمبەر سوێندی دەخوارد، کە ئەو دزی نەکردووە، کاك ئەحمەد بە هێماکردن بۆ سەری خۆی دەروێشەکە ناچار دەکات کە سوێند بەسەری بخوات، دەروێشەکەش دەڵێ: سوێندێکی بەم شێوەیە بە ڕەوا نابینم، کاك ئەحمەدیش دەڵێ: مەگەر بە بیروباوەڕی تۆ سەری من لە هەموو پیرۆزییەکان پیرۆزترە، کە سوێندیان پێدەخۆیت؟ وەرە پێشەوە و تفێ بکە

لە سەرم، هەرچەندە دەروێشەکە هەوڵدەدات کە کاك ئەحمەد لە داواکەی پەشیمان بکاتەوە، سەرکەوتوو نابێ، ناچار داواکەی بەجێدێنێ و دوای ئەوەش پێڵاوەکان دەگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی(٨).
گەورەترین چاکسازی کاك ئەحمەدی شێخ ڕێگریکردنی بوو لە لەڕێ دەرچوونی ڕێ و ڕچەی قادری کە سەرەتا لە شاری هەولێرەوە دەستی پێ کردووە، هەندێک لە شێخ و پێشەوایانی قادری فەرمانیان کردووە بە خواردنی ئاگر و بەرد و تیغیان لە خۆیان داوە و هەندێک کاریان بەرەو پێداوە کە لەگەڵ بنەماکانی قادریدا نەیەتەوە، هەربۆیە کاك ئەحمەد نامەیەك دەنێرێت بۆ حاجی شێخ عومەر ئەفەندی کوڕی مەلا ئەبوبەکرە، ناسراوە بە مەلا گچکەی هەولێر، موفتی شار و مەرجەعی فەتوا بووە، پێویستی دەکات کە ڕێگری بکات لەو خراپانە، جا بەهۆی نەهیکردنەوە بێ بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی، یان لە ڕێی قەدەغەکردنەوە تەنانەت ئەگەر بەزۆریش بێت(١٥)، ئەمەش لە ڕوودا وەستانی ئەو ناجۆری و نادروستیانە بوو کە دەیویست قادری لە قورئان و سوننەت دوور بخاتەوە و کاك ئەحمەدیش وەك زانایەکی ئەهلی سوننە بەمە نیگەران بوو، تا ڕادەیەکیش توانی سەرکەوتوو بێت، بەڵام بە ٥٠ ساڵێك دوای مردنی کاك ئەحمەد، ڕێ و ڕچەی قادری تێکەڵکرایەوە بە کردەوەی پێچەوانەی ئیسلام.

هیچ کاتێك کاك ئەحمەد نەیویستووە بە مەلاباش ناو ببرێت، وەك چۆن شێخێکی سادە و ساکاری خاکەڕای قادریش بووە، هیچ کات هەوای خۆبینی و خۆبەگەورەزانینی نەبووە، دژی هەموو کارێکی پێچەوانەی قورئان و سوننەت بووە و لەبەرامبەر ئەو کارانەی پێچەوانی ئیسلامە بێدەنگ نەبووە، بۆ نموونە جارێك دوو کەس دێنە لای بۆ ئەوەی وەك نێوەندگیرێك ڕێکیانبخات، یەکێکیان دەستی خۆی پێشدەخات و سوێند دەخوات، ئیدی دەڕۆن، بەڵام بەدەم بۆڵە و وردە گفتوگۆوە دەڕۆن، کاتێک دەگەنە قاپییەکە، خاوەن ماف بەدەنگی بەرز بە سوێند خۆر دەڵێت: دە بڵێ بەسەری کاك ئەحمەد، ئەو هەقەم لا نییە، کابراش دەڵێت: ناڵێم. کاك ئەحمەدیش گوێی لێ دەبێت و ڕوویان تێدەکات و دەفەرموێ: سوێندی درۆ بە قورئان دەخۆیت، کەچی بەسەری من سوێندەکە ناخۆیت، سەری من لە قورئان گەورەترە لە لات؟ سا بەخوا دەبێت بگەڕێیتەوە و سێ تف لە سەری من بکەیت. سەری ڕووت دەکات و زۆر لە کابرا دەکات تا سێ تف لە سەری دەکات، جا دەفەرموێ: دەبڕۆ کەرە گەورە جا مافەکەشی بدەرەوە(١٢).
لەگەڵ ئەوەی کاك ئەحمەدی شێخی بەرزنجی هەمیشە لەگەڵ دەروێشەکانی قادریدا لە گفتوگۆدا بووە، هەوڵی داوە هەڵسوکەوتیان لێبوردەیی و ڕێز و خاکەڕایی پێوە دیار بێت و شت نەگرنە

دڵ، بەڵام ئەو ناکۆکییە لە مێژینەیەی لە نێوان شوێنکەوتوانی قادری و نەقشبەندیدا هەبووە، بووە هۆکارێك کە ڕێگەچارە و چاکسازییەکی دیکەش پەیڕەو بکات، دەستپێشخەر بێت لە هەوڵێکی چاکسازیدا، ئەویش وەرگرتنی ڕێ و ڕچەی نەقشبەندیش بوو لەگەڵ ئەوەی خۆی شێخێکی قادری بوو، بەهەمان شێوە شێخی نەقشبەندیش ڕێ و ڕچەی قادری لە کاك ئەحمەد وەردەگرت، بەجۆرێك کە شێخ عومەری بیارە لە ئیمزای خۆیدا دەینووسی (القادری النقشبندی)، کاك ئەحمەدیش دەینووسی (الداعی الحزین احمد النودهی النقشی و القادری)، وەك دەبینین شێخ عومەری بیارە کە پێشەوای نەقشبەندییەکانە، وشەی قادری پێش دەخات و کاك ئەحمەدیش کە پێشەوای قادرییەکانە وشەی نەقشی پێشدەخات، ئەمەش بوو بە هۆکاری تێکەڵبوون و دروستبوونی خۆشەویستی زۆر لە نێوان شوێنکەوتوانی هەردوو ڕێ و ڕچەکەدا(١٨).

### ٢،٣ هەوڵە چاکسازییەکان لە گرنگیدان بە حوجرە و شوێن قورئان و سوننەت کەوتن

کاك ئەحمەدی شێخی بەرزنجی هەر لەتەمەنی ١٠ ساڵییەوە پابەندی قورئان و سوننەت بووە و هەموو سوننەتەکانی جێبەجێ کردووە(١٢)، چونکە شێخێکی پێگەیشتووی ناو حوجرە بووە و مەلاباش بووە. شیوا لەم بارەیەوە دەنووسێت: (کاك ئەحمەدی شێخ لە عاریفانی پایەبەرز و ئەولیای بەناوبانگە، کە لە بەڕێوەبردنی داب و دەستووری پێغەمبەری مەزندا (علیه السلام) هێندە تێکۆشەر و پێداگر بووە، تەنانەت تاقە سوننەتێکیشی لەبیر نەکردووە، ڕۆژان بەڕۆژوو، شەوان شەونوێژ خوێن)(١٣).

**کاك ئەحمەدی شێخ لەو کاتەوەی بووە جێنشینی باوکی، بەرنامەکەی باوکی پەرەپێدا و وتنەوەی وانەکانی کرد بە زمانی کوردی و خۆشی بە زمانی کوردیی تێکەڵ لە کوردی ناوەڕاست و گۆران، شیعری نووسی و هانی فەقێکانیشی دا بۆ ئەوەی گرنگی بە زمانی کوردی بدەن**

بیرۆکەی چاکسازی لە زمانی وانەوتنەوەی حوجرە و مەدرەسە ئایینییەکان لای کاك ئەحمەدی شێخ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و خوێندنی (ئەحمەدی) لای شێخ مارفی باوکی، چونکە شێخ مارف هەوڵیدا لەگەڵ فێربوونی زمانی عەرەبی، زمانی کوردیش لەبیر نەکرێت، هەربۆیە کاك ئەحمەدی شێخ لەو کاتەوەی بووە جێنشینی باوکی، بەرنامەکەی باوکی پەرەپێدا و وتنەوەی وانەکانی کرد بە زمانی کوردی و خۆشی بە زمانی کوردیی تێکەڵ لە کوردی ناوەڕاست و گۆران، شیعری

نووسی و هانی فەقێکانیشی دا بۆ ئەوەی گرنگی بە زمانی کوردی بدەن، ئەمەش گرنگترین چاکسازی کاك ئەحمەد بوو لە شێوازی وانەوتنەوەی حوجرە و مەدرەسەکاندا، هەربۆیە خەڵکانێك دەستخۆشییان لێکرد و پاڵپشتی بوون، خەڵکانێکیش لە دژی وەستانەوە و زمانی کوردییان بە شایستەی وتنەوەی زانستە شەرعییەکان و نووسین پێی نەزانی، یەکێك لەو کەسانەی دژی وانەوتنەوە بوون بە زمانی کوردی، کە پێدەچێت لە کۆییان بێت، ئەم شیعرە بۆ کاك ئەحمەد دەنێرێ:

کەس نەماوە بە غەیری کاك ئەحمەد
شێخی مەعرووف و عالمی ئەرشەد.
چاکە ئێستا دەکات لە بۆ کوردان
تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان.
واقیعەن خزمەتی لەبۆ خوایە
چ دەبوو ئەگەر بە کوردی نەبایە ؟

کاك ئەحمەد وەڵامی ئەم شیعر و کەسە ناداتەوە و وازی لێدێنێ، بەڵام گەورە شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

هەر کە وای وت وەها موکەدەر بووم
وام زانی کەوا لە دین دەرچووم.
وتم ئێستاکەش لەسەر کەری ماوی
چاك بوو مستم نەدا لە نێو چاوی.

کاتێك حاجی مەلا ڕەسوڵی دیلێژە داوا دەکات کاك ئەحمەد مۆڵەتی بدات تا بچێتە جیهاد، کاك ئەحمەد بەرپەرچی دەداتەوە دەفەرموێت : (من بۆیە ڕازی نابم، چونکە من عیلمەکەی ئەوم بۆ سەد هەزار کەس دەوێت)(١٢). مەبەستی شێخ لەوەیە کە دەبێت زانایان بمێننەوە و خزمەتی موسڵمانان بکەن و فێریان بکەن، ئەمەش وەك جیهاد وایە.
یەکێك لە گرنگترین هەوڵە چاکسازییەکانی کاك ئەحمەدی شێخ، کردنەوەی بەشی تایبەت بوو بە نابینایان لە مزگەوتی گەورە، بۆ ئەوەی قورئان و زانستی ڕاست خوێندنەوەی قورئانی تێدابخوێنن و قورئانیش لەبەربکەن، بەمەش نابیناکان نابنە ئەرك بەسەر کەسەوە و خۆیان خۆیان دەژێنن، خۆشی بووە مودەڕیسیان و وانەی پێوتن، پاشان مامۆستایەکی بۆ دابینکردن بەناوی شێخ محەممەدی حیجازی، کە هەموو قورئانیان تەواو دەکرد بە (حافز قورئان) دەناسران، ئیدی کاك ئەحمەد دایدەمەزراندن لە ناوشاری سلێمانی و لەدەرەوەی شاریش، ئەمە جگە لەوەی دەبوونە قورئان خوێنی بۆنەکان(١٩)،(١٨).

### ٣،٣ چاکسازیی کۆمەڵایەتی

کاك ئەحمەدی شێخ لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە، بەتایبەتی لە ئاشتەوایی نێوان تاکەکاندا، یاخود بنەماڵە و هۆزەکاندا، بەجۆرێك هەمیشە چاکەخوازی نێوان مرۆڤەکانی لە پێش هەموو شتێکەوە

داناوە، (شیوا) لەم بارەیەوە دەنووسێت: (باسی چاکەی کاك ئەحمەد زۆرە، لە سەرووی هەموویانەوە مرۆڤدۆستی و خۆتەرخانکردنی بۆ خزمەت بە خەڵکە، ئەگەر ناحەقی لێکراوێك هانای بۆ ببردایە تا ئەو ڕادەستی چووە، پشتی گرتووە و دادی سەندووە)(١٣).

**یەکێك لە گرنگترین هەوڵە چاکسازییەکانی کاك ئەحمەدی شێخ، کردنەوەی بەشی تایبەت بوو بە نابینایان لە مزگەوتی گەورە، بۆ ئەوەی قورئان و زانستی ڕاست خوێندنەوەی قورئانی تێدابخوێنن و قورئانیش لەبەربکەن**

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەنووسێت: (یەکێك لە کارەکانی کاك ئەحمەدی شێخ ئاشتکردنەوەی ناکۆکەکان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناو خەڵکی وڵات بوو، چ لە سەییدەکانی بەرزنجە و جگە لەوان، گرفتی کەسی و نێوان ژن و مێردیش)(١٩). دەگێڕنەوە لە کاتی مردنی تاقانە کوڕەکەی کە ناوی (شێخ محەممەدە بچکۆڵە)یە، پیاوێك دەچرپێنێت بە گوێیدا و دەڵێت: ژنەکەم تۆراوە و سوێندی خواردووە تا کاك ئەحمەد نەیەت تکام لێ بکات نایەمەوە، کاك ئەحمەدیش تێکچوونی ئەو خێزانە و سەر لێشێواندنی منداڵەکانیان لەبەرچاو دەگرێت، هەربۆیە تەرمی کوڕەکەی جێدەهێڵێت و دەڕوات تکا لە ژنەکە دەکات و ژنەکەش دەڕواتەوە، ئەوکات ئەحمەد دێتەوە بەلای تەرمی کوڕەکەیەوە(١٢). بەم ڕوداوەش کاك ئەحمەد پێمان دەڵێت، کە هەمیشە زیندووەکان لە پێش مردووەکانەوەن تا چاکەیان لەگەڵ بکەین، چونکە سوودێکی بۆیان هەیە، هەروەها چاکەکردن لەگەڵ چەند کەسێك لە پێشترە لە چاکەکردن لەگەڵ یەك کەس. گرنگی دان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کارە هەرە لە پێشینەکانی کاك ئەحمەدی شێخ بووە.
کاتێك مەلاکان و حوجرەی بێتووش تووشی گێچەڵ و کێشە دەبێتەوە، لە لایەن ئاغاکانی ئالانەوە کە دەیانەوێ باج و سەرانە لە مەلاکانی بێتووش وەربگرن و تەنگیان پێهەڵدەچنن، کاك ئەحمەدی شێخ بەرگریان لێدەکات و بۆ ئەو مەبەستەش نامەیەك ئاڕاستەی سەیفەدین خان دەکات و دەنووسێت: (مامۆستایانی بێتووش لە کۆنەوە خاوەنی زانست و خوداناسی و پیاوچاکی بوون، پەیوەندیشیان بە خانەوادەی کاك ئەحمەدەوە هەیە، چاودێری ئەهلی زانستیش کارێکی پێویستە. چونکە ئەوان کۆڵەکەی دینن. سوپاس بۆ خوا ئێوە خاوەن توانا و دەستەڵاتن و دەبێت ئەو ستەمەیان لەسەر هەڵبگرن کە ئاغاکانی ئالان دەیانەوێت باج و سەرانە لە مەلاکانی

بێتووش وەربگرن و تەنگیان پێهەڵچنیون، ئەگەر ئەوە نەکرێت، بە گوێرەی ئەوەی ئێوە بەرپرسن لە کار و باری خەڵکی، لای خودا بەرپرس دەبن، جا هاوار سەد هاوار، بەفریای خۆشتان و ئەوانیش بکەون و ئەم ستەمە گەورەیەیان لەسەر لابەرن، ئەمەش خێرێك و کارێکی گەورەیە و مایەی سوپاس و دوعای خێری منیشە(١٨).

**کاك ئەحمەدی شێخ لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە، بەتایبەتی لە ئاشتەو ایی نێوان تاکەکاندا، یاخود بنەماڵە و هۆزەکاندا**

## ٤. ئەنجام

١)کاك ئەحمەدی شێخ چاکسازێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بووە، کە بە هۆی لێهاتووی و لێبوردەییەوە سەرکەوتوو بووە بەسەر هەموو تەنگ و چەڵەمەکاندا.

٢)کاك ئەحمەد گۆڕانی بنەڕەتی کردووە لە خوێندنی حوجرەدا، وەك بەکارهێنان و برەودان بە زمانی کوردی بۆ وانە وتنەوە بە فەقێیان، لە خۆشییەوە دەستی پێ کردووە وەك مەلاباشێکی کورد، بە زمانی کوردی تەفسیری قورئانی کردووە و دەرسی وتووەتەوە.

٣)کردنەوەی حوجرە و بەشی تایبەت بە نابینایان تا قورئانی پڕبەخشش لەبەر بکەن و بەهۆیەوە بژێوی ژیان دابین بکەن و پێویستیان بە هاوکاری کەس نەبێت.

٤)لەگەڵ ئەوەی کاك ئەحمەد شێخێکی ناوداری ڕێ و ڕچەی قادری بووە، بەڵام بە نوێکەرەوەی قادری دادەنرێت، کە هەوڵی داوە لە ڕێگەی تەریقەت گۆڕینەوەوە لەگەڵ شێخانی نەقشبەندی چارەسەری ناکۆکی نێوان هەردوو تەریقەتەکە بکات.

٥)کاك ئەحمەد گرنگییەکی ئێجگار زۆری داوە بە زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تەواو ڕێزی لێناون و هاوکاریان بووە.

## ٥. سەرچاوەکان

١. ستار شدهان شياع. الاصلاحات السياسية و الاقتصادية في العراق بعد عام ٢٠٠٣ و افاقها المستقبلية. بغداد: جامعه نهرين، ٢٠١٥.
٢. عبدالقادر محمد البرزنجي. سادات البرزنجه. کەرکووك: چاپخانەی تەرەقی، ١٩٥٦ز.
٣. محەممەد سالح ئیبراهیمی شەپۆل. زانایانی کورد. تاران: چاپەمەنی سەقز محەممەدی، ١٣٧٩هـ.
٤. جەمال بابان، ئاسۆ بابان و ئومێد خالید. سلێمانی شارە گەشاوەکەم. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٢ز.
٥. محمد الخال. الشيخ معروف النودهي البرزنجي. بغداد: دار مطبعه التمدن، ١٩٦١ز.
٦. ئیحسان ڕەشاد موفتی. نامەکان. هەولێر: چاپخانەی شەهاب، ٢٠٢٣ز.
٧. محەممەد ئەمین زەکی بەگ. تاریخی سلێمانی وە وڵاتی. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، ٢٠٠٥ز.
٨. محەممەد ڕەئوف تەوەکەڵی و وەرگێڕانی یوسف زاهیر هەورامی. مێژووی تەسەوف لە کوردستان. هەولێر: دەزگای چاپ و

بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٥ز.
٩. عەللامە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدییان. خەزێنە. سنە : انتشارات کردستان، ١٣٩٦هـ.
١٠. عبدالکریم محمد المدرس. علماؤنا في خدمه العلم و الدین. بغداد : دار الحریه، ١٩٨٣ز.
١١. سیروان سەرگەڵوویی. ژیاننامەی پیاوچاکانی ساداتی بەرزنجە. کەرکووك : کارۆ، ٢٠١٤.
١٢. مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە. ساداتی بەرزنجە. سلێمانی : کۆمپانیای مەحوی، ٢٠١٥.
١٣. بابە شێخ مەردۆخی ڕۆحانی شیوا و وەرگێڕانی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی. مێژووی ناودارانی کورد. هەولێر : ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٠١ز.
١٤. مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی. مێژووی زانایانی کورد. هەولێر : کۆڕبەندی هزری ئیسلامی، ٢٠١٠ز.
١٥. هێمن مەلا کەریم بەرزنجی و عومەر مەلا کەریم بەرزنجی. دیوانی کاك ئەحمەدی شێخ. سلێمانی : خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا، ٢٠٢١ز.
١٦. وەرگێڕانی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس. مەکتووباتی کاك ئەحمەدی شێخ. هەولێر : دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨ز.
١٧. سەباح قەنبەریی کەلاشی. ڕێبازی قادری سەرهەڵدان و کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی. سلێمانی : ماڵی سوهرەوەردی و غەزەلنووس، ٢٠١٦ز.
١٨. ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد. گەورە بانگخوازی کورد کاك ئەحمەدی شێخ. سلێمانی : نووسەر، ٢٠٠٨ز.
١٩. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. بنەماڵەی زانیاران. تهران : انا، ١٣٨٩هـ.

(١)زانیارییە سەرەتایی و بنچینەییەکانی بواری فێربوونی پیتەکان، لێکدانی پیتەکان بۆ پێکهاتنی وشەکان و خوێندنەوەی وشەکان لەگەڵ ڕاهێنانەکان لە خۆدەگرێت. هەموو ئەمانە لە چەند لاپەڕەیەکدا کۆدەکرێتەوە. وەك دانراوێکی سەرەتایی بە منداڵان دەوترێت تا بە شێوەیەکی بنچینەیی و سەرەتایی فێری خوێندن ببێت.

(٢)فەقێکان فێری قورئان دەکران و لەبەریان دەکرد بە شێوەی حونجە، لە سوڕەتی فاتیحەوە دەستیان پێدەکرد پاشان دەچوونە سەر حوزئی عەمە، لانیکەم ئەم سوڕەت و جوزئەیان بە حونجە دەخوێند، زۆر جار جوزئی تەبارەك و قەد سەمی ئەڵلاشیان هەر بە حونجە دەخوێند. بۆ نموونە تەنها بسم الله وەردەگرین بۆ ئاشناکردنی ئەم نەوە نوێیە، بەم جۆرە دەخوێنرا:

بسم الله : بێ ژێر بی ، سین زەن س، بیس، میم ژێر می ، بیسمی، لا مەلفە لا، بیسمیلا، هێ ژێر هی بیسمیلاهی.

(٣)خستنە تەنیشت یەکتری پیتەکانی زمانی عەرەبی یە بۆ چۆنێتی خوێندنەوەی وشەکان.

(٤)بە لۆغەتنامەی ئەحمەدیش ناسراوە و لە نووسینی مامۆستا مەلا شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی-یە کە تایبەت بە حاجی مەلا کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی نووسیویەتی. بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی فرە بەکەڵکە، چونکە واتای وشەکانی زمانی عەرەبی تێدایە بە شێوەی شیعر کە ئاسانە و منداڵان بێ گرفت بۆیان لەبەر دەکرێت، لە ٣٦٥بەیت هۆنراوە پێکهاتووە، ئەمەش نموونەیەکە لە ئەحمەدی:

راس سەرە، عین چاوە
بەدەن قالیب، اسم ناوە.

(٥)ئەو کەسەی یەکەم جار دەچێتە حوجرە پێی دەڵێن (قوتابی)، ئەمە یەکەم قۆناغی خوێندنی حوجرەیە، پاشان قۆناغی دووەمی حوجرە دێت کە پێی دەڵێن (سوختە)، قۆناغی سێهەمی فەقێیەتیش پێی دەڵێن (موستەعید) و ئیدی لێرەوە ئامادە دەبێت بۆ مەلایەتی، پاشان دوا مادەکان دەخوێنێت و دەبێتە مەلا.

(٦)زیاتر ئەو پەرتووکانە دەخوێنرا کە تایبەتە بە بیر و باوەڕی ئەشعەرییەکان، جا بە شێوەی شیعر بێت، یان پەخشان. هەموو ئەوانەی

لەگەڵ ئایینزای شافیعیشدا یەکدەگرێتەوە. چونکە زۆرینەی مەلاکانی ناوچەکە بە مەزهەب شافیعی بوون و بە بیر و باوەڕیش ئەشعەری.
(٧)گوڵستان و بوستان لە دانراوەکانی بەناوبانگترین نووسەر و شاعیری ئێرانی (سەعدی شیرازی)یە، کە بە مامۆستا و پاشای قسە و شێخی ئەجەل و ئوستاد ناوی هاتووە و ناسراوە، ناوی تەواوی ئەبوو محەممەد موشریفەدین موسڵیح کوڕی عەبدوڵلا کوڕی موشریفە، ساڵی لەدایکبوونی ڕوون نییە، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە لە نێوان ساڵانی ٦٠٠ بۆ ٦١٥ك لە شیراز لە دایك بووە، ئەگەرچی هەندێك پێیان وایە لە ساڵی ٥٨٥ك لە دایك بووە، سەعدی لە گەنجیدا دەچێتە بەغدا و لە قوتابخانەی نیزامییە و لەوێ تەفسیر و فیقهـ و ئەدەب دەخوێنێت و پێی ئاشنا دەبێت. دوای ئەوە دەچێتە حەبەشە و حیجاز و شام و مەغریب، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شیراز. لە ساڵی ٦٥٥ك بوستان دەنووسێت کە بە سەعدی نامەش ناودەبرێت، ساڵی دواتریش واتە ٦٥٦ك گوڵستان دەنووسێت. بوستان یەکەم بەرهەمی سەعدی-یە کە شیعرەکانی لەسەر بنەمای ڕەوشت و پەروەردە و سیاسەت و کۆمەڵگەیە و قاڵبی شیعرەکەش مەسنەوی-یە. بەڵام لە گوڵستاندا جەختی لە باسی ژیانی خەڵکی کردووەتەوە، دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خەڵکی بە جوانترین شێوە باس کردووە، بەڵام لە ڕووی زمانەوە بە زمانێکی سادە و گشتی نوسراوە و وشەی ئاڵۆز و ناڕوونی تێدا بەکارنەهاتووە.
(٨)مەلا محەممەدی عەلیاوەی ڕای وایە (سوختە، سۆتاو، لەناو کار و عەزیەت) دایە، بەڵام مامۆستا محەممەدی مەلا کەریمی مودەڕیس پێی وایە (فەقێ سوختەی پلە سەرەتاییە). هەندێ کەسیش دەیگێڕنەوە بۆ چیرۆکێك کە بەم جۆرەیە: (لە بنەڕەتدا سوختە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فارسی و لە پدر سوختە واتە باوك سوتاوەوە هاتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆری سەفەوی لە ئێران، کە شیعەبوون و هەوڵیان دەدا سونییەکان بکەنە شیعە و بیانخەنە سەر مەزهەبی خۆیان، هەر سونییەکەیش ئەمەی قبووڵ نەبوایە دەیانسوتاندن و بەمە لەناویان دەبردن، منداڵی هەموو ئەم کوژراوانە سەرگەردان دەبوون، بە دوو هۆکار دەنێردرانە حوجرە: یەك: بۆ دابینکردنی ژیانیان، دوو: بۆ ئەوەی هەر لە منداڵییەوە بە مەزهەبی شیعە گۆش بکرێن. بەم منداڵانە دەوترا باوك سوتاو، لە کوردەواریشدا وشەی باوکی لێلابرا و تەنیا سوتاو مایەوە).
(٩)دانراوی عەلی کوڕی محەممەد کوڕی عەلی جورجانی-یە، بە شەریفی جورجانی ناسراوە، فەیلەسوف بووە و لە گەورەزانایانی عەرەبی بووە، لە ساڵی ٧٤٠ك لە تاکو لە نزیك ئەستەرئاباد لەدایك بووە و لە شیراز خوێندویەتی. دوای خۆی چەندین دانراوی بۆ بەجێهێشتووین وەك (عەوامل، ڕاڤەی پوختەی هەیئە، ڕاڤەی تەزکیرەی تووسی لە هەیئەدا، پەیامی هونەری ئوسوڵی فەرموودە، پەیامی دابەشکردنی زانستەکان، مەراتبی مەوجودات، پەراوێزنووسی لەسەر موتەوەڵی تەفتازانی، گەورە و بچووك لە مەنتقدا، ڕاڤەی سیراجییە لە فەرائیزدا، تەحقیقی کولیات، مەقالیدی علوم، ڕاڤەی پەرتووکی جەغمینی لە هەیئەدا، ڕاڤەی مەواقیفی ئیجی، تەعریفات) لە ساڵی ٨١٦ك کۆچی دوایی کردووە.
لە ساڵانی دوای ڕاپەڕیندا، پەرتووکی عەوامیلی جورجانی لە لایەن مامۆستا مەلا عومەر شێخ نورەدین موفتی-یەوە کراوەتە کوردی و شیکراوەتەوە و بەناوی تەرجەمە و ئیعرابی عەوامیلی جورجانی چاپکراوە، چاپی دووەمی لەبەردەستی ئێمەدایە کە هی ساڵی ٢٠٠٠ز یە و چاپی چوارەمی لە ساڵی ٢٠١٣.
هەروەها مامۆستا عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایش کردوویەتی بە کوردی و ڕاڤەی کردووە بە ناوی (شەرحی عەوامیلی جورجانی) کە چاپی یەکەمی کە هی ساڵی ٢٠٠٧ و چاپی

دەزگای نارینە لەبەردەستی ئێمەدایە.
(١٠)دانراوی محەممەد کوڕی پیر عەلی کوڕی ئەسکەندەری بەرکەوی-یە، لە ساڵی ٩٢٩ك لە تورکیا لە دایك بووە، نوسەرێکی گەورە و بەنامێیە و دوای خۆی زیاتر لە ٣٠ دانراوی بۆ بەجێهێشتووین، لەوانە: ((سەحاحی عەجەمییە، ڕاڤە و پەراوێزنووسی لەسەر هیدایە، ڕاڤەی کورتی کافی لە نەحوودا، ڕاڤەی نموونەی بینا لە سەرفدا، سەیف سارم، سەردانی کردنی گۆڕستان بە شێوەی شەرعی و شیرکی، ڕەوزات جەنات، پەیامی حاڵی منداڵی مسوڵمانان، ئادابی بەحس، پەراوێز نووسی لەسەر شەرحی ویقایەی سەدری شەریعە، ئیرشادی ملووك، ئەربەعین حەدیس، ئەحسەن قیسەس، پەیامێ لە ئسوڵی حەدیس، راحەت ساڵحین، جەلاْ قلوب، فەرائیز، ڕاڤەی پوختەی کافی لە نەحوو دا، کیفەت موبتەدْ لە سەرف دا، عەوامیل لە نەحوودا، تەریقەتی محەممەدیەت، دامغەت موبتەدعین فی ڕەد عەلا مولحدین، دەرەت یەتیمەت فی تەجوید، ئیمعان ئەنزار کە ڕاڤەی مەقسودە لە سەرف دا، ئیمتحان ئەزکیا ڕاڤەی لەبی لەبابی بەیزاوی لە ئیعرابدا لە نەحوو دا، ئیزهار ئەسرار لە نەحوو دا، هەروەها ....))، دوای هەموو خزمەتە دیار و بەرچاوە و لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا، لە ساڵی ٩٨١ك کۆچی دوایی دەکات.
عەوامیلی بەرکەوی لەلایەن هەریەك لە بەرێزان مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی و مامۆستا مەلا عومەر شێخ نورەدین موفتی-یەوە بەزمانی کوردی ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە، ئێمە ڕاڤەکەی مامۆستا عەبدوڵڵامان لەبەردەستدایە کە چاپی یەکەمە و ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.
(١١)ئەم دانراوە مەتنی عزی-یە کە لە نووسینی عێزەدین ئیبراهیم کوڕی عەبدولوەهابی زنجانی-یە، کە دوای ٦٥٥ك مردووە، یەکێکە لە دانراوە باوەکانی بواری وشەسازیی ((تەسریف)) زمانی عەرەبی و چەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە. یەکێك لەو ڕاڤە و لێکدانەوانە دەدرێتەپاڵ کەسایەتییەکی دیاری وڵاتی کوردەواری کە ئەویش (پیر خدری شاهۆیی)یە، کە تا ئێستا چەندین جار چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
(١٢)دانراوی زانای بەنامێی کورد مامۆستا مەلا عەلی کوڕی شێخ حامیدە لە ئاوای شێخان نزیکی شنۆ لە دایك بوو، هەربۆیە بە مەلا عەلی شنۆیی ناسراوە، لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە سەر شێخ شەهابەدین ئەمیری شارەزووری کە سەرەتای سەدەی حەوت ژیاوە، ئەم تەسریفە هەریەك لە زانایان مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی و مامۆستا مەلا عومەر کوڕی شێخ محەممەد ئەمین ناودار بە ئیبن قەرەداخی، پەراوێزیان بۆ نووسیوە. لەم ساڵانەی دواییدا چەندین جار چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە لایەن داروئیحیا توراسی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆیەکەم جار چاپ کراوە و دەزگای تریش چاپی کردووە و چەندین چاپ لەبەردەستدایە. جگە لەم دانراوەی چەند بەرهەمێکی تری هەیە، وەك تەلاقولئەکراد، تەرکیبی شێخانی، تەفزیلی جورجانی.
ئەم دانراوە وەرگێڕ دراوە بۆسەر زمانی کوردیی بەناوی (تەسریفی مەلا عەلی بە زمانی کوردی) لە لایەن مامۆستا مەلا فەتحوڵڵا مەلا ڕەسوڵ خەلیفانی و لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن نووسینگەی تەفسیر لە شاری هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها شەرحی تەسریفی مەلا عەلی لە لایەن مامۆستا مەلا محەممەد مەلا مەعروف وەرتێ-وە کراوەتە کوردیی، لە دوو توێی ١٤٨ لاپەڕەدا وە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی لە شاری هەولێر، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ماوەی زۆرتر لە ٢٠٠ ساڵە لە حوجرەکانی کوردستاندا دەخوێنرێت.
(١٣)ئەم دانراوە لە نووسینی ئەبولقاسم مەحموود کوڕی عومەر کوڕی محەممەد کوڕی عومەری خوارزمی زەمەخشەری-یە، بە جاروڵڵا و شەمس مەشریق ناوی دەرکردووە و ناسراوە. لە ساڵی ٤٦٧ك لە زەمەخشەر لە دایك بووە. زەمەخشەری دوای خۆی ژمارەیەکی زۆر

دانراوی بۆ بەجێهێشتووین بۆ نموونە (کەشاق لە تەفسیردا، فائیق لە عەرەبی حەدیسدا، نەسائیح کوبار، مەقامات لە مەواعیزدا، رائیز لە فەرائیزدا، موعجەمولحدود، مینهاج فی ئسوڵ، کتاب عەقل کول، روح مەسائیل، ......) زەمەخشەری دوای خزمەتێکی زۆر لە ساڵی ٥٣٨ك کۆچی دوایی کردووە، ئەم دانراوە لە لایەن جەمالەدین محەممەد کوڕی عەبدوغەنی ئەردەبیلی-یەوە ڕاڤەکراوە، ئەردەبیلی جگە لەم بەرهەمە چەند بەرهەمێکی تری بۆ جێهێشتووین وەکو پەراوێزنووسی لەسەر ئەنوار تەنزیلی بەیزاوی لە تەفسیردا، ئەنوار لە فیقهی شافیعی دا، ریسالەی عیلمییە، ....).

(١٤)دانراوی ئیمامی شەربینی-یە بەناوی (مغنی المحتاج الی معرفه معانی الفاظ المنهاج) ئەم دانراوە لە فیقهی ئیمامی شافیعی-دایە، ڕاڤە و لێکدانەوەی مینهاج تاڵبینی ئیمامی نەوەوییە. لە گرنگترین و ناسراوترین پەرتووکەکانی ئایینزای شافیعی-یە.

(١٥)ئەم دانراوە بەناوی فەوائیدی سەمەدییە-یە و لە زانستی ڕێزمانی عەرەبی-دایە، لە نووسینی شێخ بەهائەدین ئەبوو فەزائیل محەممەد کوڕی حسێن کوڕی عەبدوسەمەد کوڕی محەممەد کوڕی عەلی کوڕی حسێن کوڕی محەممەد کوڕی ساڵحی هەمەدانی-یە، لە ساڵی ٩٥٣ك لە بەعلەبەگ لە لوبنان لە دایك بووە، لە ساڵی ١٠٣٠ك لە ئەسفەهان کۆچی دوایی کردووە. لە دوای خۆی دەیان دانراوی بۆ بەجێهێشتووین لە بوارەکانی ڕاڤەی قورئان، فەرموودە، ناوداران، نزا و پاڕانەوە و خواپەرستی، فیقهی ئیسلامی، ئسوڵ، ڕێزمانی عەرەبی، حساب، هەیئە، حیکمە و فەلسەفە، مێژوو و وێژە، ڕەوانبێژیی، زانستەکانی ڕۆژئاواییەکان)، وەکو (فەوائیدی سەمەدییە، ڕیسالەی کافیەت، لوغزی نەحو، تەهزیبو بەیان یان تەهزیب فی عیلم نەحوو، فەوائید فی ڕیجال، وەجیز فی عیلم دیرایەت، تەفسیری مەوسووم بیعەین حەیات، پەراوێز نووسی کەشاف، پەراوێزنووسی لەسەر تەفسیری قازی بەیزاوی، ...).

(١٦)دانراوی محەممەد کوڕی پیر عەلی کوڕی ئەسکەندەری بەرکەوی-یە. تایبەتە بە بواری زانستی ڕێزمانی عەرەبی، ئەم دانراوە لە لایەن مامۆستا مەلا عومەر شێخ نورەدین موفتی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ٢٠٠١ز چاپی یەکەمی کەوتووەتە بەردیدەی خوێنەران لە دوو توێی ١١٧ لاپەڕەدا.

(١٧)ئەم تەفسیرە ناوی مدارك التنزيل و حقائق التاويل ـە و لە نووسینی عەبدوڵلا کوڕی ئەحمەد کوڕی مەحموودی نەسەفییە، ڕاڤەیەکی کورت و پوختی قورئانی پیرۆزە.

(١٨)ئەم ڕاڤە و لێکدانەوەی قورئانە لە بنەڕەتدا ناوی انوار التنزيل و اسرار التاويل کە لە نووسینی ئیمام عەبدوڵلا کوڕی عومەر کوڕی محەممەد کوڕی عەلی شیرازییە، بە ناسرەدینی بەیزاوی بەناوبانگە، زانایەکی ئایینزای شافیعی بووە، لە بیر و باوەڕدا ئەشعەری بووە، قازی و ڕاڤەکار و زمانزان و ئسولی و موتەکەلیم بووە.

(١٩)پەرتووکی منهاج الطالبين و همدة المتقين دانراوی ئیمام محیەدین ئەبی زەکەریا یەحیا کوڕی شەریفی نەوەوییە، کە ساڵانی ٦٣١ك تا ٦٧٦ك ژیاوە، ئەم بەرهەمە و چەندین دانراوی تری ناوازە و پڕ زانستی پێشکەش کردووین. ئەم بەرهەمە لە فیقهی شافیعیدایە.

(٢٠)کتێبی ریاض الصالحين من كلام سيد المرسلين لە دانراوەکانی ئیمامی نەوەوییە و تایبەتە بە بواری فەرموودە.


(٢١)ئەم دانراوە لە بواری ئسوڵی فیقهدایە، دانەرەکەی ناوی تاجەدین سوبکییە کە ساڵانی (٧٢٧ تا ٧٧١ك) ژیاوە، یەکێکە لە پەرتووکە ناسراوەکانی بواری ئسوڵی فیقه، لە ناوچە سوننی مەزهەبەکاندا دەخوێندرا.

ڕانانی کتێب

ئاپینناسی

# مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا

ڕانانی: ئلیاس تاهیر




ئەم پەرتووکە لە نووسینی مامۆستا حەمەکریم هەورامی-یە بەرگی یەکەم و چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەولێر چاپکراوە، خاوەنی ئەم پەرتووکە نووسەرێکی دیاری کوردستانە. ئەم پەرتووکە دابەشکراوە بۆ سێ دەروازەی سەرەکی کە هەرسێکیان تەرخانکراون بۆ شیکردنەوەی بابەتی نووسین و خوێندن، سەرەتای دەستپێکردن و سەرهەڵدان و چۆنێتی بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاری لەلای هەموو ئایین و نەتەوە و ئایدیا جیاوازەکانی ئەم جیهانە لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئێستا.
لە دەروازەی یەکەمدا نووسەر لە ژێر ناونیشانی نووسین .. خوێندنەوە .. قوتابخانە.. زۆر بەوردی و گشتگیری باسی بیروڕا و تێڕوانینە جیاوازەکانی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم چەمکانەی کردووە، بەتایبەت دامەزراندنی قوتابخانە وەك مەڵبەندێك بۆ نووسین و خوێندن کە لە دۆڵی دوو ڕووبار قوتابخانە سۆمەری، ئەکەدی و بابلییەکانی وەك نموونە هێناوەتەوە، پاشان بەهەمان شێوە بوونی قوتابخانە لەلای ئاشووری و ساسانی و زەردەشتییەکانیش شی دەکاتەوە. هەروەها لەم دەروازەیەدا گرنگی تەواو

دراوە بە قوتابخانە و فێربوون لەلای ئەو نەتەوانەی کە دەڕواننە ئایین وەك بنەمای یاسای ژیان، مەسیحیەت و کۆنفۆشیوس و هیندییەکان، کە پێداگری کردووە لەسەر گرنگیدانی ئەم سێ ئایینە بۆ بەهێزبوونی بواری پەروەردە بە نووسین و خوێندن و قوتابخانە، بە هۆی بیر و باوەڕی ئایینی و هەبوونی کتێبی پیرۆز.
لە کۆتایی ئەم دەروازەیەشدا نووسەر گرنگی داوە بە یۆنان و مامۆستایانی ئەوکات وەك ئەرستۆ و ئەفلاتونی وەك نموونەی مامۆستای پەروەردەکار وەرگرتووە و ڕۆڵیانی لە دامەزراندنی قوتابخانە و دروستکردنی شێوازی پەروەردە و وانەوتنەوە باس کردووە. لە دەروازەی سێهەمیشدا نووسەر دووبارە کە دیارە بەهۆی گرنگی ئەم بابەتە گەڕاوەتەوە لای ئەرستۆ و بە شێوەیەکی ورد باسی شێوازی بیرو فەلسەفەی ئەم زانایەی کردووە، لە شێوازی پەروەردە و گرنگیدان بە لۆژیك و ئیسانۆجی و پەروەردەی فێرخوازان لەو قوتابخانەیە.
لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە نووسەر هەرچەندە بە قووڵی چووەتە ناو مێژووی خوێندن و نووسین لە ڕابردوودا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نووسەر نەیتوانیوە هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ئەم شارستانیەتانە و ڕێباز و فەلسەفەی خوێندن لە کوردستان بدۆزێتەوە لە کاریگەری ڕاستەوخۆ، یاخود ناراستەوخۆ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووری و جیاوازی ئایینی ئیسلام و بیر و فەلسەفەی شارستانیەتەکانی تری وەك مەسیحیەت و یۆنان و ڕۆمان...هتد، بە تایبەت کە حوجرەکانی کوردستان بە ڕوونی مۆرکێکی نەتەوەیی و خۆماڵی پەیڕەو کردووە، کە لە شێوازی مانەوە و وانەوتنەوە و مامۆستاکان و ....هتد زۆر جیاوازە لە هەموو ئەوانەی پێشتر باسکران.
هەرچی دەروازەی دووەمی ئەم پەرتووکەیە تایبەت کراوە بەباسی پەروەردە و خوێندن لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و شێوازەکانی پەروەردە و پێگەیاندن. سەرەتا بە سەردەمی ئومەوییەکان دەست پێ دەکات، کە جگە لە هەندێك خاڵبەندی بۆ قورئانی پیرۆز و وەرگێڕانی کتێب لە زمانەکانی یۆنانی و ڕۆمانی بۆ زمانی عەرەبی و هەوڵێکی لاوازی ڕاڤەی قورئان لای ئومەوییەکان هیچی تر بەدی ناکرێت، وەك نووسەر ئاماژەی بۆ دەکات وا دەردەکەوێت ئومەوییەکان هیچ ویست و سۆزێکیان بۆ پەروەردەی منداڵ و فێربوونی زانست نەبووبێت، تەنیا ئەوە نەبێت لە کۆتایی دەسەڵاتیاندا دەنگێکی کەم دەبیسترا بۆ بەهێزکردنی پەروەردە و برەودان بە زانست، کە مایەوە بۆ سەردەمی دواتر لە لای عەباسییەکان بە تەواوەتی دەرکەوت و جێگەی خۆی کردەوە. سەردەمی دواتر کە عەباسییەکانن بەو هەستە دەستی پێ کرد کە کاتێك خەلیفەکانی عەباسی گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی دونیای پێشووتر نەماوە و ئێستا سەردەمی دەرکەوتنی هەندێک زانست و پرسیارە

کە وەڵامی دەوێت، لێرەوە برەویان بە هەندێك لایەنی زانستی دا، کە زیاتر خۆی لە توانای تێکەڵکردن و گونجاندنی بنەماکانی ئایینی ئیسلام دەبینیەوە لەگەڵ هەندێک زانستی نوێ. ئەوەی گرنگ بێت لەم سەردەمەدا سەر هەڵدانی چەند گرووپێك بوو کە گرنگیان بە زانستی قورئان و فەرموودە دەدا و دەستیان برد بۆ لێکدانەوەی نوێ و بەشداری عەقڵ و ژیری و گونجاندنی لەگەڵ واقیعی ئەو کات، کە وەك هەندێك قوتابخانە دەرکەوتن و زانست و پەروەردەیان دەست پێ کرد. ئەوەی جێگای بایەخە ئەوەیە مزگەوت تاکە شوێن بوو هەتا کۆتایی سەردەمی عەباسییەکان وەك شوێنی پەروەردە و فێرکردن و وەرگرتنی زانست، تەنانەت گفتوگۆ و قسەکردنیش لەسەر بابەتە جیاوازەکان هەر لێرەدا ئەنجام دەدرا و هیچ شوێنێکی تر بۆ خوێندن نەبوو. تەنیا ئەوەی دەبینرێت لە کۆتایی سەردەمی عەباسییەکاندا لە سەردەمی خەلیفە مەئمون یانەیەکی بەناوی یانەی حیکمە دامەزراند، کە زیاتر کاریان وەرگێڕانی پەرتووك و ئەو بابەتە زانستیانە بووە لە زمانەکانی غەیری عەرەبی بۆ زمانی عەرەبی و سوود لێوەرگرتنی.

نووسەر پاش ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەست دەکات بە دیاریکردنی کاتی سەرهەڵدانی حوجرە کە سەرهەڵدانی حوجرە دەبەستێتەوە بە دروستکردنی مزگەوت، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاستە دروستکردنی یەکەم مزگەوت لە کوردستان ناتوانرێت بزانرێت چ کاتیك بوە، بەڵام سەرچاوەکان وا دەگەیەنن کە (خدری نەسری کوری عوقەیل ٤٧٨ ك _ ١٠٨٥ ز) لە بەغدا خوێندنی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە کوردستان لە شاری هەولێر ئەمیر ئەبا مەنسور سەوفەتەکین مزگەوتێکی بۆ بوونیاد دەنێت، تێیدا دەست دەکات بە فێرکردنی فێرخوازان. هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە سوڵتان موزەفەر یەکەم کەس بووە مزگەوتی لە شاری هەولێر دروست کردووە، کەواتە سەرەتای دروستبوونی مزگەوت و دامەزراندنی حوجرەی فەقێ لە کوردستان دەگەڕێتەوە سەدەی شەشەمی کۆچی بەرامبەر پانزەی زایینی.

نووسەر لێرەدا هەر لە سەرەتاوە ئەوەی یەکلا کردووەتەوە کە حوجرە و فەقێ و خوێندنی ناو حوجرە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا سەردەمی ئێستاش چۆن بووە هەروەك خۆی ماوە کە دەڵێت (حەز دەکەم لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە پەروەردەی ئیسلامی لە مزگەوتەکاندا چۆن لە سەرەتادا سەرىهەڵدا بە هەمان جۆر و متیۆد و مەبەستەوە، بێ گۆڕان و دەستکاری ماوە و نەگۆڕاوە، چونکە خۆی لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژگار دوورخستووەتەوە و نەیویستووە لە کەوڵەکۆنەکەی خۆی بێتە دەرەوە، بۆیە ئەوەی لەگەڵ ئەو پەروەردەیەدا گەورە دەبێت دەستە پاچە دەردەچێت و لە داوێنی کۆمەڵ و دەرەوەی ژیانی هاوچەرخدا دەژی).

بەڵام بە تێڕوانین و وردبوونەوە لەو چەند دێـڕەی نـووسـەر بـۆمـان دەردەکـەوێـت کە بەتەواوەتی بێ ئاگایە لە پەروەردەی حوجرەی سەردەمی ئەمڕۆمان و شێوازی خـوێـنـدن و بـابـەتی خـوێـنـدراو، کـە لە ڕاسـتـیـدا دەرچـوانـی حـوجـرەی ئـەمڕۆ نەوەك لە داوێنی کۆمەڵگا نین، بەڵکو بە ڕۆڵ و کاریگەر، یان لە کۆی کەناڵەکانی ناو کۆمەڵگادا ئامادەن و کەسانی زانا و خـاوەن بـڕوانـامـەی بـاڵاشـیـان تێدا هەڵکەوتووە.

**نووسەر هەرچەندە بە قووڵی چووەتە ناو مێژووی خوێندن و نووسین لە ڕابردوودا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نووسەر نەیتوانیوە هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ئەم شارستانیەتانە و ڕێبازو فەلسەفەی خوێندن لە کوردستان بدۆزێتەوە**

نـووسـەر بۆ سـەلماندنی ئـەم تێڕوانینـەی هـاتووە بە وردی باسی شێوازی خوێندنی لـە حـوجـرە کـردووە لـە ئـەلـف و بێ هـەتا حـیـنـجـە کـردن، پـاشـان بـۆ خـەتـمـەی قـورئـان ئـەم فێربـوونـەش زۆر کـات لە تەنیشت حـوجـرەکان بـووە لـە شـوێنێك کە نووسەر بە سوختەخانە ناوی بردووە. (هەرچەند ئەم زاراوەیە بە گشتی غەریب و نائاشنایە و نازانم نووسەر ئەم وشەی لە کوێ وەرگرتووە) . لە پاش خەتمکردنی قورئانی پیرۆز فێرخوازان دەستیان دەکرد بە فێربوونی نـووسین لە سـەر هـەر شتێك بـوایـە کـە بـەردەسـت بـووە، وەك پارچـە مقەبایەك، یان لـەوحـەیـەك ........ هتد، لێرەوە ئـەوانـەی مـەبـەسـتـیـان فێربـوونی زیاتـر بـوایـە بـەردەوام دەبـوون، دەبـوونـە فـەقێ و زانـسـتی زیـاتـریـان دەخـوێـنـد، پاشان وردە وردە دەبـوونـە کۆلکـە مـەلا و بـە هـەنـدێـک کاروبـاری سـادەی ئاییـنی پیرۆزی ئیسلام هەڵدەستان، وەك یاسین خوێندن و تەڵقین و نوشتە نووسین و .... هتد، یاخود پاشتر دەبوونە میرزا، واتە لە لای ئاغایەك، یاخود شێخێك دەمانەوە و وەك ڕۆشـنـبیرێـك لـەو کاتـەدا تـەماشا دەکــران، کـە خـوێـنـدن و نـووسـیـنیـان دەزانــی. لێرەدا نـووسـەر گـفـتـوگـۆیـەك پێکدەهێـنێت سـەبـارەت بـە ئـەو وردە کتێبـانـەی کـە منـداڵ پێش قـۆنـاغی فـەقێ بـوون دەیانخوێند وەك ئیسماعیلنامە، بـاغـەبـان، سـەنـگتراش، ئـەحـمـەدی کە دانـراوی شێخ مارفی نۆدێ-یە، نەوبەهار کـە دانـراوی ئـەحـمـەدی خـانی-یـە، ڕۆڵـە بزانی کە دانـراوی مـەلا خـدری ڕواری-یـە ... هتد، هەموو ئەمانە دەبوونە سەرچاوە و هـۆکاری دامـەزرانـدن و ڕۆشـنـفـکری و بناغەی ڕەوشتی باشیان بۆ فـەقێ دادەنا، پاشـان لە دوای تەواوبـوونی زانستی فەقێ و بـوون بـە مـەلا (وەك نـووسـەر دەڵێت) ئـەمـانـە جـارێـکی تـر دەبـوونـە هـۆکاری ڕونـاکـکـردنـەوەی ئـاسـۆی فـیکـری ئـەم مەلایانە و شـاعیر و ئەدیبە ناودارەکانی لێوە پەیدا دەبوو.

نـووسـەر بـەشـێکی گـەورەی دەروازەی

دووەمی پەرتووکەکەی تەرخان کردووە بۆ وەڵامی پرسیارێك کە چەندە پرسیارێکی تری بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئایا حوجرە لە کوێوە هاتوە؟ پایەکانی حوجرە چین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە نووسەر درێژە بە باسەکە دەدات و دەنووسێت، حوجرە تاکە دەزگای خوێندن و ڕوناکبیری بووە لە کوردستاندا، مەلا و زانا و پیاوی ئایینی و خوێندەواری پێگەیاندوە، کە بناغەی حوجرەش ئەو کتێبانەیە کە بوونەتە سەرچاوەی زانستی ناو حوجرە و فەقێکان لەوێوە دەروازی فێربوونیان دەست پێ کردووە، هەر بۆیە دەتوانین بناغەی سەرەکی و پایەی بنەڕەتی دامەزراندنی حوجرە بە سێ پایەی سەرەکییەوە ببەستینەوە کە ئەمانە:

١- پێڕەو ٢- مامۆستا ٣- فەقێ

**پایەی یەکەم: پێڕەو:** مەبەست لە پێڕەو گشت ئەو بابەتانە بووە کە وەك مەنهەج لە حوجرەدا خوێنراون، بە گشتی لە حوجرەدا پێنج جۆر زانست دەخوێنرێت کە ڕاستیدا هەندێکیان بە مەبەستی بە هێزکردنی هزری فەقێ بووە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتی سەرەکی کە قورئان و فەرموودەیە، ئەم زانستانەش ئەمانەن:

١- زانستی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و سەرف- (علم النمو والصرف).

٢- ڕەوانبێژی بە هەر سێ بەشەکەیەوە ( البیان – البدیع – المعانی).

٣- لۆژیك و ئادابی دیدەوانی - المنطق و أداب المناضرة.

٤- زانستی کەلام و لاهوت و حیکمەت.

٥- التفسیر – الفقه – أصول الفقه – الحدیث.

لە هەندێک لە حوجرەکانی کوردستاندا لەگەڵ ئەم زانستانە بەشێوەیەکی کەم و کورت زانستی بیرکاری و ئەندازیاری و ئەستێرەناسیش خوێندراون، کە نەبوونەتە بەشێك لە پێڕەو وەك مەنهەجی حوجرە جێگای خۆیان نەکردووەتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نووسەر لیستی ئەو کتێبانەی نوسیوە کە بۆ ئەو پێنج بوارەی پێشووتر باسمان کرد، دەخوێندران لە حوجرەکانی کوردستان و زۆربەیان لەسەر ڕێبازی ئیمامی شافیعین.

گرنگترین ئەو سەرچاوانە ئەمانە بوون:

١- فتح القریب – فقهی ئیمام شافعی-یە.

٢- فتح المعین

٣- إعانه الطالبین

٤- مغنی المعتاج

٥- منهاج الطالبین

٦- تحفه المحتاج

٧- النهایة

لەگەڵ ئەمانەشدا لە حوجرەدا گرنگی زۆر دەدرا بە تەفسیری قورئانی پیرۆز، هەتا فەقێ بتوانێت لەمانای ڕاستەقینەی ئایین تێبگات، نەوەك لە کاتێکدا بکەوێتە هەڵەوە لە ماناکردنی ئایەتێك، هەر وەك چۆن لە بواری فەرموودەشدا لە حوجرە گرنگی تەواو دەدرا بە کتێبەکانی:

١- جامع الصحیح ئیمامی بوخاری

٢- صحیح المسلم

٣- مسند امام أحمد

٤- جامع الترمذی

٥- سنن النسائی
٦- سنن ابن ماجه

نووسەر لەم خاڵی پێڕەوەدا باسێکی لەسەر بابەتە خوێندراوەکانی مەنهەجی فەقێ کردووە بە ناوی حاشیە، یاخود قەید و تەزبیب کە گرنگی تەواوی هەبووە لە خوێندنی ڕۆژانەی فەقێ و هۆکاری سەرەکی تێگەیشتن بووە لە خودی بابەتەکە، کە حاشیە و قەید و تەزبیب بریتی بوون لەو نووسینانەی کە بە وردی و بە شێوەی هێڵی کورت و لار لە چوارچێوەی مەتنی سەرەکی دەنوسران وەك شەرحی زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە کە لە سەردەمی ئێستادا پەراوێز لە کۆتایی هەر لاپەڕەیەك شوێنی ئەمانەی گرتووەتەوە.

**پایەی دووەم: مامۆستا:**

نووسەر لێرەدا بە پێناسەی مامۆستا دەستی پێ کردووە وەها ساغ بووەتەوە کە مامۆستا تەنیا فێرکار نییە، بەڵکو پەروەردەکاریشە، واتە ئەرکی سەرەکی مامۆستا ئەوەیە فێرخواز لەگەڵ زانستەکەدا فێری ئاداب و ڕەوشت و چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ واقیعی ژیان و سوودوەرگرتن لەو زانستە بکات، لێرەوە نووسەر هەوڵیداوە بگاتە ئەو خاڵەی کە مامۆستای حوجر لەگەڵ ئەوەی پایەیەکی زۆر سەرەکییە لە دانانی حوجرە و پێگەیاندنی فەقێ، بەڵام مامۆستایانی حوجرە تەنیا کاریان گەیاندنی زانستی ناو کتێبەکان بووە و بە هیچ شێوەیەك کەم، یان زۆر لایان نەداوە و بە ڕێگەی تەقلیدی وشکە فەقێ فێری ئەو زانستە کراوە، وەك نووسەر دەڵێت (فێربوون لە حوجرە تەنیا زانیاری ماشینەوەیە، زانیارییەکەش بە هیچ جۆرێك پەیوەندی دوور و نزیکی بە ژیان و دەوروبەری فەقێوە نییە).

### هەتا کۆتایی سەردەمی عەباسییەکان مزگەوت وەك شوێنی پەروەردە و فێرکردن و وەرگرتنی زانست بووە

لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵوەستەیەك بکەین، وەڵامی پرسیارێك وەربگرین، ئایا لە سەردەمانی پێشوو لە کوردستاندا کاتێك قوتابخانەکان نەبوون، کەسانی ڕۆشنبیر، کۆمەڵایەتی، ئایینناس، خوێندەوار، ئەدیب و شاعیرانیش هەر دەرچوی حوجرەی مزگەوتەکان نەبوون؟ ئایا کەسی تر هەبوون؟ هەر تاکێکی کورد کە زانیاری کەمیشی لەسەر حوجرە و فەقێ هەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی لاڕوونە.

مامۆستای حوجرەش پلەبەندی هەبووە هەموو مامۆستاکان یەك ئاست نەبوون، مامۆستای گەورە کە پێی دەوترا (مودەڕیس) ئەو مامۆستایە بووە کە لەلایەك وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی کردووە، لەلایەکی ترەوە وانەی ئەو فەقێیانەی وتووەتەوە کە چەند قۆناغێکیان بڕیوە و گەیشتوونەتە پلەی کۆتایی، جۆری دووەمی مامۆستا ئەو مەلایانە بوون کە لە قۆناغانی دووەم و سێهەمی فەقێیەتیدا دەرسیان وتوەتەوە،

لەگەڵ ئەمەشدا جۆرێکی تری مامۆستا هەبووە کە پێی وتراوە موستەعید، خۆی هێشتا فەقێ بووە، بەڵام هەندێک پلەی بڕیوە و زیرەك بووە و مامۆستاکان ڕێگەیان پێداوە وانە بە قۆناغی یەکەمی فەقێکان بڵێتەوە، بە گشتی لێرەدا نووسەر ئەوەی خستووەتەڕوو کە مامۆستا لایەنی یەکەم و کۆتایی پێدانی زانست بووە، هەرچی لای ئەم دەرچوویێت فەقێ وەریگرتووە، لە حوجرەشدا هیچ پەلە لە خوێندن نەکراوە و ماددەی دیاریکراویان بۆ کاتەکان نەبووە، بەڵکو بەپێی توانا و پێویستی ڕۆژانە وانە خوێندراوە.

**پایەی سێهەم: فەقێ:**

فێرخواز، یاخود ئەو منداڵانەی دەچوونە مزگەوت بۆ خوێندن بە شێوەیکی بەردەوام دەمانەوە و درێژەیان بە خوێندن دەدا پێیان دەوترا فەقێ، هەرچەندە بۆ وەرگرتنی فەقێ تەمەنێك دیاری نەکراوە، بەڵام بە گشتی منداڵانی دێهاتەکانی کوردستان لە تەمەنی هەشت ساڵی هەتا هەژدە ساڵیش دەچوونە مزگەوت و دەبوونە فەقێ، خوێندن لە مزگەوتەکانی کوردستان بەکرێ نەبووە، هیچ کات مامۆستا هیچ بڕە پارەیەکی بەرامبەر وانە وتنەوە بە فەقێ وەرنەگرتووە، بەڵام ماڵی ئەو منداڵەی کە دەبووە فەقێ لە گەلێك بواردا یارمەتی و هاوکاری مامۆستایان داوە، بە نموونە ئەگەر کەسوکاری فەقێ دانیشتووی گوند بووبن ئەوا یارمەتی ماڵی مەلایان دەدا بە زەکات و سەرفیترە و خەیرات، هەروەها ئەگەر هەر پێویستییەکی بە هاوکاری ببوایە وەك چاککردنی خانوو، یاخود ڕنین و دروێنەی باخێك، یان پارچە زەوییەك کە کشتوکاڵی تێدا کردبێت، ئەوا خەڵکی گوند بە تایبەت کەسوکاری فەقێ ئامادەبوون بۆهاوکاری و یارمەتیدان.

لە هەندێک گوندەکانی کوردستان بە هەر هۆکارێك بێت نەتوانراوە لە مزگەوتی گوند فەقێ هەتا کۆتایی وەرگرتنی زانست بمێنێتەوە، لەبەرئەوە یاخود تەنیا خەتمەی قورئانی پیرۆزیان کردووە و فێری ئەلف وبێ بوون، کە ئەوە دەستکەوتێکی گەورە بووە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان، چونکە دواتر بۆ یاسینی نەخۆش و ترسی منداڵ و تەڵقینی مردوو و....هتد، سوودی تەواویان لێ وەرگیراوە، هەروەها وانەیان بە منداڵانی گوندیش وتوەتەوە و فێری قورئانیان کردوون. بەڵام هەندێکی تریان بەردەوامیان بە خوێندن داوە و دەستیان کردووە بە گەڕان بە دوای مامۆستای زیرەك و خاوەن زانست هەتا بتوانن لە کۆتاییدا پلەی مەلایەتی وەربگرن (ئیجازەی علمی)، بۆ ئەمەش چەند گوند و ناوچەی تر گەڕاون و ساڵانێك ماونەتەوە، تەنانەت هەندێکیان چوونەتە دەرەوەی کوردستان بۆ وەرگرتنی زانست، وەك ئێران وتورکیا.

لە حوجرەکانیشدا دوو جۆر فێرخواز هەبوون، یەکەمیان پێی دەوترا سوختە، کە بریتی بوون لەو منداڵانەی تازە دەهاتنە حوجرە و دەستیان دەکرد بە خوێندنی ئەلف و بێ و جوزئی عەمە، جۆری دووەمیان پێی دەوترا موستەعید

و ئەو فەقێیانە بوون کە پلەیەکی باشیان لە خوێندنی حوجرە بڕیوە، دواتر ئەمانە دەبوونە مامۆستای منداڵی سوختە و وانەیان پێدەوتن، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مامۆستای گەورە. خوێندن لە حوجردا ئازادانە بووە، واتا هیچ یاسایەکی دانراوی دیاریکراو نەبووە بۆ خوێندن، وەك ماوەی تەواوکردنی کتێبێك، یاخود کاتی ڕۆژانەی خوێندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بە هۆکاری پیرۆزی بابەتەکانی خوێندراو و ڕێزی مامۆستای حوجرە هەموو کات شێوازێك لە پەیوەستبوون بە ئاداب و خوێندن و هەڵسوکەوت هەبووە، کە وەك یاسایەکی لێهاتووە و هەموان پێوەی پەیوەست بوون. دەرگای حوجرەکانی کوردستانیش کراوە بوون و ئەو کەسانەی هاتوون بۆ خوێندن سەیری پلەی کۆمەڵایەتی، یاخود هەژاری و دەوڵەمەندیان نەکراوە، ئەوەی گرنگ بوویێت تەنیا ئەدەب و زیرەکی بووە.

یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی تری حوجرە بریتی بووە لە جێگرتن، لەبەر ئەوەی حوجرە زۆر گەورە نەبووە، نەتوانراوە ڕێژەیەکی زۆری فەقێ وەربگرێت، هەر لەبەر ئەمە جێگە گرتن بۆ فەقێ خاڵێکی گرنگ بووە و بەبێ جێگە ئومێدی مانەوە و خوێندن لە حوجرە زۆر لاواز بووە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە فەقێ بیویستیایە لە حوجرەیەکەوە بۆ حوجریەکی تر بگوازێتەوە، ئەوا هەبوونی جێگە مەرجی سەرەکی بووە بۆ وەرگرتن، مامۆستاش تەنیا سەرچاوە بووە بۆ دیاریکردنی ژمارەی گونجاو بۆ هەر حوجرەیەك.

لە باسێکی تردا نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە حوجرە و سوختەخانەش تەنیا بۆ کوڕان بوون و کچان بە هیچ شێوەیەك شوێنیان تێیدا نەبووە، چونکە بە گشتی ئافرەتان لە مزگەوت دوور بوون و شوێنیان نەبووە، ئەگەر هەندێکجار کچانیش فێری قورئان خوێندن بووبن، یاخود کچی مەلا بوون، یان هاوسەر و خوشکی فەقێ. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە مامۆستا (محەممەد عەلی قەرەداغی) لە کتێبێکدا بەناوی (دیفاعێك لە خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان) دا وەڵامی هەندێک تێڕوانینی نووسەری داوەتەوە، لەوانەش بە بەڵگە و باسێکی پوخت ئەوەی سەلماندووە کە ئافرەتانی زۆر هەبوون لە کوردستان کە حوجرەیان هەبووە و وانەیان وتوەتەوە، منداڵانی کچیان فێری قورئانی پیرۆز کردووە وەك:

١- حوجرەی مەلا فاتیمە لە دەرگەزێن.
٢- حوجرەی مەلا ڕەعنا بەرامبەر مزگەوتی شێخ سەلام.
٣- حوجرەی مەلا خەجێ لە گەڕەکی سەرشەقام.
٤- حوجرەی ناجیە خان لە گەڕەکی سەرشەقام.
٥- حوجرەی مەلا عاسم لە گەڕەکی کانێسکان.

سەبارە بە سەرچاوەی بژێوی فەقێ لە حوجرە، هەرچەندە سەرچاوەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام حوجرەکانی کوردستان لەسەر پێنج جۆر سەرچاوە بژێوی خۆیان دابین کردووە، کە ئەمانەن:

**یەکەم: ڕاتبە:** ڕاتبە بریتییە لە

کۆکردنەوەی خواردن و کەلوپەل بە شێوەیەکی ڕۆژانە، یاخود مانگانە لە لایەن فەقێوە لە سنووری گوند، یاخود مزگەوت کە دوو جۆری هەیە:

١- **ڕاتبەی گشتی:** ڕۆژانە فەقێیەك، یان دوو فەقێ بەشێوەیەکی بەردەوام وەك نەریتێکی باو و چەسپاو لە لایەن مامۆستاوە ڕادەستپێردران هەموو ئێوارانێك ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و لە دەرگایان دەدا و دەیانوت (ڕاتبەی فەقێ ڕەحمەتی خوداتان لێبێت) ئەو ماڵانەی کە ڕاتبەی بەردەوامیان پێ دەدان هەندێک جار بۆیان دەکردن بە خواردن و ماڵەکانی تر بە گوێرەی هەبوون نان، یاخود هەر جۆرە خۆراکێکی تریان دەبەخشیە فەقێکان، وەك ماست و هێلکە و ساوەر و......هتد. بەم شێوەیە بە تێروتەسەلی خواردنی ڕۆژانەی حوجرە دابین دەکرا.

٢- **ڕاتبەی تایبەت:** دوو فەقێ ساڵانە لە کاتی کۆکردنەوەی خەلە و خەرمان ڕوویان دەکردە شوێنی کۆکردنەوەکە و بە ناوی زەکات، یاخود سەدەقە بڕێکی باشیان لە بەروبوومی ئەو ساڵە کۆدەکردەوە، پاشان دەیانفرۆشت و پارەکەیان دەدا بە جلوبەرگ و کتێب و پێویستی بۆ حوجرە. ئەوەی جێگای باسە لێرەدا مامۆستا بە هیچ شێوەیەك لەم داهات و کۆکراوەیە بەشی هەڵنەدەگرت و بۆ خۆی بەکاری نەدەهێنا.

**دووەم: دەقنە:** ساڵانە لە وەرزی پاییزدا خەڵکی گوند هەموو پێداویستی و خۆراکی خۆیان و کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی لە کاتی زستاندا بێ پێویستی بن، هەموو ساڵێك فەقێیەك، یان دوو فەقێ دەگەڕان و بەشی حوجرەیان لەو کۆکراوەیە وەردەگرت و پاشان لە لای یەکێك لە پیاوەکانی گوند دایاندەنا و بە گوێرەی پێویستی ڕۆژانە، یاخود هەفتانە بەشێکیان لێ وەردەگرت و بەکاریان دەهێنا.

**سەرچاوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە سوڵتان موزەفەریەکەم کەس بووە مزگەوتی لە شاری هەولێر دروست کردووە، کەو اتە سەرەتای دروستبوونی مزگەوت و دامەزر اندنی حوجرەی فەقێ لە کوردستان دەگەڕێتەوە سەدەی شەشەمی کۆچی**

**سێیەم: جومعانە:** مەبەست لە جومعانە ئەوەیە کە لە ڕۆژی جومعەدا و لە کاتی وتاری نیوەڕۆ مامۆستا داوای لە خەڵکانی گوند، یاخود گەڕەك دەکرد کە هاوکاریی حوجرە بکەن، بەڵام ئەم جۆرە بانگەواز و داواکارییە لە کاتێکدا دەبوو کە مامۆستا و فەقێکانیش هەستیان دەکرد کە خەڵکانی نزیك مزگەوت و ئەوانەی ڕاتبە دەدەن بە حوجرە کەم دەرامەت بوون و ناتوانن بەشی بژێوی حوجرە دابین بکەن، لەبەر ئەوە مامۆستای حوجرە هەڵدەستا بە ئاگادارکردنەوەی مامۆستای وتاربێژی مزگەوتی گوندێکی تر، کە حوجرەی نییە، یاخود گەڕەکێکی تر کە ئەگەر حوجرە لە شاردا بوبێت و دوو فەقێیان دەنارد کە

هەستن بە کۆکردنەوەی هەر هاوکاری و کۆمەکێك کە پاش بانگەواز بە دەست دەهات، ئەمەش دەبووە سەرچاوەیەکی دارایی باش بۆ حوجرە و سوودێکی باشی لێ وەردەگیرا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم بانگەواز و هاوکارییە تەنیا بۆ حوجرە نەبووە، بەڵکو هەندێک جار ئەگەر یەکێك لە فەقێکان زۆر نەدار و دەستکورت بوایە پاش ئەوەی مامۆستا بڕیاری لەسەر دەدا ئەم کارەیان بۆ ئەنجام دەدا.

**چوارەم: مەلایەتی ڕەمەزان:** ئەو فەقێیانەی کە پلەی موستەعیدیان وەرگرتبوو لە خۆیان ڕادەبینی کاتێك مانگی ڕەمەزان دەهات، دەچوونە ئەو گوندانەی کە مەلایان نەبوو، بۆ مانگی ڕەمەزان پێشنوێژی و بانگدان و وتارخوێنیان دەکرد و دەمانەوە هەتا نوێژی جەژنیشیان دەکرد، بەم شێوەیە خەڵکی گوند هەرچیەك لە زەکات و سەرفیترەیان هەبوو دەیاندا بە مەلا و ئەگەر قسەزان و دەنگ خۆش بوایە بۆ ڕەمەزانی داهاتووش بانگیان دەکردەوە. خەڵکی گوند زۆر ڕێزیان لێدەنا و بە جوانی لەو مانگەدا خزمەتیان دەکرد، مەلای ڕەمەزان کە فەقێی موستەعید بوو بەم داهات و هاوکارییە تەواوی پێداویستی خۆی دابین دەکرد و هەندێکیشی بۆ کاتی پێویست هەڵدەگرت، چونکە ئەم داهاتەی کە بە هۆی مەلایەتی ڕەمەزان دەستدەکەوت تایبەت بو بۆ خودی فەقێ، نەوەك بۆ حوجرە.

**پێنجەم: ئیسقات:** کاتێك کەسێك کۆچی دوایی دەکات و لە نوێژکردن لاواز بووە، یاخود هەر نوێژی نەکردووە، کەسە نزیکەکانی (میراتگرەکان) بانگی مامۆستایەکی ئایینیان دەکرد و بڕێك پارە دیاری دەکرا لە جیاتی هەموو ئەو نوێژانەی کە کۆچکردوو نەیکردوون، ئەو بڕە پارەیش بۆ مامۆستا و هەندێک جاریش بۆ حوجرەی فەقێیان بووە، بەم کردارە دەوترێت ئیسقات. بەم شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئیسقات زۆر کات بووەتە سەرچاوەیەکی باشی داهات و دارایی بۆ مەلا و فەقێکانی، ئەم داهاتەش کەم نەبووە، چونکە لەلایەك مردن بەردەوام هەیە و یەخەی مرۆڤەکان دەگرێت، لەلایەکی تریش بڕی ئەو پارەیەی کە لەجیاتی نوێژ دیاری دەکرا کەم نەبوو، کە دەتوانین بڵێین بۆ سەردەمی پێشووتر بە یەك ئیسقات خەرجی مانگێکی حوجرە دابین دەکرا.

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە لە حوجرەدا لە نێوان فەقێکاندا گیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕێز و هاوکاری هەبووە و هیچ نەبیستراوە و نەبینراوە حوجرەی فەقێ لەسەر خەرجی، یاخود داهات و خۆراك کێشەیان هەبووبێت.

لە باسێکی تردا نووسەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی پەروەردە و مەبەستەکانی پەروەردەکردن بگاتە ئامانجێك، کە ئایا فەلسەفە و مەبەست (ئامانج) لە خوێندنی حوجرەدا هەبووە؟ بە گشتی نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو پەروەردە یەك مەبەست و فەلسەفەی هەیە، ئامانجێك

دیاریکراوە بۆ کۆتا خاڵی پەروەردەکردن، چەند نموونەی بۆ گەیشتن بە ئەم مەبەستە باس کردووە، لە چین مەبەستی پەروەردە ئامادەکردنی کەسانێکە بۆ ڕابەرایەتیکردن، ئەمەش لەگەڵ بنەما ڕەوشتییەکانی ئایینی کۆنفۆشیۆسدا یەکدەگرێتەوە، هەروەها لە یۆنان و زۆربە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا مەبەستی پەروەردەکردن ئامادەکردنی تاکە بۆ خودی خۆی بۆ ئەوەی بگاتە پایەیەکی تەواو و هاوسەنگی و یەکانگیری لە نێوان هێزی لاشە و هۆشدا.

**بە تێڕوانین ووردبوونەوە لەو چەند دێڕەی نووسەر بۆمان دەردەکەوێت کە بەتەواوەتی بێ ئاگایە لە پەروەردەی حوجرەی سەردەمی ئەمڕۆمان و شێوازی خوێندن و بابەتی خوێندراو**

بەم شێوەیە نووسەر پرسیار لەسەر مەبەست و فەلسەفەی خوێندن دەکات لە حوجرە، کە پرسیاری کردووە، ئایا ئەو مەبەستە سەرەکییە چییە کە حوجرەی فەقێ لە پێناویدا دروست بووە؟ هەروەك نووسەر ئاماژەی پێکردووە مەبەستی سەرەکی لە سەردەمانی پێشوودا لە سەرەتاکانی دامەزراندنی حوجرەدا فێربوونی قورئانی پیرۆز بووە لە لایەك وەك ئەوەی سەرچاوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و لە لایەکی تر وەك ڕێگایەك بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بووە، بە درێژایی

دروستبوونی حوجرە هەتا سەردەمی ئێستا ئەم مەبەستە نەگۆڕاوە هەر فێربوونی قورئانەکەیە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵوەستەیەك بکەین کە قورئان کۆتا بەرنامە و ئایینە خودا بۆ مرۆڤایەتی ناردویەتی و هەرچی شەریعەت و یاسایەکیش لە ئیسلامدا هاتبێت هەتا کۆتا ڕۆژی دونیایە، بە بڕوای زۆرینەی زۆری زانایانی شارەزا لە ئایین و قورئان ئەو بڕوایەیان هەیە کە قورئان بۆ هەموو سەردەمەکانە و وەڵامی هەموو پرسیارێکیشی تێدایە، جا ئەگەر وایە دەبێت هەر قورئان مەبەست و ئامانجی سەرەکی بێت لە خوێندنی حوجرە.
لە شیکردنەوەی باسی سودێکی دیکەی حوجرە، نووسەر دەڵێت قوتابی حوجرە ئەگەر تا دوا ماوەی خوێندنەکەی بەردەوام بێت دەبێ بە مەلایەکی پایەداری ناو کۆمەڵگە کە ئەمە مەبەستێکی هاوژینانەی تاکە کەسییە، بەڵام لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە بنەما و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کوردەوارییەوە نییە.
بەڵام دووبارە لێرەدا نووسەر زۆر بە ڕوونی لە واقیع دەرچووە بێ ئاگا لەوەی کە هەر مەلا و دەرچوانی حوجرە و مەدرەسەی مزگەوت بوون زۆرترین ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر بوارەکانی کۆمەڵایەتی، وەك پێکهێنان و ئاشتەوایی و ئامۆژگاری هەبووە، هەروەها لە بواری سیاسی وەك سەرکردایەتی شۆڕش دەرکەوتوون و لە بواری ئەدەب و هونەر وەك شاعیر و ڕۆشنبیر ڕۆڵیان گێڕاوە و لە مێژوودا

دەرکەوتوون.

لەدوای باسکردنی فەلسەفەی پەروەردە نووسەر شیکردنەوەی بۆ ڕێگەکانی وانە وتنەوە لە حوجرەکانی کوردستان کردووە، لەبەر ئەوەی کە هەموو زانستێك تایبەتمەندی خۆی هەیە وەك زانست، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێگای تایبەت بۆ گەیاندنی ئەو زانستە، دواتر شێواز و ڕێگای سروشتی خۆی دیاری دەکات و لە زۆر کاتدا پێی دەناسرێتەوە. وانەوتنەوە لە حوجرەکانی کوردستان هەروەك نووسەر جەختی لەسەر دەکات لە یەك شێواز تێنەپەڕیوە هەر لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئێستا وەك خۆی ماوەتەوە، ئەویش شێوازی بیستن و وتنەوە بووە، واتە فەقێ ئەوەی ڕۆژانە لە مامۆستاکەی گوێی لێ دەبێت بە تەواوەتی وەك خۆی وەریدەگرێت و لەبەری دەکات پاشان ڕۆژی دواتر دێتەوە لای مامۆستا و ئەوەی لە بەری کردووە بۆی دەڵێتەوە، ئیتر ئەمە جیاوازی نییە کە فەقێ زیرەك بووە، یاخود نا، گەورەیە، یان بچووك، گرنگ ئەوەیە زانستەکە لە سنگدا بێت، نەوەك تەنیا لەنێو کتێب. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم ڕێگایە کە لە سەرەتاوە هەبووە و هەر ماوە و هەتا ئێستاش پەیڕەو دەکرێت، هیچ گۆڕانکاری و ڕێگای نوێ نەهاتووەتە ناو وانەوتنەوە لە حوجرە و شێوازی تەقلیدی زاڵە.

بەڵام ئەمجارەش نووسەر لەمەدا بە هەڵەدا چووە، چونکە حوجرەکانی ئێستای مزگەوتەکانی کوردستان ڕێگای زۆر نوێ و شێوازی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ وانەوتنەوە و تەکنەلۆژیا بەکاردێت لە وانەکان و زۆر گرنگی بە مانا و تێگەیشتن دەدرێت، واتە زۆر زیاتر لەوەی تەنیا لەبەرکردن بێت، بەڵکو مانا و مەبەست و ئامانجە.

هەرچی سەبارەت بە ڕاڤەکردنی دەقەکانی ناو کتێبەکانی خوێندراوە لە حوجرە هەمووی بە زمانی کوردی ڕاڤە کراوە، هەرچەندە زمانی کوردی لە سەردەمانی پێشووتردا زۆر وشەی زمانی عەرەبی تێدا بووە، بە تایبەت لە حوجرەکان و لەلای فەقێ کە زیاتر لە خەڵك و هاووڵاتی ئاسایی لە ژێر ئەم کاریگەرییە بوون، بەڵام هەموو ڕاڤەکان و لێکدانەوەکانی زیاتر بۆ تێگەیشتن بە زمانی کوردی کراون، زمانی عەرەبی تەنیا بۆ فێربوون و تێگەیشتن بووە لە دەقە بنەڕەتییەکە. نووسەر لێرەدا ئەم ڕاڤەکردنە وەك ناچاری سەیر دەکات و دەڵێت، کە بە هیچ شێوەیەك ئەمە خزمەتی زمانی کوردی نەکردووە، بەڵکو هەندێك دەق و شیعر و ئەدەبیاتیان بە زمانی تورکی، یاخۆ فارسی نووسیوە.

**نووسەر هەوڵیداوە بگاتە ئەو خاڵەی کە مامۆستای حوجر لەگەڵ ئەوەی پایەیەکی زۆر سەرەکییە لە دانانی حوجرە و پێگەیاندنی فەقێ، بەڵام مامۆستایانی حوجرە تەنیا کاریان گەیاندنی زانستی ناو کتێبەکان بووە**

بەهەمان شێوە لەم بابەتەدا نووسەر جارێکی تر خوێندنەوەی هەڵەی بۆ

واقـیعی حـوجـرە کـردووە لـە سـاڵانی ڕابـردوو لـە کوردسـتـان، ئەگەر سەیری واقیعی ڕابردوو بکرێت زمانی کوردی لەو کاتەدا زۆر بێ ناز بووە زمانەکانی تر زۆر زاڵبوون و ڕاڤەکردنی دەقەکان بە زمانی کـوردی خـزمـەتێکی بـاشی ئـەم زمـانـەی کردووە، چونکە لایەنی کەم دەیانتوانی بە زمانەکانی عەرەبی، یاخود تورکی و فارسی ئەمە بکەن، لەبەر ئەمە هەڵەیە بڵێین حوجرە هیچ خزمەتێکی بە زمانی کوردی نەکردووە.

یەکێکی تر لە شێوازەکانی خوێندن لە حـوجـرە بـریتی بـووە لـە دەورکـردنـەوە، واتـا خـوێـنـدنی هـەر بابەتێك کە ڕۆژانـە دەخـوێـنـدرا بـۆ ئـەوەی لـەبـەر بکرێت و بیر نەچێتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە دەورکــردنــەوە لـە حـوجـرە هـەنـدێک تایبەنمەندی خۆی هەیە، کە بریتین:

١- فـەقێ ڕۆژانـە جگە لـەو بابەتە تازانەی ڕۆژی پێـشتر خـوێـنـدویـەتی، هـەوڵـیـداوە هـەنـدێـک، یـاخـود زۆربـەی بـابـەتـەکانی پێشووتریش دەور بکاتـەوە بـۆ ئـەمـەش پێویستی بە کاتی زیاتر بووە.

٢- زۆربـەی کات فـەقێ بە هاتوچۆ لەناو مزگەوت، یاخود هەیوانی مزگەوت ئەم کارەی ئەنجام دەدا، بەم هۆیەوە ڕۆژانە هاتوچۆکردنی فـەقێ لەناو مزگەوت زۆر بووە و بە ئاشکرایی نوێژخوێنان ئەمەیان بینیوە.

٣- هـەنـدێـک لـەو بـابـەتـانـەی کـە ڕۆژانـە دەورکـراونـەتـەوە پێویستیان بە دەنگێکی خـۆش و ئـاوازێکی (لـەحـنێکی) تـایـبـەت بـووە بۆ ئـەوەی زووتـر لـەبـەر بکرێن و بیر نەچنەوە، هەربۆیە فەقێ لە حوجرە زۆر کات بـە دەنگی خـۆش و ئـاوازی جـیاواز سـەرنجی نـوێـژخـوێـنـانـیـان ڕاکێـشـاوە و هۆکاریش بووە بۆ بەهێزبوونی چەسپاندنی بابەتەکە لە فیکریاندا.

ئەوەی کەماوە کۆتا باسی ژیانی حوجرە و فـەقـێیـە، کاتێك دوای چـەنـد سـاڵ لە خـوێـنـدن و ڕەنـج کێـشـان و مـانـەوە لە حـوجـرەی مزگـەوت و گـەڕان لـەم شـوێن بۆ ئەو شـوێن، ئینجا قۆناغی کۆتایی دێتە پێشـەوە کە بریتییە لە وەرگرتنی ئیجازەی دوانـزە علیم، کاتێك فـەقێ دوانـزە علیم تـەواو دەکـات بـۆ ئـەوەی ئاشکرا بێت و هـەمـوان بـزانـن ئـیجازەی پێ درا، کە مەرج نەبووە لای هەمان مامۆستا بێت کە زۆربـەی وانەکانی پێوتوە، بەڵکو زۆر جـار بـۆ ئـەم مـەبـەسـتـە مامۆستا داوای لـە فـەقـێکان دەکـرد کـە کـات و شـوێن دیاری بکەن بۆ ئاهەنگی پێدانی ئیجازە، بۆ ئەم ئاهەنگەش چەند ئامادەکارییەك پێویست بوو:

١- دیاریکردنی مزگەوتێك گـەورە بێت، یـاخـود وا بـاشتر بـووە مـزگـەوتـی ئـەو مـامـۆسـتـایـە بـووبێـت کـە ئـیـجـازەکـەی بەخشیوە.

٢- بانگهێشتی خەڵکانێك کـە نزیکن لە مزگەوت و حـوجـرە بۆ ئامادەبوون لـەم ئاهەنگە.

٣- ئامادەکردنی مێزەری سپی و جبەیەك کە لەم ئاهەنگەدا دەکرایە بەر فەقێ.

٤- خوێندنەوەی وتار و مەولایە سەلیم بە دەنگی خۆش و دەف لێدان.

٥- هـەنـدێـک کـات نـانـخـواردن، یـاخـود

شیرینی تێدا دەبەخشرایەوە.
٦- لە کۆتایی ئەم ئاهەنگەشدا زۆر کات فەقێ کە ئیجازی وەرگرتووە بووەتە مەلا و مزگەوتی بۆ دیاری دەکرا.
بەم شێوەیە خوێندنی فەقێ لە حوجرە کۆتایی دەهات و سەرەتای قۆناغی نوێ دەستی پێ دەکرد وەك مەلا لە مزگەوت.
لە کۆتایی ئەم باسە گرنگە بە کورتی ئاماژە بەوە بکەین کە حوجرە لە سەردەمانێك لە کوردستان گرنگترین شوێنی زانست و زانیاری بووە و هۆکاری پێگەیاندنی کەسانێك بووە کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەم دەرەنجامانە:
١- پاراستنی ئایینی کۆمەڵگەی کوردەواری کە ئایینی ئیسلامە و تێکەڵکردنی بە ژیانی رۆژانەی هاوولاتیان کە دواتر بووەتە بەشێك لە دابوونەریت.
٢- دروستبوون و دەرکەوتن و مانەوەی کەسانێك کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر چارەسەری کێشەکان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەبووە.
٣- هەندێک کات بە شێوەیەك لە شێوەکان رۆڵی چارەسەری نەخۆشیان بینیوە بە خوێندنی ئایەت و نووسینی نوشتە.
٤- کەسانێکی هەڵکەوتوو وەك سەرکردە و پێشەوا لە حوجرەوە دەرکەوتون و رۆڵیان لەسەر سیاسەت و خزمەتی دۆزی میللەت و نیشتمان هەبووە.
٥- دەرکەوتنی کەسانی ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند و رۆشنبیر کە کاریگەریان لەسەر نووسینەوەی بەشێکی مێژووی میللەتەکەمان هەبووە.

# زاراوەناسی

ئاپیناسی

# حوجره و خۆیندنی ئیسلامی

## ئامادەکردنی: ئایینناسی

**حوجره:** وشەیەکی عەرەبییە، لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە زیاتر لە یەک مانای هەیە، لە کاتی بەکارهێناندا لە ڕستەدا ماناکەی دەگۆڕێت، بە مانای ژیری (العقل) هاتووە، هەروەک چۆن مانای قەدەغەکراو دەدات (الحرام)، هەروەها بە مانای پاراستن دێت (الحماية)، بەڵام مانای بنەڕەتی ئەم زاراوەیە بریتییە لە ژوور (الغرفة) کە شوێنی ژیان کردنە.
ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا هەر لە سەردەمانی پێشووەوە کە بە مێژووی کوردستاندا بگەڕێینەوە دەبینین وشەی حوجره دیارە و ئاشنایە لە هەموو قۆناغەکاندا هەبووە و سەرچاوەیەکی گرنگی زانست و ئەدەبیات بووە.
بە هەمان شێوەی حوجره لە کوردستاندا خانەقا یاخود تەکیەش هەیە کە نزیکە لە حوجرەوە بەڵام خانەقا زیاتر بۆ یادی خودایە و شوێنکەوتووانی تەریقەت زۆرتر ڕووی تێدەکەن هەرچەندە هەندێک زانستیشی تێدا دەخوێنرێت. کەواتە حوجره بەو شوێنە دەوترێت کە زانستخوازی ئایینی ئیسلام (فەقێ)ی تێدا دەمێنێتەوە و لە ماوەی وەرگرتنی ئەم زانستە شوێنی ژیان و خوێندنی ئەم فەقێیە دەبێت، لە زۆربەی شوێنەکاندا حوجره بەشێکە لە مزگەوت و لێی جیا ناکرێتەوە.
سەبارەت بە زاراوەی خوێندنی ئیسلامی لە دوو وشەی سەرەکی پێکدێت، خوێندن بریتییە لە وەرگرتنی زانست بە گشتی سەبارەت بە هەر بابەتێک کە بنەما و ڕێسای تایبەتی هەیە، زاراوەی دووەم ئیسلامی ئاماژەیە بە دەستخستنی زانستە ئیسلامییەکان کە تەنها قورئان و فەرموودە ناگرێتەوە بە تەنها بەڵکو خوێندنی زانستەکانی (النحو والصرف) زمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی و چۆنیەتی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مەنتیق.........هتد کە هەموو ئەمانە بەیەکەوە مانای تەواوی زاراوەی خوێندنی ئیسلامی ڕوون دەکەنەوە.
هەموو کات هەر دوو زاراوەی حوجره و خوێندنی ئیسلامی ئاوێتەی یەکترن و حوجره ئەو شوێنەیە کە زانستە ئیسلامییەکانی تێدا دەخوێنرێت و ئەندامانی ناو حوجرەش بە فەقێ ناوزەد دەکرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە بە تێڕوانین لە مێژووی کورد دەبینین کە حوجره شوێن و پێگەی تایبەتی هەبووە لە پێگەیاندنی کەسانی سەرکردە و ڕۆشنبیر و ئەدیب وەک بەشێکی دیاری مێژووی کولتووری کوردی دەردەکەوێت.

# سیایەت و ڕێنمای نوسین

ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

### ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئایینناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-نـاوی خێزانیی نـووسـەر، نـووسـەر(ڕۆژ و مـانـگ و سـاڵی دەرچــوون)، "ناونیـشـانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks-٥١٦٥٧٠٨٤", https://www.bbc.com/news/world-europe, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئـەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقیقة اللاجئین أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محـور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قـابـل دسـترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (رۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی

ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















































Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
































گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی ئایینناسی

ژمارە ( ٨ ) ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤